حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زمان
بەشی زمانی کوردی

# وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوە لە ئاخاوتن و نووسیندا

نامەیەکە

**سۆزان سەعدوڵڵا عەبدولغەنی**

**پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێوستییەکانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا**

سەرپەرشت

**پ. د. بەکرعومەرعەلی**

(٢٧١٩)ی کوردی
(٢٠١٩)ی زایینی

# پێشەکەشە، بە:

- زمـــــانەوان و مامۆســــــتای گەورەم، خـــــوا لێخۆشـــــبوو (پ. د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ).
- ئەو کەســــەی، کە فێریکــــردم کــۆڵ نەدەم، تـــا ســــەردەکەوم، بەڵام تەمەن ڕێگەی نەدا...، ڕۆحی پاکی دایکم.
- شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان.
- هاوســـەر و جگەرگۆشـــەکانم، کە بە شـــەوقەوە چـــاوەڕێی ئەم ڕۆژە بوون .
- باوکی خۆشەویستم، خوشک و برا دڵسۆزەکانم.

سۆزان

# سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ:

- مامۆستای سەپەرشتم، بەڕێز (پ.د. بەکر عومەر عەلی)، کە بە ئەو پەڕی دڵسۆزیی، ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم توێژینەوەیەی گرتە ئەستۆ.
- بەڕێز(پ . د. محەمەد مەحوی)، کە بە ڕاوێژ قەرزاری کردم.
- خوشک و هاوڕێی بەڕێزم (د. هێرۆ ئەحمەد حەمە غەریب)، کە بە نامەکەم چووەتەوە و بە تێبینییەکانی هاوکاریکردووم.
- سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی، کە ئەم بووارەی بۆ تەواوکردنی خوێندنی دوکتۆرا بۆ ڕەخساندم.
- ڕۆژنامەنووس (گۆران تۆفیق)، کە هەمیشە ئامادەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانم بوو.

## ناوەرۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١-٥ | پێشەکی |
| ٦-٥٣ | بەشی یەکەم/ پێداویستییە بەرایییەکانی دەربارەی زاراوە |
| ٦-٨ | ١/١) پێناسەو ڕوونکردنەوە |
| ٨-٩ | ١/١-١) پێویستێتی زاراوە |
| ١٠-١٢ | ١/١-٢) جیاوازی نێوان وشە و زاراوە |
| ١٢-١٥ | ١/١-٣) وشە و زاراوە پەیوەست بە پێواژۆکانی واتاوە |
| ١٥-١٧ | ١/١-٤) تایبەتمەندییەکانی زاراوە |
| ١٧ | ١/١-٥) زمانی گشتی و زمانی پسپۆڕی (تایبەت) چەمک و تێڕوانیین |
| ١٨ | ١/١-٥-١) ئابووریکردن لە زمانی پسپۆڕیدا |
| ١٨ | ١/١-٥-٢) تایبەتمەندییەکانی زمانی پسپۆڕی |
| ١٩ | ٢/١) تیۆری زاراوەسازیی |
| ١٩-٢٠ | ٢/١-١) زاراوەسازیی (Terminolojy) |
| ٢٠-٢٣ | ٢/١-١-١) چەند پێناسەیەک بۆ زاراوەسازیی |
| ٢٣ | ٢/١-١-٢) پێوەرەکانی دانانی زاراوە |
| ٢٤ | ٢/١-٢) سەرەتای سەرهەڵدانی زاراوەسازیی |
| ٢٦-٢٩ | ٢/١-٣) قوتابخانەکانی زاراوەسازیی |
| ٢٩-٣٠ | ٢/١-٤) تیۆرییە گشتییەکانی زاراوەسازیی |
| ٣٠ | ٣/١) ڕۆڵی زاراوە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا |
| ٣٠-٣٣ | ٣/١-١) فەرهەنگ |
| ٣٤-٣٦ | ٣/١-٢) جۆرەکانی فەرهەنگ |
| ٣٦-٣٨ | ٣/١-٣) گواستنەوەی وشە و زاراوە لەنێوان فەرهەنگی گشتی و فەرهەنگی تایبەتیدا |
| ٣٩ | ٣/١-٤) بە لێکسێمبوونی زاراوە و وشەی بیانیی |
| ٣٩ | ٣/١-٤-١) ڕوونکردنەوەیەک بۆ- بوون بەلێکسێم |
| ٣٩-٤٤ | ٣/١-٤-٢) وەرگرتنی کەرەستەی بیانیی |
| ٤١-٤٨ | ٣/١-٤-٣) بەلێکسێمبوونی زاراوە و وشەی بیانیی |
| ٤٨-٥٣ | ٣/١-٥) بەشداریکردنی هەبوونی زاراوە لە یەکخستنی زارەکاندا |

| | |
|---|---|
| بەشی دووەم/ بەراییەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا | ١٠٠-٥٤ |
| ١/٢) قۆناغەکان و گەشەکردنی زاراوە | ٥٦-٥٤ |
| ٢/٢) هەڵسەنگاندنی لێکدانەوەی (فرە شێوەزار) ،(هاوواتایی، هاوبێژیی) لە پێواژۆکانی زاراوەسازییدا | ٦٣-٥٦ |
| ٣/٢) ڕێگەکانی دانانی زاراوە | ٦٥-٦٣ |
| ٢/٣-١) وەرگرتنی وشەی بنەڕەتی | ٦٦-٦٥ |
| ٢/٣-٢) فراوانکردنی یان گۆڕینی واتای وشەی بنەڕەتی | ٦٧-٦٦ |
| ٢/٣-٣) زاراوە دروستکردن لە ڕێگەی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانەوە | ٦٩-٦٨ |
| ٢/٣-٣-١) هەڵگواستن | ٧١-٦٩ |
| ٢/٣-٣-٢) لەیەکدان و زاراوەی لێکدراو | ٧٣-٧١ |
| ٢/٣-٣-٣) فرێزی چەسپاو | ٧٧-٧٣ |
| ٢/٣-٤) زاراوە دروستکردن لە ڕێگەی ئەو پرۆسانەی لەگەڵ گۆڕانی زماندا داهێنراون | ٨٠-٧٧ |
| ٢/٣-٥) دانانی زاراوە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە | ٨١-٨٠ |
| ٢/٣-٦) وەرگرتنی زاراوەی بیانیی | ٨٢-٨١ |
| ٢/٣-٧) ڕێگەی پێوانە (زڕەڕێژ) | ٨٣-٨٢ |
| ٤/٢) تێکەڵبوونی پێکهاتەکان | ٨٧-٨٣ |
| ٥/٢) زاراوەسازیی و وەرگێران | ٨٨-٨٧ |
| ٢/٥-١) پەیوەندی نێوان زاراوەسازیی و وەرگێڕان | ٩٠-٨٨ |
| ٢/٥-٢) هۆکارەکانی دروستبوونی کێشە لە وەرگێڕاندا | ٩٠ |
| ٢/٥-٣) کێشە زمانییەکانی وەرگێڕانی زاراوە | ٩٤-٩١ |
| ٢/٥-٤) بنەماکانی وەرگێڕانی زاراوە بۆ سەر زمانی کوردی | ٩٧-٩٥ |
| ٢/٥-٥) وەرگێڕانی زاراوەی بیانیی | ١٠٠-٩٧ |
| بەشی سێیەم/ وەرگرتنی زاراوەی بیانیی لە زمانی کوردیدا | ١٥١-١٠١ |
| ١/٣) وەرگرتنی زاراوە لە زماندا | ١٠٢-١٠١ |
| ٢/٣) ئاوڕدانەوەیەک بۆ مێژووی وشە و زاراوەی بیانیی لە زمانی کوردیدا | ١٠٥-١٠٢ |
| ٣/٢-١) هۆکارەکانی وەرگرتن و هاتنە ناوەوەی زاراوەی بیانیی لە زمانەکەدا | ١٢٠-١٠٥ |
| ٣/٢-٢) کاریگەری هەندێک لە زمانەکان لەسەر زمانی کوردیدا | ١٢٦-١٢٠ |
| ٣/٣) وەرگرتن بەپێی ئاستەکانی زمان | ١٣٧-١٢٦ |
| ٤/٣) مەرجەکانی وەرگرتنی زاراوەی بیانیی | ١٤٠-١٣٧ |

| | |
|---|---|
| ٥/٣) شێوازەکانی وەرگرتنی زاراوە لە زمانی کوردیدا | ١٤١ |
| ٥/٣-١) وەرگرتن بەبێ دەستکاری (هاوردە) | ١٤١ |
| ٥/٣-٢) وەرگرتنی گونجێنراو (کوردێنراو) | ١٤١ |
| ٥/٣-٢-١) خۆماڵیکردنی زاراوەی بیانیی | ١٤٥-١٤٢ |
| ٥/٣-٢-٢) بەکارهێنانی کورتکراوەی زاراوەی بیانیی لە زماندا | ١٤٦-١٤٥ |
| ٥/٣-٢-٣) بەکارهێنانی وشە و زاراوەی بیانیی وەکو سینۆنێمنێک لە زماندا | ١٤٨-١٤٧ |
| ٥/٣-٢-٤) گوزارشت لە وشەی تابوو بە وشەیەکی بیانیی | ١٤٩-١٤٨ |
| ٦/٣) هەندێک زاراوەی بیانیی باو لە زمانی کوردیدا | ١٥١-١٤٩ |
| ئەنجام | ١٥٣-١٥٢ |
| پێشنیاز | ١٥٤ |
| سەرچاوەکان | ١٦٣-١٥٥ |
| کورتەی نامە بە زمانی عەرەبی | ١٦٥-١٦٤ |
| کورتەی نامە بە زمانی ئینگلیزی | ١٦٧-١٦٦ |

# پێشەکی

## ١/٠) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە بۆ " وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوە لە ئاخاوتن و نووسیندا " تەرخانکراوە، لێکۆڵینەوەکە لە بواری زاراوەسازیدایە، لەو زراوانە دەکۆڵێتەوە، کە لە زمانەکانی ترەوە وەرگیراوە و لە ئاخاوتن یاخود نووسیندا بەکارهاتووە.

## ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

گرنگیدان بە زاراوەسازیی زمان، نیشانەی فەرهەنگی بەهێز و دەوڵەمەندیی زمانە، بەو پێیە زاراوە بە بەردی بناغەی بەرهەمهێنان و پێکهێنانی زمانێکی نەتەوایەتی پێشکەوتوو دادەنرێت. هەموو بەرەو پێشچوونێکی ژیانی مرۆڤ پێویستیی بە وشە و زاراوەی نوێ هەیە، لە هەموو زمانێکدا ژمارەی وشەکان لە کاتێکی تایبەت و دیاریکراودا سنووردارە، بەڵام لە بەرانبەردا ژمارەی واتا وچەمکەکان بێ سنوورە، لەبەر ئەوە زمانەکان ناچاردەبن وشە و زاراوەی نوێ بەرهەمبهێنن، یاخود لە زمانەکانی ترەوە وەریانبگرن، هەموو ئەمانە پێویستیی بە توێژینەوەیەکی زانستیی هەیە، کە باسی تیۆری زراوسازی و گرنگی ئەم زانستە بکات، هەروەها چۆنێتی کارکردنی لە ناو زماندا.

## ٣/٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەدا نموونە لە زمانی کوردی وەرگیراوە و بۆ ئەو زاراوانەی، کە لە زمانەکانی ترەوە وەرگیراون سوود لە زاراوەی (عەربی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی) بینراوە.

## ٠/٤) ڕێباز و تیۆری لێکۆڵینەوەکە:

لە لێکـــۆڵێنەوەکەدا ڕێبـــازی (پەســـنکردنی شـــیکاریی) ، بە پێـــی تیـــۆری گشتی و تایبەتی زاراوەسازی پەیڕەوکراوە.

## ٠/٥) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:

نامەکە لە پێشەکیەک، سێ بەش، ئەنجام و پێشنیازەکان پێکهاتووە.

پێشەکی: بریتییە لە ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە، هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە، کەرەستە و ڕێبازی لێکۆڵینەوە، کورتە باس و گرنگی نامەکە.

بەشی یەکەم: بەشی یەکەمی ئەم نامەیە دەربارەی تیۆری و ڕونکردنەوەیە، لە سێ پار پێکهاتووە:

لە پاری یەکەمدا چەند پێناسەیەکی زاراوە خراونەتەڕوو، دواتر باسی هەندێک بابەت کراوە، کە پەیوەندییان بە زاراوەوە هەیە، وەکو پێویستیی زاراوە، جیاوازیی زاراوە لە وشەی ئاسایی لە ڕووی بەکارهێنان و واتاوە، پاشان چەمکی زمانی گشتی و زمانی پسپۆری (تایبەتی) خراوەتەڕوو، هەروەها تایبەتمەندییەکانیشیان دیاری کراوە.

لە پاری دووەمیشدا زاراوەسازیی، وەکو زانستێک سەر بە زمانناسیی کارەکی ناسراوە وچەند پێناسەیەکی بۆ خراوەتەڕوو، دواتر پێداچوونەوەیەک بۆ قوتابخانەکانی زاراوەسازیی کراوە و تیۆرییە گشتییەکانی زاراوەسازیش باسکراون.

لە پاری سێیەمدا باس لە ڕۆڵی زاراوە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا کراوە، فەرهەنگ دوو جۆری هەیە : فەرهەنگی گشتی و فەرهەنگی تایبەتی، لەوێ ڕوونکراوەتەوە، کە چۆن ئەو دوو فەرهەنگە کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە. دواتر باس لە بە لێکسێمبوونی

زاراوە و وشەی بیانی کراوە، هەروەها ڕۆڵی بەشداریکردنی هەبوونی زاراوە لە یەکخستنی زارەکاندا پێشکەشکراوە.

بەشی دووەم: دەربارەی (بەراییەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا)یە. لە پێنج پار پێکهاتووە:

پاری یەکەم کورتە باسی قۆناغەکان و گەشەکردنی زاراوە لە زمانی کوردیدا خراوەتەڕوو.

لە پاری دووەمدا هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە بۆ (فرەشێوەزار)، (هاوواتایی، هاوبێژیی) لە پێواژۆکانی زاراوەسازییدا پێشکەشکراوە.

پاری سێیەم تایبەتە بە ڕێگەکانی دانانی زاراوە. کە چەند ڕێگەیەک لە خۆدەگرێت، بەشێکیان لە ڕێگەی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانەوە بەرهەمدێن، بەشێکی تریان لە ڕێگەی ئەو پرۆسانەیە، کە لەگەڵ گۆڕانی زماندا داهێنراون، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەی وەرگێڕان و وەرگرتن و پێوانەش باسیان لێوەکراوە .

لە پاری چوارەمدا تیشکخراوەتەسەر تێکەڵبوونی پێکهاتەکان و پێکهێنانی زاراوەی نەشیاو لەگەڵ ڕێسا ڕێزمانییەکان، لێکدانەوەش بۆ چەند زاراوەیەک کراوە، کە ڕۆنانەکەیان ناچێتە ژێر یاسای ڕێزمانی زمانی کوردییەوە.

پاری پێنجەم تایبەتکراوە بۆ زاراوەسازیی و وەرگێڕان و پەیوندی نێوان ئەم دوو زانستە، لە دووتوێی ئەم تەوەرەدا باس لە هۆکارەکانی پەیدابوونی کێشە لە وەرگێڕانی زاراوە کراوە، ئەو کێشانە لەسەر هەر چوار ئاستەکانی زمان پیشاندراوە، هەروەها ئەو بنەمایانەش بۆ وەرگێڕانی زاراوەی بیانیی خراونەتەڕوو.

بەشی سێیەم: تایبەتە بە ( وەرگرتنی زراوەی بیانیی لە زمانی کوردیدا ).ئەم بەشە لە شەش پار پێکهاتووە:

لە پاری یەکەمدا باس لە وەرگرتنی زاراوە لە زماندا کراوە، پاشان کورتەی مێژووی وەرگرتنی زاراوەی بیانیی، هەروەها هۆکارەکانی وەرگرتن و هاتنەناوەوەی زاراوە خراونەتەڕوو.

پاری دووەم تایبەتکراوە بە کاریگەریی هەندێک لە زمانەکان لەسەر زمانی کوردی، کە ئەم کاریگەرییە دوو دیوی هەیە ( ئەرێنی و نەرێنی)، دواتر باس لەو زمانانە کراوە، کە کاریگەرییان لەسەر زمانی کوردی هەیە، وەکو زمانی (عەرەبی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی)، هەروەها چۆن زاراوە لەو زمانانەوە وەرگیراوە.

لە پاری سێیەمدا باس لە وەرگرتن بە پێی ئاستەکانی زمان کراوە، هەر لە دووتوێی ئەو بابەتەدا باس لە کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنەکانی وەرگرتن بەپێی ئەو ئاستانە کراوە.

پاری چوارەم تەرخانکراوە بۆ مەرجەکانی وەرگرتنی زاراوەی بیانیی، کە لە چەند مەرجێکدا کۆدەبێتەوە و پێویستە زاراوەساز پابەندیبێت.

پاری پێنجەم بۆ شێوازەکانی وەرگرتنی زاراوە تەرخانکراوە، لە زمانی کوردیدا بە دوو شێواز زاراوە وەرگیراوە، یەکەمیان بە بێ دەستکاری و تەنها بە ڕێنووسی زمانی کوردی نووسراوە، دووەمیان بە دەستکارییەوە، لەگەڵ فۆنۆلۆژیی و ڕێزمانی زمانی کوردی گونجێنراوە.

لە پاری شەشەمدا هەندێک زاراوەی بیانیی باو لە زمانی کوردیدا، بە پێی بوارەکان خراونەتەڕوو.

ئەنجام و پێشنیازەکان: لە ئەنجامدا چەند خاڵێکمان تۆمارکردووە، کە وێنەیەکی گشتی دەکێشین، بۆ ئەو ئەنجامانەی لە لێکۆڵینەوەکەماندا پێیگەیشتووین، پاشان پێشنیازە بەدەستهاتووەکان خراونەتەڕوو.

## ٦/٠) گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

زاراوەی بیانیی ڕۆڵێکی کارا لە زمانی پسپۆری دەگێڕێت، بۆیە لێکۆڵینەوەی لەم چەشنە، هۆکاری یاریدەدەرن بۆ بە پێڕەوبەندانەکردن و دانانی پلانێک بۆ وەرگرتنی زاراوەی بیانیی، هاوکات ڕێگری لە شێوازی هەڕەمەکی هاتنەناوەوەی، لە پێناوی پارێزگاریکردن لە بنەما و یاسا و فەرهەنگی زمانی کوردی .

# بەشی یەکەم

## پێداویستیە بەراییەکانی دەربارەی زاراوە

### ١/١) پێناسە و ڕوونکردنەوە:

### زاراوە:

زانایـــانی ڕۆژئـــاوا وعەرەب، چەنـــدین پێناســـەی جۆراوجۆریـــان بـــۆ زاراوە دانـــاوە، کۆنترینیـــان دەڵێـــت: " زاراوە وشـــەیەکە لە بـــوارێکی پســـپۆڕیدا واتـــا و دارشـــتنێکی دیـــاریکراوی هەیە هەرکاتێـــک لە زمـــانی ئاســـاییدا بەکارهـــات مـــرۆڤ هەســـت بەوە دەکـــات کە ئەم وشـــەیە ســـەر بە بـــوارێکی دیـــاریکراوە" (ممـــدوح محمـــد خســـارە:٢٠٠٨: ١١)، لەوبارەیەشـــەوە "ڕێکخـــراوی نێـــودەوڵەتی بـــۆ پێـــوانە (ئیـــزۆ iso)"، پێـــی وایە " زاراوە ڕەمـــزێکە ئامـــاژە بـــۆ چەمکێکـــی دیـــاریکراو دەکـــات و لە چەنـــد دەنگێـــک پێکهـــاتووە وەک وشـــەیەک یـــان دەســـتەواژەیەک خـــۆی دەنوێنێـــت لە بوارێکی پسپۆڕییدا بەکاردەهێنرێت." (جوانە ئەحمەد حسەین:٢٠١٤: ٧).

هەر لەمبارەیەشەوە، "مەحمود فەهمی حیجازی" لە کتێبەکەیدا، ئاماژە بۆ باشترین پێناسەی زاراوە دەکات لە لای زمانەوانە ئەورووپییەکان، کە ئەو پێناسەیەش ئەوەیە: " زاراوە یاخود دەستەواژەی زاراوەیی، چەمکێکە یان دەستەواژەیەکی لێکدراوە، واتا و بەکارهێنانێکی چەسپاو و دیاریکراوی هەیە و دەربڕینێکی تایبەتە لە بوارێکی تایبەتدا بەکاردەهێنرێت و لە زمانەکانی تردا هاوواتای هەیە." (١٩٩٣: ٩-١٠).

ئەوەی جێی سەرنجە لەو پێناسانەی، کە خستمانەڕوو، بە هیچ جۆرێک ئاماژە بۆ واژەی ڕێککەوتن نەکراوە. بەوەی پێویستە لە پێناسەی (زاراوە)دا، ئاماژە بە واژەی "ڕێککەوتن" بکرێت، لەبەرئەوەی کۆمەڵێک پسپۆڕ لە بوارێکی تایبەتدا لەسەر زاراوەیەکی دیاریکراو ڕێکدەکەون، بەجۆرێک لەگەڵ چەمکەکە بگونجێت و بەشێوەیەک هیچ گرفتێک لە تێگەیشتندا لە لایەن ئەندامانی پەیوەندیکردنەکەوە ڕوونەدات. لە لای شارەزایانی عەرەبی ئەم بوارە، جەخت کراوەتەوە لەسەر (ڕێکەوتن) و لە زۆربەی

پێناسەکانیشیاندا، ڕەچاوی ئەم واژەیەیان کردووە، بۆ نموونە "الشريف الجرجانى"، بۆ پێناسەی زاراوە دەڵێت: " زاراوە ڕێکەوتنێکە لەسەروشەیە؛ یان واژەیەکی دیاریکراو لە نێوان کۆمەڵێکدا دەربارەی چەمکی شتێک یان ڕووداوێک ، کە لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی تر گواسترابێتەوە." (١٩٧١: ١٦). هەرلەمبارەیەوە "أحمد فارس الشدياق" بۆ پێناسەی (زاراوە) نوسیویەتی: " زاراوە ڕێککەوتنی گروپێکی تایبەتمەندە لە بوارێکی تایبەتدا." (١٩٧٩: ٤٣٧).

ئەگەرچی جیاوازییەکی زۆر لە دیدوبۆچوونی شارەزایانی ئەم بوارەی زمانی کوردیدا، بەدیناکرێت، بەڵام سەرنجیان لەسەر پێناسەی (زاراوە) گۆشەنیگایەکی وەرگرتووە، کە بگوترێت شارەزایانی زمانی کوردیش بۆچوونی تایبەتیی خۆیان لەسەر پێناسەی (زاراوە) هەیە و سەرنج و تێروانینان هاوشێوەی ئەوروپی و عەرەب هەیە، بۆ نموونە:

- "کامل حەسەن ئەلبەسیر": " زاراوە ووشەیەکی تازەبەکارهێنراوە لەلایەن تاقمێکی تایبەتیەوە بۆ مەبەستێکی تایبەتی سازدەکرێت و بەکاردەهێنرێت." (١٩٧٩: ٢٤).

- "جەمال عەبدول": " ناوێکی ڕەسەنە، لە فەرهەنگی نەتەوایەتی کوردییەوە، بەپێی ڕێبازێکی وشەسازیی کوردی، بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، لە کۆڕی پسپۆڕیدا سازکراوە." (٢٠٠٨: ١٨٥).

- "کەمال جەلال غەریب": " مەبەست لە زاراوە هەر وشەیەک (كلمه word)، یان دەستەواژەیەک یان دەربڕینێک (تعبير expression) کە مانایەکی ورد و دەستنیشانکراوی هەبێت، ئەگینا دەبێتە وشەیەکی زمانەوانیی ئاسایی و هەموو کەسێک تێی دەگات، کۆمەڵێک لە کەسان یان نەتەوەیەک یان جیهان بڕیاری لەسەر دابێت و لە هەندێک مەیدانی زانستی (scientific) یان هونەری و کارپێکردن (تقنى technical) یان پیشەیی (مهنه- profession) یان بابەتی یاساییدا (قانونى، شەرعى legal) بەکاربهێنرێت." (٢٠١٢: ١١).

لە دوای دەرخستنی پێناسەکانی (زاراوە) لە لایەن پسپۆڕانی زمانەوانییەوە دەردەکەوێت، کە (زاراوە) ئەو وشەیەیە بۆ واتا و چەمک و مەبەستێک دادەنرێت لە بوارێکی پسپۆڕیدا، کە لە فەرهەنگی گشتی زمانەکە وەردەگیرێن و بۆ چەمکێکی

دیاریکراو لە بوارێکی تایبەتدا بەکاردەهێنرێن. واتە ئەو وشانە واتایەکی نوێ وەردەگرن، کە لە زمانی ئاساییدا بەکارهاتووە. لێرەدا دەتوانین بڵێین پێناسەی زاراوە پشت بە سێ بنەما دەبەستێت: وشە ، گواستنەوەی واتا و ڕێککەوتن.

## ١-١/١) پێویستێتی زاراوە:

"زاراوەکان کلیلی زانستەکان و کۆڵەکەی زمانی پسپۆڕین لە بوارەکانی : وەرگێڕان و گواستنەوەی کۆزانیاری و چەمکە نوێیەکان و تۆمارکردنیان و پاشان لە قۆناغەکانی فێرکردندا بە گشتی و قۆناغی خوێندنی باڵا بە تایبەتی بایەخێکی بێ سنووریان هەیە" (أحمد بن محمد:٢٠٠٠: ٣٥٠)، بۆیە بەپێی دەربڕینی خوارزمی دەگوترێت تێگەیشتنی زاراوە نیوەی زانستەکەیە، لە کاتێکدا ژیان بەرەوپێشەوە دەڕوات و واتاکان بێ سنوور دەبن و وشەکانی زمان بەشیان ناکات، زاراوە بووەتە چارەڕێگەیەک بۆ کێشەی ناولێنانی چەمکە نوێیەکان بە مەرجێک، کە لەگەڵ واتای ئەو چەمکانەدا بگونجێت . واتە زاراوە فۆرمێکە دەبێتە دەربڕی چەمکێک.

بۆ پێناسینی زاراوە پێویستە چەند خاڵێک ڕەچاوبکرێت:

١- بواری کۆزانیاریی زاراوە دیاربێت.

٢- دیاریکردنی پەیوەندیی زاراوەیەک بەو زاراوانەی، کە پەیوەندیدارە پێوەی .

٣- پێویستە زاراوە لە ڕووی چەمکەوە پێناسەبکرێت.

٤- بۆ دیاریکردن و ناولێنانی زاراوە، پێویستە لە ڕووی چەمکەوە دەستپێبکرێت، نەک لە ڕووی واتا گشتییەکەیەوە، واتە لە سەرەتادا چەمکەکە دیاریبکرێت، دواتر زاراوەی بۆ دابنرێت. (جواد حسنى سماعنه:٢٠٠٠: ٩٨٠).

بۆ هەر گەشەسەندنێک و پێشکەوتن و داهێنانێکیش، پێویستمان بە پێکهێنان و هاتنەکایەی زاراوەی نوێ دەبێت، کە پێشتر لە فەرهەنگی زانست و زمانی تایبەتدا بوونی نەبووە. بە جۆرێک " وشەکانی زمان زیاددەکەن و گۆڕانیان بەسەردا دێت، هەندێکیان لەبەکارهێنان دەکەون بەڵام بزوتنەوەیەکی بێ ووچان و بەردەوام لە زماندا هەیە وشەی نوێ دروست

دەبێت لەسەر بنچینەی ئەو وشانەی لە زووەوە لە زمانەکەدا هەن " (محەمەد وەسمان: ٢٠١٢: ٢٤٥-٢٤٦).

کەواتە زاراوە گرنگی خۆی هەیە لە نزیکردنەوەی دیالێکتەکان و بەستانداردکردنی زمانی نەتەوەکان و یەکخستنی دەربڕین و دەوڵەمەندکردنیان، بەوجۆرەش فەرهەنگی زمانەکان بە وشە و چەمکی نوێ زەنگین دەبێت .

هاوکات زاراوە ڕۆڵێکی گرنگ لە بەستنەوەی پەیوەندی نێوان نەتەوە و گەلەکان و گواستنەوی زانست و تەکنەلۆژیا و زانیاریی نوێدا دەگێڕێت " بۆیە پێوستمان بە زاراوە هەیە لە گشت بوارەکانی ژیاندا و ئەو پێویستییەش هیچ کاتێک کۆتایی نایەت و بازنەکەشی هیچ کاتێک داناخرێت و بوارەکانیشی دیاری ناکرێن، چونکە زانستێکی تازەیە و پەرەسەندنی بەردەوامە، لەبەرئەوەی بە پەرەسەندنی زانیاری مرۆڤایەتی و فراوانی بازنەیی و بوارەکانی بەندە" (شەهاب شێخ تەیب:٢٠١٣: ١٨٦). هەربۆیە کاتێک، کە زانیاری لەسەر بوارەکان بەردەوام دەبێت پرۆسەی پەیدابوونی زاراوەش وەستانی نابێت و هەمیشە لە پەرەسەندندایە، واتە خاڵێکمان نییە بۆ دەستپێک و هەروەها ناشتوانیین خاڵی کۆتایی بۆ دابنێین، کەواتە بەهۆی تازەگەرییەکان و بەردەوامیی گەشەسەندنی زانست، بازنەکان فراوان دەبن و زاراوەی نوێ دێتەکایەوە.

زمانی کوردیش بۆ وەرگێڕانی زاراوەکان دەبێت پەنا بۆ گونجاندن ببات، بەڵام ڕەچاوی ئەو خاڵانە بکات، کە پێشتر خستمانەڕوو، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە توانراوە، بە بەردەوامی بایەخ بە زمان بدرێت و دەوڵەمەند بکرێت بە زاراوەی نوێ، کە سەرئەنجام لە بوارە زانستییەکاندا زمان دەستەوسان نەبێت و لەگەڵ گەشەی دەوروبەردا هەنگاوبنێت و نەوە لەدوای نەوەش ئەم ڕێچکەیە بگوازێتەوە، لەسەر بنەما زانستییەکانی زمانەوانی لە پێناوی بوژانەوەی زمان و ئاوێتەبوونی هەموو ئەو زاراوە نوێیانەی، کە زۆرجار زانست و تەکنەلۆژیا دەبێتە داهێنەری، زمان سەرەتا هەوڵی هاوتاکەی دەدات، بەڵام لە ئەگەری دەستەوساندا زاراوە بیانییەکان خۆیان دەسەپێنن و وەک خۆیان بەکاردەهێنرێن .

## ٢-١/١) جیاوازی نێوان وشە و زاراوە:

زمانەوانان لە بواری زاراوەسازیدا چەندین ڕاوبۆچوونیان بۆ جیاکردنەوەی وشە و زاراوە پێشکەشکردووە، ئەم بایەخدانەش بۆئەوەیە، کە وشە و زاراوە لەیەک جیابکرێنەوە و لە ئاخاوتن و نووسینیشدا هەست بە واتا و چەمکەکانیان بکرێن، کە سەرئەنجام وەڵامدانەوەی پرسیاری (ئایا جیاوازی لە نێوان وشە و زاراوەدا هەیە؟)، یان (وشە لە زاراوە جیادەکرێتەوە؟) بدرێتەوە.

بە بیروبۆچوونی شارەزایانی ئەم بوارە، (وشە) جۆرێک لە سەربەستیی هەیە، بەڵام (زاراوە) سنوورێکی دیاریکراوی هەیە. " سنورێکی (واتایی) بە دەوردا کێشراوە و پەرژینێکی بە دەوری زاراوەکە و تەنانەت نوسەرەکەیشیدا کێشراوە و لە بواری نوسیندا بەکاردەهێنرێت." (عوسمان کەریم: ٢٠١٤: ٢١).

(زاراوە) دەربڕینێکە مانایەکی ورد و دەستنیشانکراوی هەیە، گرووپێک لەسەری ڕێکدەکەون و لە بوارێکی تایبەتدا بەکاریدەهێنن.

(زاراوە) پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە وشەوە هەیە و جۆرێکە لە جۆرەکانی وشە "بەڵام ڕێچکەیەکی تایبەتی خۆی هەیە و لە زانستەکانی وشەسازیدا، چەند باسێکی تایبەتی لە بەشەکانی ئاخاوتن جیای دەکاتەوە" (کامیل حەسن بصیر:١٩٧٩: ١٠)، (وشە) موڵکی هەموو کۆمەڵە، (زاراوە) " وشەیەکی فەرهەنگی سەر زمانی کۆمەڵانی خەڵک نییە، بەڵکو وشەیەکی نوێباوە بۆ واتایەکی نوێ لە کۆڕێکی زانستی، یان ڕۆشنبیری سەردەمدا سازکراوە." (سەرچاوەی پێشوو:٢٥).

هەندێ جار تێبینی ئەوە دەکرێت، کە زاراوە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ناوخەڵکدا وەک وشەیەکی ئاسایی بەکاردەهێنرێت، ئەوەش لەبەرئەوەی " بە تێپەڕبوونی کات و زۆر بەکارهێنانی ئاسان دێتە بەردەست، خۆ سەرەتا هەر زاراوەیەکی نوێ، یان وشەیەکی نوێ بە سەیر دێتە بەرگوێ، بەڵام پاشان خەڵکەکە ئاشنایی لەگەڵدا پەیدادەکەن و ئاسایی دەبێت." (شەهاب شێخ تەیب:٢٠١٢: ١٧٤)، بۆ نموونە زاراوەی (خڕۆکەی سوور، ڤیتامین، بودجە، قەیران، لێزەر، ...هتد).

هەندێ جاریش ئاشنایی لەگەڵ ئەو زاراوانە پەیداناکەن، بۆ نموونە زاراوەی (هەستیار)، کە بۆ زاراوەی (شاعیر)ی عەرەبی لە لایەن هەندێ نووسەر بەکارهێنرابوو، بەڵام ئەو زاراوەیە نەک نەیتوانی جێی وشەی (شاعیر) لەقبکات و خۆی بسەپێنێت، بەڵکو لە نێو ڕۆشنبیران و ئەکادیمییەکانیشدا کاریگەری بەجێنەهێشت و سەرئەنجام وشەی (شاعیر) توانی رکابەری هاواتاکەشی بکات.                 هەموو زاراوەیەک وشەیە، بەڵام هەموو وشەیەک زاراوە نییە، زاراوە " بە یەکێک لە ڕێگاکانی گۆڕینی واتای وشە لە زماندا بووە بە پسپۆڕ و سنوری بەکارهێنانی تەسکبۆتەوە." (تابان محەمەد سەعید:٢٠٠٨: ٢٤).

زاراوە لە گەنجینەی وشەکان هەڵدەهێنجرێت و لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێت، کاتێک وشە بوو بە زاراوە دەبێت بارودۆخی بۆ هەڵبکەوێت و لە واتایەک زیاتر نەگەیەنێت، چونکە وشەکان لەگەڵ دەوروبەرەکانیان واتاکانیان دەگۆڕێت و          " واتای فەرهەنگی خۆیان وون دەکەن و بە پێی دەوروبەر واتای نوێی خۆیان وەردەگرن." (عبدالواحید موشیر دزەیی:٢٠١٤: ٩٤)، بۆیە وشە، کە بوو بە زاراوە واتاکەی تایبەت و تەسکتردەبێتەوە.

(زاراوە) گوزارشت لە چەمکێک دەکات، کە لە یەک کێڵگەی زانستی بێ، وشە گوزارشت لە واتا دەکات، هەروەها دەتوانین بڵێین (وشە) سەر بە زمانی گشتییە و (زاراوە) سەر بە زمانی پسپۆڕییە، واتە زمانی زانستی یاخود تەکنیکی لە بوارێکی تایبەتدا.

" ئەرستۆتالیس بۆ دەستکاریکردنی واتای وشە، بە مەبەستی زاراوەسازیی چوار بنەمای داناوە، کە ئەمانەن:

١- گواستنەوەی واتای وشە، لە ڕەگەزەوە بۆ جۆر.

٢- گواستنەوەی واتای وشە، لە جۆرەوە بۆ ڕەگەز.

٣- گواستنەوەی واتای وشە، لە جۆرەوە بۆ جۆر.

٤- گواستنەوەی واتای وشە، بەپێی ڕادەی پێوەندی." (جەمال عەبدول:٢٠٠٨: ١٧٩-١٨٠).

زمانەوانە هاوچەرخەکان بەپێی ئەو ڕێگایانەی، کە ئەرستۆ دیاریکردووە بۆ گۆڕینی واتای (وشە) لە واتا بنەڕەتییەکەیەوە بۆ واتایەکی تر، چەند ڕێگایەکی تر دیاریدەکەن:

١- فراوانکردنی واتای وشە و گواستنەوەی لە واتایەکی دیاریکراو بۆ مەبەستێکی فراوان، بۆ نموونە زاراوەی (سەرچاوە) لە فەرهەنگی ئاسایی بە واتای (سەرچاوەی ئاو)ە، بەڵام لە بوارە زانستییەکاندا، بووە بە زاراوەیەکی ژیاریی بەربڵاو.


٢- تایبەتمەندکردنی واتای وشە و سنووردارکردنی بەکارهێنانی و گواستنەوەی لە بوارێکی بەربڵاو و فراوانەوە بۆ ئەرکێکی دیاریکراو، بۆ نموونە وشەی (ناوک) وشەیەکی فەرهەنگیی ئاساییە بە تێپەڕبوونی کات بووە بە زاراوەیەکی کیمیایی.

٣- " گواستنەوەی (وشە) لە (واتا)یەکەوە بۆ (واتا)یەکی تر، لەبەر جۆرە پەیوەندی و لێکچوونێک، (ڕێنووس)، واتا ڕاستەقینەکەی بەهۆی لێکچوونەوە بووە بە (زاراوە)یەک بۆ دەربڕینی ڕێوشوێن و شێوازی نووسین." (جەمال عەبدول:٢٠٠٨ : ١٨١-١٨٢).

## ٣-١/١) وشە و زاراوە پەیوەست بە پێواژۆکانی واتاوە:


١- وشە بە پێی ئەو دەوروبەرە زمانییەی، کە تێیدا دەردەکەوێت، واتاکەی ئاشکرادەبێت و لەگەڵ بەکارهێنانی لە دەربڕینی جیاوازدا واتاکەی دەگۆڕێت، واتە (وشە) توانای ئەوەی هەیە بە پێی دەرکەوتنی لە دەوروبەری جیاوازدا هەڵگری چەند واتایەک بێت، بەڵام زاراوە واتاکەی ناگۆڕێت و یەک واتای هەیە، لەو بوارە پسپۆڕییەی، کە تێیدا دەرکەوتووە، چونکە گوزارشت لە چەمکێکی دیاریکراو دەکات لە بوارێکی تایبەتدا، بەڵام ئەگەر بوارەکە گۆڕا ئەوا واتا (دەلالەت)ی زاراوەکەش دەگۆڕێت. (قەیس کاکل و دانا تەحسین:٢٠١٣: ١٠٧).

٢- وشە لە هێما و هێمابۆکراوێک پێکدێت (أعضاء شبكة تعريب العلوم الصحية:٢٠٠٥: ٣٠). وشە نیشانەیەکە (هێما) بۆ نیشاندەرێک (هێمابۆکراو). ئەم وێنە گۆکراوەی خوارەوە، کە پێکدێت لەم دەنگانە (م، ر، ۆ، ڤ) وێنەی هزریی لە ئاوەزدا دروستکردووە، ئاماژەکردنە بۆ گیاندارێکی ناسراو (مرۆڤ).




وێنەی (١)

زاراوە بەرهەمی لکاندنی ناوێکە بە چەمکێکەوە، وەک لەم وێنەیەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:




وێنەی (٢)

زاراوەسازەکان بۆ دانانی ناوێک بەرانبەر بە چەمکێکی دیاریکراو دوو بنەمایان دیاریکردووە:

١- دەبێت ناولێنانی چەمک، لەلایەن چەند کەسێکی شارەزا و پسپۆڕەوە لە بوارێکی تایبەتدا دابنرێت، واتە ئەو کەسانە دەبێت شارەزاییەکی باشیان لە بوارەکە و چەمکەکەدا هەبێت.

٢- هەبوونی پێوەندییەک یان لێکچوونێک لە نێوان ناو و چەمکەکەدا، بۆ نموونە لکاندنی ناوێک بە شێوەی چەمکەکە، یان قەوارە، یان ڕەنگ، جوڵە، شوێن، ژمارە، یاخود ناوی داهێنەر، بۆ نموونە:

کرمی گەدە ←—— پەیوەندیی بە شوێنەکەیەوە هەیە.

" وشە گوتە و واتایە. واتە وشە لە رێگای شیکردنەوەی زمانی و داتایی شیدەکرێتەوە، کەچی زاراوە ناولێنان و چەمکە. واتە زاراوە لە ڕێگای شیکردنەوەی زمانی و چەمکی و وێنەی هۆشەکی شیدەکرێتەوە." (قەیس کاکل و دانا تەحسین:٢٠١٣: ١٠٧).

٣- وشەکان دەچنە ناو کێڵگەی لێکسیکی، واتە " وشەکانی زمان دەچنە ناو کێڵگەیەکی لێکسیکی کە لەگەڵ وشەکانی تری ناو کێڵگەکەوە لە سیما بنەڕەتیەکاندا هاوبەشن." (أعضاء شبكة تعريب العلوم الصحيه:٢٠٠٥: ٣٠).

ئەگەر کێڵگەی خزمایەتی بە نموونە بهێنینەوە، (باوک، دایک،خوشک، برا،...هتد)، یەک کێڵگەی واتایی پێکدەهێنن، لەبەرئەوەی یەک سیمای واتاییان هەیە، ئەویش پێوەندی خزمایەتییە.

(زاراوە) دەچێتە ناو کێڵگەی چەمکیەوە، (زاراوە) سەر بە کێڵگەی چەمکییە تەنها لەناو ئەو کێڵگەیەوە چەمکەکەی دیاریدەکرێت، لە نێوان زاراوەیەک و زاراوەکانی تر و چەمکەکانیان، پەیوەندییەکی سنووردار هەیە، یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی (زاراوە) ڕێکخستنییەتی لەناو ڕیزبەندی ئەو زاراوانەی، کە پەیوەندییان پێوەی هەیە، بۆیە ناکرێت بەدەر لە بوارە زانستییەکەی باس لە (زاراوە) بکرێت. (سەرچاوەی پێشوو:٣٥).

٤- لە زاراوەسازیدا " پێوانە هەیە، کە زاراوەکەی تێدا دیاریدەکرێت، واتە زانستێکە نرخی پێکهاتە زاراوەییەکانی تێدا دیاریدەکرێت، کەواتە پێوانەیەک هەیە و بەبێی ئەوانە زاراوە سازناکرێت. وشەسازی کوردی بە پێی یاساکانی

زمانی کوردی و ئەنالۆژیاکەی، وشەی نوێ دروست دەبێت، بۆ نموونە: براژن، ئامۆژن/مامۆژن، کچەزا، کوڕەزا،...هتد" (عوسمان کەریم:٢٠١٤: ٣٦)، هەروەها هەندێک جاریش پەنادەبرێتەبەر وەرگێڕان، بۆ نموونە:

مدينة الألعاب : شاری یاری

القمر الصناعی : مانگی دەستکرد

٥- لە ڕووی ژمارەی بڕگەوە ئەو وشانەی، کە لەیەک بڕگە پێکهاتوون زیاتر دەچەسپێن و دەمێنن و بەپێی هاتنەناوەوەی چەمک و واتای نوێ و بەهۆی گۆڕانکارییەکانەوە، هەندێ وشە دەمرێت و وندەبێت، وەک " بوونەوەرێکی زیندوو، بە پێی کات گەشەدەکات و دەمرێت." (حاتم صالح الضامن:١٩٨٩: ١٤٨)، یان جێگەی وشەکانی تری هەمان کێڵگە لەقدەکەن و شوێنیان دەگرنەوە، بۆیە لە جیهانی وشەدا ململانێیەکی بەردەوام هەیە، بەڵام لە زاراوەدا کەمترە لەبەرئەوەی زاراوە زیاتر لە نووسین بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە زاراوەی: (ئاوەڵکردار، ئاوەڵکار، ئاوەڵفرمان، ئاوەڵگوزارە، ...هتد).

٦- لە هەندێ حاڵەتدا فۆڕمی وشە پێش وشە دەکەوێت، بۆ نموونە وشەی (ئەنفال)، کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە و لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێدراوە وەک فۆڕمێکی وەرگیراو بووەتە دەربڕی واتا و چەمکێک بۆ ونبوون و بێسەروشوێنکردن، بەڵام لە (زاراوەسازیی) چەمک لە پێشترە، چەمکەکە دیاریدەکرێت و دواتر لە لایەن کەسانی پسپۆڕەوە زاراوەیەکی بۆ دادەنرێت.

## ١/١-٤) تایبەتمەندییەکانی زاراوە:

زاراوە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هەیە، کە لە وشەی ئاسایی جیای دەکاتەوە، ئەم تایبەتمەندیانەش لە چەند خاڵێکدا کۆدەبێتەوە، لەوانە:

١- دەبێت زاراوە لە تەمومژی و ئاڵۆزی بە دووربێت و چەمکێکی دیاریکراوی هەبێت، یەک فۆڕم ببێتە دەربڕی یەک چەمک، لەبەرئەوەی زاراوە چەمکێکە پێشتر سنووری بۆدیاریکراوە.

٢- هەر زانستێک کۆمەڵێک زاراوەی تایبەتی خۆی هەیە و زاراوە لەناو چوارچێوەی زاراوەسازیدا (terminology) لێکدەدرێتەوە. (محمود فهمی حیجازی:١٩٩٣: ١٢).

٣- " ئەنالۆژیا لە زاراوەدا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ ، بۆ نموونە:

ژانە سک
ژانە سەر ⎬ بە ئەنالۆژیا دروستبوون ...هتد" (عوسمان کەریم:٢٠١٤: ٦٣).

٤- زاراوە لەلایەن زانایانی بوارێکەوە دادەنرێت و لەسەری ڕێکدەکەون، هەروەها دەشێت لەلایەن کەسێکی شارەزاوە دابنرێت، بەڵام مەرج ئەوەیە قبوڵ وەربگرێت و بەکاربهێنرێت، لە چوارچێوەی ئەو زانست و بوارەدا، کە زاراوەکەی بۆ دانراوە. (فرحات بلولی:٢٠١٠: ٢٢٢).

٥- زاراوە چەمکێکە پێشتر خاسییەت و سنووری بۆدیاریکراوە، واتە بەهۆی دەوروبەریەوە دیاریناکرێت. (سەرچاوەی پێشوو).

٦- لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، (زاراوە) بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە هەر بابەتێک یاخود زانستێک کۆمەڵێک زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە.

٧- زاراوەی سادە بە پەسەندتر دەزانرێت، تاوەکو زاراوەی لێکدراو. (أدريس بن الحسن العلمي:٢٠٠٢: ١٩).

٨- دەبێت زاراوە تا ڕادەیەک بۆ داڕشتنی وشە و زاراوەی تر نەرم و ئامادەبێت و بۆ بەکارهێنان گونجاو بێت.

٩- زاراوە لە بازنەی ئیدیۆم دوورە و هێز و توانای بۆ بەئیدیۆم بوونی کەمە ، جگە لە هەندێ حاڵەت، ئەوەش بەهۆی بوونی بە وشەی سەر زاری زۆربەی ئاخێوەرانەوە ، بۆ نموونە: بە کەسێکی زیرەک دەوترێت: " دەڵێی کۆمپیوتەرە! "، یان کەسێک، کە بەخێرایی دەڕوات دەوترێت: " دەڵێی ساروخە! ".

١٠- ململانێ لە زاراوە کەمترە، وەک لەوەی لە وشەی ئاسایی هەیە.

١١- مان و نەمانی زاراوە بە چالاکبوونی ئەو زاراوەیە پەیوەستە، کە لە چوارچێوەی زانستێکدا هەیە و تەمەنی زاراوەیەک بە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵ بەندە و تەمەنی ئەو زانستەی، کە زاراوەکەی تێدایە. (عوسمان کەریم:٢٠١٤: ٦٣).

## ٥-١/١) زمانی گشتی و زمانی پسپۆری (تایبەت)چەمک و تێڕوانیین:

زمانی گشتی ئەو زمانەیە، کە بە بوارێک یان کێڵگەیەکی تایبەتەوە نەبەستراوەتەوە، واتە ئەو زمانە ئاساییەیە، کە ڕۆژانە خەڵک بەکاریدەهێنێت و قسەیپێدەکات و زیاتر گرێدراوی لایەنە سۆزداری و کلتورییەکانە، بەڵام زمانی پسپۆری " پێچەوانەی زمانی گشتییە، کە ئەمانە کۆمەڵێک کۆدی دیاریکراون و لە باروبۆنەی تایبەتدا بەکاردەهێنرێت لەناو گروپی پسپۆرییەکی هاوشێوەیدا، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبنەوە بە بەشێکی بچووک لە زمانی گشتی (ئاسایی). ئەم کۆدە تایبەتیانە لای هەریەک لە بەکارهێنەرانی لە هەموو بار و دەوروبەرێکی گوتندا، جۆری گوتنەکان لە گشت زەمەن و کاتێکدا هەر بە هەمان واتا و فۆرم بەکاردەهێنرێن." (جوانە ئەحمەد: ٢٠١٤: ٦٣).

هەردوو زمانەکە (زمانی گشتی) و (زمانی پسپۆری) ، واتە کۆدە ئاساییەکان و کۆدە تایبەتییەکان لەژێر چەتری زمانی گشتییدا کۆدەبنەوە. زمانی گشتی وەک گەنجینەیەکە بۆ زمانی پسپۆری، ئەم دوو زمانە لە ڕووی فۆنەتیک و ڕێزمانەوە جیاوازییان نییە، تەنها جیاوازی لە بەکارهێنانیاندایە، لەبەرئەوەی زمانی پسپۆری تایبەتە بە بوارێکی دیاریکراوەوە و لە ڕووی بەکارهێنانەوە سنوورەکەی تەسکدەبێتەوە و لە بواری زانستێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت.

زمانی پسپۆری شێوازێکی تایبەت وەردەگرێت، کە لە زمانی گشتیدا بەرچاوناکەوێت، شێوازێکی تایبەتی و ئابوریکراو و یەک بابەتی و یەک چەمکی وەردەگرێت. .(Roundeau:1986: 24)

## ١/١-٥-١) ئابوریکردن لە زمانی پسپۆریدا:

(ڕۆندۆ – Roundeau) ئاماژە بە سێ شێوەی ئابوریکردن دەدات، کە لە زاراوەکانی زمانی پسپۆریدا بەدیدەکرێت:

أ- ئابوریکردن لە نیشانەی زمانیی، واتە فۆرمی زاراوەکان کورت و بچوکن.

ب- ئابوریکردن لە واتادا، مەبەست لەوەیە ، کە فۆرمی یەک زاراوە هەڵگری یەک واتای تایبەتە.

پ- ئابوریکردن لە گوتندا، ئەو گوتنانە یاخود ئەو دەربڕینانە تێگەیشتنی جۆراوجۆر و مەجازیانەی تێدا بەرجەستە ناکرێت و زانیارییەکان لە یەک فۆرمی واتایی دیاریکراو فۆرمەلەکراون. (Roundeau:1986: 25).

## ١/١-٥-٢) تایبەتمەندییەکانی زمانی پسپۆری:

١- بابەتیانەبوون (الموضوعیە): ئەم تایبەتمەندییە لە زمانی پسپۆری بەرجەستە دەکرێت، مەبەست ئەوەیە خستنەڕووی ڕاستییە زانستییەکانە و پەسنکردنیان وەک خۆی دوور لە ئارەزوومەندیی نووسەری یان وەرگێڕی دەقێکی زانستی، هەروەها ئاسەواری خەیاڵ و حەز و هەڵەشە و باوەڕی کەسیی تێیدانییە. (علی القاسمی:٢٠٠٨: ٦٨-٦٩).

٢- وردبوونەوە (الدقە): ئەم تایبەتمەندییە پشت بە پێوانەی زانستی دەبەستێت، کە ڕێگە نادات هەڵگری دوو واتا یان دوو شیکردنەوە بێت لە هەر دەقێکی زانستیدا، واتە ئەو دەربڕینانەی، کە بەکاردەهێنرێن دوورن لە خوازە – Metaphor و فرەواتایی، لەبەرئەوەی زمانی دەقی زانستی وەک ئامرازێک بۆ گواستنەوەی ناوەڕۆکێک بەکاردەهێنرێت (سامی مهدی المظفر:١٩٩٨: ٨٥).

٣- کورتکردنەوە (الإیجاز): واتە کەمترین گوتە و کەمترین دەستەواژە بۆ گەیاندنی چەمکێک بەکاربهێنرێت (علی القاسمی:٢٠٠٨: ٧٠).

سەرەڕای ئەوەی زمانی پسپۆری تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە زمانی گشتی جیانابێتەوە و بەشێکە لەو زمانە هەروەها ئەم دوو زمانە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، بەهۆی گەشەی تەکنەلۆجیا و فراوانبوونی ڕادەی ڕۆشنبیری و پەیوەندی دبلۆماسی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و فاکتەری ڕاگەیاندن، زاراوە پسپۆرییەکان هەندێکیان بۆ ئاخاوتنی ڕۆژانە پەلدەهاوێژن، بۆیە پرۆسەی وەرگرتن و بەخشین لە نێوان هەردوو جۆرە زمانەکەدا بۆ پێویستی ژیانی ڕۆژانە و گەشەسەندنی بەردەوامە.

زمانی گشتی گوزارشت لە خودی مرۆڤ و ئەو شتانەی لە دەوروبەریدایە دەکات، یەکەکانی ئەم زمانە بە ئاسانی ناگۆڕێت و حاڵەتێکی شێوە جێگیر وەردەگرێت بە بەراورد بە یەکەکانی زمانی پسپۆری، کە گوزارشت لە چەمک و کەرەستە و داهێنانەکان دەکات و زمانەکەش بە بەردەوامی ڕووبەڕووی گۆڕان دەبێتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی گەشەسەندنی زانست و مەعریفەت، بە تایبەتی لە سەردەمی پێشکەوتن لە سەرجەم بوارەکانی زانستدا .

## ٢/١) تیۆری زاراوەسازیی

### ٢/١-١) زاراوەسازیی (Terminology):

پێشکەوتنی گەورەی زانست و تەکنەلۆژیا و گەشەسەندنی خێرای پیشەسازی و بازرگانی، بووەتە هۆی ئەوەی پێویستی بە زاراوەی نوێ هەبێت، بەجۆرێک لەگەڵ واتا و چەمکی ناولێنراوەکەدا بگونجێت. " کەواتە لەگەڵ دەرکەوتنی شتی نوێ و پێویستیی مرۆڤ هۆکارە بۆ سازکردنی زاراوەیەک و ناولێنانی." (ئازاد ئەمین باخەوان:٢٠١٢: ١٧٥).

لێرەدا بۆمان ئاشکرادەبێت، کە لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان لە سەرجەم بوارەکانیدا، ئاستەنگێک دروست دەبێت لەبەردەم دۆزینەوەی زاراوەی گونجاو بۆ چەمکە نوێیەکان، " چونکە هیچ گونجانێک لە نێوان ژمارەی چەمکە زانستییەکان و ژمارەی ئەو زاراوانە نییە، کە دەریان دەبڕن" (کەمال جەلال غەریب:٢٠١٢: ١٤)، بۆیە زانستی زاراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دۆزینەوە و دانانی زاراوە، تیۆریی و ڕێبازەکان دیاریدەکات.

زاراوەسازیی لەو زاراوانە دەکۆڵێتەوە، کە بۆ چەمکە زانستییەکان یاخود بوارە پسپۆرییەکان دادەنرێت و پەیوەندیی بە چالاکیی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە (علی القاسمی:١٩٨٨: ٨٥).

" زانستی زاراوەسازی سەر بە زانستە مرۆڤایەتییەکانە و پەیوەندی بە هەموو زانستە تایبەتێکانیشەوە هەیە، لەبەرئەوەی بنەما زانستییەکانی دانانی زاراوە و یەکخستنیان لەخۆدەگرێت، ئەو زانستانەش بۆئەوەی بتوانن بوونی خۆیان بسەلمێنن پێویستیان بەو زاراوانە هەیە." (عوسمان کەریم:٢٠١٤: ٥٨).

زاراوەسازیی لقێکە لە لقەکانی زانستی زمانناسیی پراکتیکی، هەروەها ئەم زانستە لەسەرجەم بوارە جیاجیاکانی ژیاندا بەشداریدەکات و لە سەرجەم بوارەکانی زانست و کۆزانیاریی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕۆشنبیریدا جێگەی دیارە.

## ١-١-٢/١) چەند پێناسەیەک بۆ (زاراوەسازیی):

بۆ پێکهێنانی زمانێکی زانستی بۆ لقە زانستییە جیاجیاکان پێویستمان بە زانستێکە بۆ دانانی زاراوە بەرانبەر بە هەر چەمکێکی نوێ، ئەم زانستەش پێی دەوترێت " زاراوەسازیی "، کە لەنێوان چەندین زانستی تردا هاوبەشی دەکات بۆ هەڵبژاردن و لێکۆڵینەوە و یەکخستنی زاراوەکان، زاراوەسازیی بەم شێوازانەی خوارەوە پێناسەکراوە:

- ڕێکخراوی جیهانی یەکخستنی پێوانەیی (iso)(*):

زاراوەسازیی " ئەو زانستەیە، کە بەشێوەیەکی زانستییانە لە چەمک و زاراوە بەکارهاتووەکان لە زمانی پسپۆریدا دەکۆڵێتەوە." (کبیر زهیرە:٢٠١٤: ٦٠).

- "علی القاسمی": " ئەو زانستەیە، کە لە پێوەندی نێوان چەمکە زانستییەکان و زاراوە زمانییەکان دەکۆڵێتەوە." (٢٠٠٨: ٤٠٠).

---

(*) iso : ئەم ڕێکخراوە، کار لەسەر یەکخستنی ڕێساکانی دانانی زاراوە دەکات، هاوکات ئەم ڕێکخراوە لە چەند نوێنەرێك پێکهاتووە و نوێنەرایەتی چەند ڕێکخراوێکی نەتەوەیی بۆ پێوانەی زاراوە دەکات، کە لە ڕێکەوتی (١٩٤٧/٢/٢٣) لە جنێف دامەزراوە.

- "محمد على الخولى": " ئەو زانستەیە، کە بایەخ بەو زاراوانە دەدات، کە تایبەتن بە بوارێک لە بوارەکانی کۆزانیاریی." (١٩٩١: ٢٨٥).

- "دانیال گوادیک": " ئەو زانستەیە، کە لە زاراوە و ڕێگەکانی داڕشتنی زاراوە و بەکارهێنانی و پەرەسەندنی و واتاکانی و پەیوەندی زاراوە بە جیهانی بەرجەستەیی دەکۆڵێتەوە." (Gouadec Daniel:1990: 12).

- "ئالیان ڕای": " لێکۆڵینەوەیەکی ڕێکخراوە بۆ ئەو زاراوانەی، کە بۆ چەمک و بیرۆکەکان دانراون." (Alain Rey:1979: 8).

- "ویستر": " زاراوەسازیی سیستەمی ئەو چەمک و زاراوانەیە، کە پەیوەندییان بە بوارێکی تایبەتی (پسپۆری)یەوە هەیە." (Wuster.E:1981:57)

- "کابرێ": " ئەو ڕێنمایی و دەستوورانەی بۆ کاری فەرهەنگی زاراوەسازی بەکاردێن." (Cabre M T:1999:32).

- "جەمال عەبدول": " ئەو زانستەیە، کە لە پێوەندی نێوان چەمکە زانستییەکان و ئەو زاراوە زمانییانەدا کە دەریان دەبڕن دەدوێ." (جەمال عەبدول:٢٠٠٨: ١٦٦).

- "ڕەحیم قادر سورخی": " زاراوەسازی پرۆسەیەکی هەڵسەنگێندراو و زانستییانەیە بۆ دۆزینەوەی یان درووستکردنی زاراوەیەک بۆ یەک چەمکی دیاریکراو لە بوارە زانستی، تەکنیکی، هونەری یان پیشەییەکاندا." (ڕەحیم قادر سورخی:٢٠١٤: ١٥).

-"جوانە ئەحمەد حسەین": " زانستی زاراوە پێکهاتەیەکە کە گشت زانستەکانی زمانەوانی و مەنتیق و ڕاگەیاندن و بابەتە زانستییەکان تێیدا بەشدارن." (جوانە ئەحمەد حسەین:٢٠١٤: ٦).

سەرەڕای زۆری تێڕوانینەکان بۆ پێناسەی زاراوەسازی، بەڵام هێشتا چەندین کەموکورتی وەک ئاماژەندان بە گرنگترین بنەماکانی زاراوە بەدیدەکرێت، کە لە وشە و گواستنەوەی واتا و ڕێککەوتن پێکدێن، بۆیە هەندێک لە شارەزایانی زاراوەسازیدا هەوڵی ئەوە دەدەن چەمک و زاراوە پێکەوە ببەستن، وەک " زاراوە وشەیەکە یان کۆمەڵە وشەیەکە کە لە زمانێکی تایبەتمەندی زانستی یان تەکنیکی کە ڕەنگە ئەو زاراوەیە لە

زمانێکەوە بۆی مابێتەوە یان قەرزی کردبێت بۆ دەربڕینی چەمکێک، کە مەبەستی شتێکی ماددی دیاریکراو بگەیەنێت." (ئازاد ئەمین باخەوان:٢٠١٢: ١٧٦).

لە چوارچێوەی ئەو پێناسانەی، کە ئاماژەی پێدرا ئەوە ئاشکرادەبێت "زاراوەسازیی" ئەو زانستەیە، لە ڕێباز و ڕێگەکانی زاراوەدانان بۆ ئەو چەمکانەی، کە لە بوارە پسپۆرییەکان و تایبەتییەکاندا بەکاردێن، دەکۆڵێتەوە. ئەمەش بێگومان پاش ڕێککەوتنی پسپۆڕان و شارەزایان لە بوارە جیاجیاکانی زانستدا.

زاراوە کلیلی زانستەکانە و کۆڵەکەی زمانی پسپۆرییە و ئەوەی لە هەر بوارێکی تایبەتیدا کاربکات، پێویستە لە کلیلەکانی شارەزابێت.

زاراوەسازیی لە سێ لایەنی پەیوەستی توێژینەوەی زانستی و لێکۆڵینەوەی بابەتی دەدوێت:

١- زاراوەسازیی، بنچینەی دانانی زاراوە پۆلێنکراوەکان پێکدەهێنێت، کە یەکێک لە زانستەکاندا گوزارشتی لێدەکات و لە پێوەندیی نێوان چەمکە پێکداچووەکانی (ڕەگەز-جۆر، گشت-بەش) دەدوێت.

٢- زاراوەسازیی، لە بنیاتی زانستێک لە زانستەکان دەدوێت، کە زاراوە زمانییەکان و پەیوەندییەکانی نێوانیان و ڕێگاکانی دانانیان دەگرێتەوە، بەو پێیە زاراوەسازی لقێکی تایبەتە لە لقەکانی فەرهەنگسازی (Lexicology) و زانستی گەشەکردنی واتای وشەکان (Semasiology)." (جەمال عەبدول:٢٠٠٨: ١٦٧).

٣- زاراوەسازیی " لەو ڕێگە گشتییانە دەدوێ، کە دەبنەهۆی دروستکردنی زمانی زانستی و تەکنەلۆجی بێ گوێدانە کارپێکردنە کردەییەکانی خودی زمانێکی سروشتی، بەوەیش زاراوەسازی، دەبێتە زانستێکی هاوبەش لە نێوان زانستی زمان و لۆجیک و بوون و ڕاگەیاندن و بابەتە تایبەتمەندەکان و زانیاریزانی (Epistemology)و پۆلێنکردن، هەموو ئەم زانستانە لە لایەنێک لە لایەنەکانیاندا، لە شێوە ڕێکخستنی پێوەندیی ئاڵۆزی نێوان چەمک و زاراوە دەدوێن." (سەرچاوەی پێشوو: ١٦٧).

شـــارەزایانی بیـــانیی و زمـــانەوانە ڕۆژئاواییەکـــان دوو لـــق لە لقەکـــانی ئەم زانســـتە جیـــــــــــادەکەنەوە، یەکەمیـــــــــــان :(Terminologies) و دووەمیـــــــــــان: .(Terminorgaphie)

یەکەم: (Terminologies) لە پەیوەندی نێوان چەمکە زانستییەکان و زاراوە زمانییەکان دەکۆڵێتەوە.

دووەم: (Terminorgaphie) کار لەسەر تۆمارکردنی زاراوەکان و پەسەندکردنی سەرچاوەکانی دەکات و بڵاوکردنەوەیان لەسەر شێوەی فەرهەنگی تایبەتدا. (علی القاسمی:٢٠٠٨: ٤٠٠).

## ٢/١-١-٢) پێوەرەکانی دانانی زاراوە:

زاراوە بە پێی دوو پێوەری گشتی جۆرەکانی دیاریدەکرێت. (Cabre M T:1999:129).

١- زاراوەی تاکەکەسی: ئەم جۆرەیان لە وەرگێڕانە تەکنیکی و پیشەییەکان باوە، لەو کاتەی، کە وەرگێڕ یان لایەنێک پێویستی پێدەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی وەرگێڕانێکی تایبەت پەنای بۆدەبات، بۆیە لەبەر پێویستی خێرایی زاراوەیەک ئەو لایەنانە زاراوەکان دادەنێن بەبێ ئەوەی ڕێکەوتنی لەسەربکرێت، واتە ئەمجۆرە تاکە کەسییانەیە.

٢- زاراوەی پێڕەومەنـــد: ئەمەیـــان دەچێـــتە چوارچێـــوەی پلانـــی زاراوەســـازییەوە و پەیوەنـــــدیی بە ســـــەرجەم بـــــوارە زانســـــتییە تایبەتییەکـــــان و دامەزراوەکـــــانی بەســـتانداردکردنی زمـــانەوە هەیە، کە فەرهەنگـــی زاراوەی تـــایبەتی دادەنێـــین بـــۆ بەکارهێنـــانی زاراوە تایبەتییەکـــان لە بـــوارە فەرمـــی و زانســـتییەکاندا و ڕێکەوتنـــی لەسەر دەبێت. (ڕەحیم قادر سورخی:٢٠١٤: ١٦).

## ٢-٢/١) سەرەتای سەرهەڵدانی زاراوەسازیی:

پێشکەوتنی زانستی و مرۆڤایەتی، هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی زانستێک بوو بە ناوی زانستی (زاراوەسازیی) و هەوڵدان بۆ یەکخستنی زاراوەکان لە سەرجەم بوارەکاندا، هاوکات هەماهەنگی زانستیی نێوان زانایانی بوارە جیاجیاکان لە ئەوروپا، وایکرد بایەخێکی زیاتر بە یەکخستنی ڕێساکانی دانانی زاراوە لەسەر ئاستی جیهان بدرێت.

سیمینار و کۆنگرە زانستییەکان، یەکەم پرۆسەبوون لە هەنگاوەکانی یەکخستنی زاراوەکان وەک گۆنگرەی زانایانی ڕووەکناسی ساڵی (١٨٦٧ز) و کۆنگرەی زانایانی زیندەوەرناسی ساڵی (١٨٨٩ز) (محمود فهمی حیجازی:١٩٩٣: ١٦). " ئەم هەوڵانەش لەسەرخۆ پەرەیانسەند و لەنێوان ساڵانی (١٩٠٦ – ١٩٢٨)دا، بە شەش زمان فەرهەنگی وێنەداری (شلۆمان) بۆ زاراوە تەکنیکییەکان دەرچوو." (شەهاب شێخ تەیب تاهیر:٢٠١٢: ١١١).

سەرهەڵدانی زاراوەسازی وەک زانستێک، کە خاوەنی ڕێسا و یاسای تایبەت بە خۆی بێت، درەنگ دەستپێکرد و لەسەر دەستی هەریەک لە زانای سۆڤێتی "Lott"و ئەڵمانی "Wuster" بوو، "Wuster" کتێبێکی لە بواری ئەندازەی کارەبایی لە ساڵی (١٩٣١)دا دانا و بە سەرچاوەیەکی بەهێز و گرنگ دانراوە بۆ زاراوەکانی ئەم زانستە لەلایەن زمانەوانان و ئەندازیارانەوە. لە ساڵی (١٩٣٦ز)دا و لەسەر داوای یەکێتی سۆڤییەت، بە نوێنەرایەتی ئەکادیمیای زانستیی سۆڤێتی، لیژنەی تەکنیکی بۆ زاراوەکان پێکهێنرا، کە بەشێکە لە "یەکێتی جیهانی کۆمەڵەکان بۆ پێوانە نیشتمانییەکان ISA". لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییش، لیژنەیەکی تر جێگەی ئەو لیژنەیەی گرتەوە بە ناوی "لیژنەی تەکنیکی ٣٧"، کە تایبەتە بە دانانی بنەماکانی زاراوە و ئەم لیژنەیە سەر بە "ڕێکخراوی جیهانیی بۆ یەکخستنی پێوانەیی – ISO"یە و بارەگاکەی لە جنێف بوو، کۆششێکی زۆریان ئەنجامدابوو لە بواری یەکخستنی دانانی بنەماکانی زاراوەدا." (علی القاسمی:١٩٨٥: ١٢-١٣).

"لۆت – Lott" دامەزرێنەری "لیژنەی زاراوە زانستیی و تەکنیکییەکان"بوو لە یەکێتی سۆڤییەت لە ساڵی (١٩٣٣)دا، هەروەها "ئادوین هۆڵمسترۆم –Holmstrom" یەکێکە لە شارەزا گەورەکانی یونسکۆ، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، هاندەربوو بۆ بنیاتی

"فەرمانگەی زاراوە نێودەوڵەتییەکان" و دابینکردنی بودجەی دارایی پێویست بۆ بڵاوکردنەوەی بیبلۆگرافیایەک بە دوو بەرگ، بە ناونیشانیی "فەرهەنگە تایبەتمەندەکان لە زانست و تەکنەلۆژیا"دا. هەروەها لە ساڵی (١٩٧١)دا بە هاوکاریی نێوان یونسکۆ و حکومەتی نەمسایی، سەنتەرێک بە ناوی "سەنتەری زانیاری نێودەوڵەتی بۆ زاراوەکان" لە ڤیيەننا دامەزرا و پرۆفیسۆر "هڵمۆت فلبر – felber"، کە لە زانکۆی ڤیيەنا مامۆستای زاراوەسازیی بوو و لەو بوارەدا چالاکی زۆری هەبوو سەرپەرشتی ئەو بارەگایەی کردووە. جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەم بارەگایە چەند ئامانجێکی هەبوو، کە ئەوانیش:

١- هانـدانی تـوێژینەوە زانسـتییە تیـۆرییە گشـتییەکانی زاراوەسـازیی، دانـانی زاراوە و پەسەندکردنیان و سازدانی چەند خولێکی ڕاهێنان و مەشقکردن لەو بوارەدا.

٢- تۆمارکردنی هەر زانیارییەک، کە پەیوەندیی بە زاراوە و شارەزایان و پرۆژە و ئەو دامەزراوانەی، کە تایبەتمەندن بەم بوارەوە هەبێت.

٣- ڕێکخستنی هاوکاریی نێودەوڵەتی و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لە بواری زاراوەسازییدا.

٤- پەرەپێدانی تواناکانی هاوکاریکردن لە نێوان بانکەکانی زاراوە و گەڕان بەدوای بنەماکانی گۆڕینەوەی زانیارییەکان لە نێوانیاندا.

هەروەها چەندین لیژنە و سیمینار بە مەبەستی یەکخستنی زاراوەکان و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی تیۆریی زاراوەسازیی لە وڵاتە جیاجیاکاندا ئەنجامدران، " دوایەمین کۆبوونەوە لە بارەی زاراوەسازی سیمینارێکی جیهانی لە بارەی گیروگرفتەکانی هاوواتایی و پێناسەکانی زاراوەسازی، کە لە (کۆبیک) لە کەنەدا لە حوزەیرانی (١٩٨٢) بەسترا. هەروەها سیمینارێکی تایبەت بە زاراوەسازی لە کۆنگرەی جیهانی فەرهەنگسازیدا لە زانکۆی (ئەکستەر) لە ئەیلولی (١٩٨٣)دا پێشکەشکرا." (شەهاب شێخ تەیب تاهیر:٢٠١٢: ١٢٠-١٢١). لە دوای ئەم قۆناغانەوە زانستی زاراوەسازیی سەریهەڵدا و پەرەیسەند، تا بوو بە زانستێک شانبەشانی زانستەکانی تر، بایەخ و گرنگییەکی زیاتری پێدرا و لەبەر پێویستی ژیان چەندین چەمکی نوێ دێنە ئاراوە و پێویستیان بە زاراوەی نوێیە، کە لەگەڵ واتای ئەو چەمکانەدا بگونجێت.

## ٣-٢/١) قوتابخانەکانی زاراوەسازیی:

### ١-٣-٢/١) قوتابخانەی ئەڵمانی – نەمسایی:

"ئۆجین ویستەر" ئەو زانایەیە، کە بناغەی تیۆریی بۆ زاراوەسازی دانا و ئەم قوتابخانەیەش سوودی لە بنەماکانی وەرگرتووە (علی القاسمی:١٩٨٦: ١٢٨). دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوە کورتبکرێتەوە (Rondean.G:39-40) :

١- دیاریکردنی چەمکەکان و پۆلێنکردنیان بە بناغەی کاری زاراوەسازیی دادەنێت.

٢- دەستنیشانکردنی یەک زاراوە بۆ یەک چەمکی زانستی و دوورکەوتنەوە لە هاوواتایی و تەمومژیی لە زمانی زانستی و تەکنیکیدا.

٣- دەبێت بۆ گەیشتن بە چەمکەکان لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو چەمکانەوە دەستپێبکرێت، نەک لە خودی زاراوەکانەوە.

٤- پشتبەستن بە بنەماکانی ئابوریکردن لە زمان و ڕەچاوکردنی بەکارهێنانی لە دانانی زاراوەکان، خاڵێکی گرنگە بۆ بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی زاراوە.

٥- دەبێت لە کاتی دانانی زاراوە، چەمک لە کۆنتێکستی دەربڕاو جیابکرێتەوە و سنووری تایبەتی بۆ دیارییبکرێت.

٦- ئەرکی زاراوەساز ئەزموونگەرییەکی پێوانەییە، ئامانجی سەرەکی یەکخستنی زاراوەکانە.

٧- زانستی زاراوەسازی پەیوەندی بە زانستەکانی ترەوە هەیە، وەک: (لۆجیک، زانستی زمان، زانستی ئامار، ڕاگەیاندن، ...هتد).

۱/۲-۳-۲) **قوتابخانەی سۆڤێتی:** (أنور الجمعاوی:WWW.watal.com)

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم قوتابخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەیەی سێیەمی سەدەی بیستەم و لە زاناکانی دریزن (Drezen) و کاندیلکی (kandelaki) و لووت (lotte)، هەربۆیە دەکرێت گرنگترین تێڕوانینەکانی ئەم قوتابخانەیە لە چەند خاڵێکدا بخرێتەڕوو:

۱- زانستی زاراوەسازیی پسپۆڕییەکی مەعریفیی کارەکییە و خاوەن شێوەیەکی زمانەوانییە، هەر چارەڕێگەیەکیش پەنای بۆ ببات، دەبێت لە چوارچێوەی زمانەوانییدا بێت.

۲- پێویستە چاودێری هەموو کارێکی زاراوەسازی بکرێت، بۆئەوەی زاراوەی گونجاو بۆ چەمکی گونجاو دابنرێت.

۳- پێویستە تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی – زمانەوانی (Socio – Linguistique)، لە دانانی زاراوەکان ڕەچاوبکرێت.

۱/۲-۳-۳) **قوتابخـــــانەی چیکۆســـــلۆڤاکیا:**(أعضـــاء شـــبكه تعريـــب العلـــوم الصحية:۲۰۰۵: ۸).

ئەم قوتابخانەیەش، هەر لەسەرەتای دەیەی سێیەمی سەدەی بیستەمدا سەریهەڵداوە و لە دیارترین زاناکانی درۆزد (Drozed) و کۆکۆریک (kokourek)، کە گرنگیان بە چەند خاڵێک داوە، وەک:

۱- هەوڵدان بۆ یەکخستنی زاراوەکان لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی.

۲- جیاکردنەوەی زاراوە لە وشە و جەختکردنەوە لەسەرئەوەی زاراوە تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە وشە جێوازە، هەروەها دەرخستنی پەیوەندی چەمک بە ناولێنانەوە.

۳- زانایانی ئەم قوتابخانەیە لەو باوەڕەدابوون، کە زمانی زانستی تەکنیکیی خاوەنی لایەنێکی واتاییە و تا ڕادەیەکی زۆر ئاشکرا و وردە.

## ٢/١-٣-٤) **قوتابخانەی کەنەدی:** (أنور الجمعاوی:www.wata1.com).

مێژووی سەرەتای لەدایکبوونی قوتابخانەی کەنەدی کۆن نییە و بۆ دەیەی شەشەمی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، لە زاناکانی ئەم قوتابخانەیە "بولەنجی -Boulanger" و "ڕۆندیو- Rondeau"، بنەماکانی ئەم قوتابخانەیەش زۆر نزیکە لەگەڵ قوتابخانەکانی پێشووتر، لەوانەیش:

١- زاراوە یەکەیەکی زمانییە، بریتییە لە چەمک و ناولێنان.

٢- جیاکردنەوەی وشەی گشتی لە زاراوە.

٣- گرێدانی بنەمای یەکخستنی زاراوە لە میانەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و زمانەوانییەوە.

## ٢/١-٣-٥) **قوتابخانەی فەرەنسی:** (أعضاء شبكة تعريب العلوم الصحيه:٢٠٠٥: ٨).

سەرهەڵدانی ئەم قوتابخانەیە لەگەڵ سەرهەڵدانی کارە زمانەوانییەکانی (کیلبیر)ی فەرەنسی دەستیپێکردووە، هەروەها (ڕای) و (دیۆبۆیز)یش ناویان دەرکردبوو لەم بوارەدا.

ئەم قوتابخانەیە چەند بنەمایەکی بۆ زانستی زاراوەسازیی هەبوو:

١- دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی پێناسەی زاراوە، بەپێی جۆری زاراوەکان.

٢- دانانی میتۆدێک بۆ ڕێگاکانی داڕشتنی زراوە.

٣- گرێدانی زاراوە بە کۆنتێکستی واتایی و دۆزینەوەی ڕێبازێک بۆ پۆلینکردنی زاراوەکان لەناو کێڵگە واتاییەکانیاندا.

## ٢/١-٣-٦) **قوتابخانەی بەریتانی:**

ئەم قوتابخانەیە زۆرتر گرنگی داوە بە ڕەهەندی تیۆریی و کارەکیی زاراوەسازی و جیاکردنەوەی زاراوە لە وشەی ئاسایی (گشتی) و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی بانکی

زاراوەکان. بە تەماشاکردنی ئەم قوتابخانانە دەتوانین سێ ڕوانگەی جیاواز دەستنیشانبکەین، کە بەرانبەر یەک ناتەبا نین:

١- ڕوانگەی یەکەم: " ئەوەیە کە زاراوەسازی وەک لقێکی نێوان زانستی سەیردەکات، بەڵام وەک بابەتێکی سەربەخۆ لە خزمەت لقە زانستی و تەکنیکییەکاندایە.

٢- ڕوانگەی دووەم، جەخت دەخاتە سەر فەلسەفە، کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی هۆگری پۆلێنکردنی مەنتیقیانەی پێڕەوی چەمکەکان و ڕێکخستنی زانستە.

٣- ڕوانگەی سێیەم، گرنگی دەدا بە زمانناسی، کە زاراوەسازی وەک لقێکی خەزێنەی وشەکانی زمان سەیردەکا، زمانە تایبەتەکان پێڕەوی بچووکتری پێڕەوی گشتی زمانن." (ڕەحیم قادر سورخی:٢٠١٤: ٢٠).

## ٢/١-٤) تیۆرییە گشتییەکانی زاراوەسازیی:

لە دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا، تیۆرییەکانی زاراوەسازی زیادبوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و لەم دواییەدا مەودای کێڵگەکانی زۆرتربوون، بۆ نموونە:

تیۆری زاراوەسازی – کۆمەڵایەتی:( Gaudin.f, Socioterminologie:1992).

تیۆری زاوەسازی – زانیاری (**معلوماتیة**):(Depecker.L, Leredelaterminolge:1998)

تیۆری زاراوەسازی – زانستی زمان:(Lerat.p,leslangugues specialisese:1995).

ئەوەی بەلای توێژەرەوە گرنگە ئەوەیە، کە باس لە دوو تیۆریی بکات، کە بنەمان بۆ تیۆرییەکانی تری زاراوەسازیی، کە ئەوانیش تیۆری گشتی و تیۆری تایبەتیی زاراوەسازین.

**تیۆریی زاراوەسازیی گشتی:** ئەم تیۆرییە لە سەرەتاکانی دەیەی سێیەمی سەدەی بیستەمدا، لەلایەن ویستەرەوە باسکراوە، بە ئامانجی دیاریکردنی بنەما گشتییەکانی زاراوەسازیی بە پێی ئەو پەیوەندییانەی، کە لە نێوان چەمکە زانستییەکان هەن و چارەسەرکردنی کێشە

هاوبەشەکان لە نێوان هەموو زمانەکان و لە هەموو بوارەکانی زانیارییدا. (علی القاسمی:٢٠٠٨: ١٢٨-١٢٩).

تیۆریی زاراوەسازی گشتیی لە چەمک و زاراوە دەکۆڵێتەوە و ئەنجامی ئەو توێژینەوانە وەک بنچینەیەک بۆ پەرەسەندنی بنەماکانی فەرهەنگ و زاراوەسازیی و یەکخستنیان لەسەر ئاستی جیهاندا بەکاردەهێنێت.

دەکرێت گرنگترین بابەتەکانی توێژینەوەی ئەم چەشنە تیۆرییە، بەم بابەت و ئەرکانەی خوارەوە دەستنیشانبکرێن کە ئەوانیش: دیاریکردنی سروشتی چەمکەکان، پێکهاتن و تایبەتمەندییەکانیان، پەیوەندییەکانی نێوان چەمک و شتەکان، هەروەها گرنگی دەدات بە پێناسەکانی چەمک و چۆنییەتی تایبەتکردنی زاراوە بۆ چەمکێک و یەکخستنیان.

**تیۆریی زاراوەسازیی تایبەتی:** باسی ئەو بنەمایانە دەکات، کە باری زاراوە لە بوارەکانی کۆزانیاریی تایبەتمەنددا کۆنترۆڵ دەکات، وەکو: (کیمیا، زیندەورەزانی و پزیشکی و ... هتد)، هەروەها چەند ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیی تایبەتمەند هەریەکەیان لە بوارە تایبەتەکەی خۆیدا لە گەشەسەندنی تیۆرییە تایبەتییەکانی زاراوەدا بەشداریکردووە، وەکو: بارەگای نێودەوڵەتی بۆ زانیارییەکانی زاراوەسازی (info term)، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، دەستەی نێودەوڵەتی بۆ تەکنیکە کارەباییەکان. کەواتە تیۆریی زاراوەسازیی تایبەتی لەو کێشانە دەکۆڵێتەوە، کە بە زاراوەکانی بوارێک لە بوارەکانی کۆزانیاریی پەیوەندیدارن، لەبەرئەوەی زانست وەستانی نییە، بۆیە توێژینەوە لە تیۆرییە تایبەتییەکانی زاراوەسازی لە باری نەشونمادان. (کبیر زهیرە:٢٠١٣: ٨٠).

## ٣/١) ڕۆڵی زاراوە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا:

### ٣/١-١) فەرهەنگ:

فەرهەنگ تۆمارگەیەکە بۆ کۆکردنەوەی وشەکانی زمان و ڕێکخستنیان بەپێی پێڕەوێکی تایبەتی و پاراستنیان لە فەوتان و لەناوچوون. جگە لە

ڕیزکردنـــی وشـــە و شـــیکردنەوە و لێکـدانەوەی واتــا، هەنــدێکجاریش زانیــاری تریشـــی سەبارەت بە فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و ئیتمۆلۆژییەوە دەخرێتەپاڵ.

فەرهەنگ کتێبێکی سەرچاوەیی و (مەرجەع)ە، وشە و زاراوەی زمانێکی دیاریکراوی تێدایە، کە بەشێوەیەکی تایبەتی ڕێکخراون، لەگەڵ پێناسەی هەر وشەیەک و دەرخستنی هاوواتاکەی لە هەمان زماندا، یاخود لە زمانێکی دیکەدا، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەو وشانەی، کە لێوەی وەردەگیرێت و بەکارهێنانی مانا جیاجیاکانی و هەروەها دەرخستنی لایەنی مێژوویی وشەکان و چۆنێتی گۆکردنیان (محمد علی الخولی:١٩٩١: ٧٤). فەرهەنگی هەر میللەتێک ئاماژەیە بۆ زانینی ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی و ئابووری ...هتد ئەو میللەتە، لەبەرئەوە هەر میللەتێک لە بوارێکدا پێشکەوتووبێت، فەرهەنگی زمانەکەیان لەو بوارەدا دەوڵەمەند دەبێت.

فەرهەنگ " زمان لە شێواندن، لاوازیی، پوکانەوە، داتەپین و مردن دەپارێزێ. نەوەی نوێ، بە ووشەی کوردیی کۆن و نوێ پێدەگەیەنێ و زمانیان دەوڵەمەند دەکا. هەر بەهۆی فەرهەنگەوە دەتوانین، لە ووشە و زاراوەی دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردیی، زمانەکانی بیانیی و نەتەوەکانی جیهان بگەین." (حوسێن محەمەد عەزیز:٢٠٠٥: ٤٨٧).

واتە فەرهەنگی هەر زمانێک سوودێکی زۆری لێوەردەگیرێت و بەهۆی گۆڕانی لایەنەکانی ژیان و شارستانییەتەوە زمان گەشەدەکات و دەگۆڕێت و بەم پێیە فەرهەنگی وشە و زاراوەکانیشی فراوان دەبێت و ئەو لایەنانە زۆر و جۆراوجۆرن، کە دەبنەهۆی فراوانبوونی وشەی فەرهەنگەکان وەک: لایەنی کۆمەڵایەتی و شارستانێتیی نەتەوە، لایەنی ئابووری، ڕامیاری، کاریگەری ئەدەبیات و پێشکەوتنی ڕۆشنبیری، کاریگەری زمانێک بەسەر زمانێکی ترەوە. هەموو ئەم هۆیانە و چەند هۆیەکی تریش دەبنە هۆی گەشەکردن و پێشکەوتنی زمان، " بێگومان پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ، لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵدا، دەگۆڕێت و زیاددەکات و پێویستی تازەی ژیانی کۆمەڵ لە گەشەو گۆڕانیدا دێتەکایەوە، ئەو پێویستییانە، پێویستییان بە زمانی دەربڕین هەیە، واتە زمانێک دەبێت لەگەڵ ئەو گۆڕان و پێشکەوتنەدا بگونجێت. واتە زمانی زیندوو و ڕەسەن، دەبێت زمانی سەردەم بێت و بتوانێت، پێویستییەکانی سەردەم، لە داهات و

داهێنانی تازەی تەکنەلۆژیا و زانستی جۆربەجۆر دەرببڕێت و زمانی زانست و کۆمەڵ بێت." (ڕەفیق شوانی:٢٠٠١: ٤٨)، بۆیە مرۆڤ لەگەڵ گۆڕانی ژیانیدا، پێویستی بە شتی کۆن کەمتر دەبێت و وشە و ناوەکانیشیان وردە وردە ون دەبن، بەڵام لەلایەکی تریشەوە وشە و زاراوەی نوێ دێتە ناو زمانەکەوە و لەبەر پێویستی ژیانی کۆمەڵ بەکارهێنانیان زیاددەبێت لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی فراوانبوون و زیادبوونی وشە و زاراوەی زمان، کە سەرئەنجام دەبێتە هۆی فراوانبوونی فەرهەنگی زمان.

گرنگی و سوودەکانی فەرهەنگ لە چەند خاڵێکدا کۆدەبێتەوە:

١- "پارێزگاریکردن لە مانەوەی وشەکانی زمان.

٢- توانا بە زمان دەبەخشێ تاوەکو لەگەڵ ڕەوڕەوەی زانست و هونەر بەرەوپێش بچێ.

٣- ئاشکراکردنی واتای وشە نادیار و لێڵەکان.

٤- زانینی نەژاد و داڕشتنی وشەکان.

٥- زانینی مێژووی وشەکان و گەشەسەندنیان، جیاوازی لە بەکارهێنانیاندا.

٦- هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو وشانەی لە بەکارهێنان کەوتوون.

٧- ناسینی خاوەن وتەی بەڵگەیەک لە بەڵگەکان.

٨- ناسینی پێکهاتەی وشە ئاخاوتن – نووسین.

٩- ڕێکخستنی ڕاست و دروستی وشە بە پێی ئەسڵ و گەردانکردن." (بەناز ڕەفیق تۆفیق:٢٠٠٨: ١٨-١٩).

فەرهەنگ سوودێکی گەورەی هەیە بۆ کۆمەڵ بە تایبەت ئەو کۆمەڵانەی، کە زمان و کلتووری خۆیان دەپارێزن. فەرهەنگی سەرکەوتوو ئەو فەرهەنگەیە، کە سەرجەم وشەکانی زمان لەخۆدەگرێت، بە وشەی کۆن و نوێ و دەبێتە گەنجینەیەک بۆ زمان، کۆمەڵێک وشە لەناو زماندا هەن پەیوەستن بە شتە مێژووییەکانەوە پێیان دەوترێت (وشەی

ونبوو)، ئەو وشانە لەناوەچوون، بەڵکو ونبوون و چوونەتە ناو گرووپی وشە مێژووییەکانەوە، ئەگەر هەوڵێک بۆ پارێزگاریکردنیان لە ونبوون و لەناوچوونیان نەدرێت، ئەگەرێکی دوور نییە نەوە لەدوای نەوە کەم تا زۆر بەشێکیان بە یەکجاری ماڵئاوایی لە زمانەکە بکەن و دواتریش و سەرلەنوێ ئەرکی کۆکردنەوەیان هێندە قورستر دەبێت، کەواتە فەرهەنگ تەنها ئەرکی ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی وشەکان نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە مێژوو و ناسنامەی زمانەوە.

هەروەها ئەو وشە کۆنانە دەتوانرێت سوودیان لێوەربگیرێت بۆ واتای نوێ، " بۆ نموونە (carvan) لە زمانی ڕووسیدا بە واتای کاروان هاتووە، بەڵام ئێستا بە واتای ژوورێکی دەستکرد دێت، بە هەمان شێوە ئەم وشەیە لە کوردیدا بەکاردێت و هەمان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە." (تابان محەمەد سەعید:٢٠٠٨: ٢٢).


زیادبوون و گۆڕانی وشە دیاردەیەکی سروشتی زمانەکانە و زمان بۆئەوەی بتوانێت شان بەشانی پێویستییەکانی ژیان بڕوات توانای داهێنانی وشەی نوێی هەیە، ئەم ڕاستییەش لە سەرجەم زمانە زیندووەکاندا سەرنج دەدرێت، بۆ نموونە " ژمارەی وشەکانی ئەو فەرهەنگەی کە کۆڕی زمانەوانی فەرەنسی، لە سەدەی حەڤدەهەمدا، بڵاویکردەوە، تەنها بیست هەزار وشە بوو، کەچی لە سەدەی بیستەمدا وشەکانی ئەو فەرهەنگە ژمارەیان بووە سی و پێنج هەزار وشە." (وجیه حمد عبدالرحمن:١٩٨٢: ٦٧). ئەوەی پێویستە بوترێت، کە فەرهەنگیش لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵ و زیادبوونی کەلوپەل و پێویستیەکانی مرۆڤ و گەشەکردنی بیری مرۆڤ، وشە و زاراوەکانی زیاددەکا ت و لە سنوورێکدا ناوەستێت.

هەندێ لە فەرهەنگەکانیش لە پاڵ لێکدانەوەی واتایی وشەکانی بە هەمان زمان یان بە زمانێکی تر، گرنگی بە ڕوونکردنەوەی بنج و ڕەچەڵەک و شێوەی بنەڕەتی وشەکان دەدات و ڕەسەنیان پیشاندەدات و سەرچاوەی پەیدابوون و وەرگرتنی وشەکانی زمانیش ئاشکرادەکات. هەروەها " مەرجی سەرکەوتنی فەرهەنگێک، دیاریکردنی زۆربەی زانیاریەکانە چونکە بەراوردکردنیان بە دەروازەی زانیاریەکانی وشەکانی مێشک هێشتا کەمە." (تابان محەمەد سەعید:٢٠٠٨: ٨).

## ٢-٣/١) جۆرەکانی فەرهەنگ:

فەرهەنگ گەلێک جۆری هەیە، هەر فەرهەنگێک ئامانج و سوودی تایبەتی خۆی هەیە و فەرهەنگەکان لەسەر بنەمای جیاواز دەنووسرێن، بۆ نموونە لەسەر بنەمای مەبەست و شێوەی لێکدانەوەی کەرەستەی زمان، وەک: (فەرهەنگی زمانی نەتەوەیی، فەرهەنگی زمانی نەتەوەیی – بیانی، فەرهەنگی زمانی بیانی – نەتەوەیی ) (حوسێن محەمەد عەزیز:٢٠٠٥: ٤٨٧). یان لەسەر بنەمای واتایی، یاخود بە پێی پلەی چەسپاوی و نەچەسپاوی وشەکان، وەک (فەرهەنگی بنەڕەتی، فەرهەنگی گشتی) (تابان محەمەد سەعید:٢٠٠٨: ١٣).

بە تێکڕای وشەکانی زمان دەوترێت "فەرهەنگی گشتیی زمان"، فەرهەنگی هەموو زمانێکیش هاوشێوەی ئەم هێلکاریەی خوارەوەیە: (ڕۆژان نوری عەبدوڵلا:٢٠١٣: ١٠).




هێلکاری(١)

(فەرهەنگی گشتی) سەرجەم وشەکانی زمانێکی دیاریکراو لەخۆدەگرێت و فەرهەنگی بنەڕەتی بەشێکە لە فەرهەنگی گشتی، کە بە کاکڵ و مەغزای زمان

دادەنرێت و وشە ڕەسەنەکانی زمان دەگرێتەوە، کە ناسراون لە لایەن کۆمەڵێکی دیاریکراو، بەدەر لەو دیالێکتەی قسەپێدەکەن و بەدەر لەو چینە کۆمەڵایەتییەی، کە بەشێکن لێی، مەرج نییە تایبەت بن بە ناوچەیەکی دیاریکراو، یان پیشەیەکی دیاریکراو، گرنگ ئەوەیە، کە مۆرکێکی نیشتمانییان هەیە (عوسمان کەریم:٢٠١٤: ٩). وشەکانی فەرهەنگی بنەڕەتی دەچنە ڕیزی وشە چالاکەکان، کە هەمیشە بەسەر دەمەوەن و بەکاردێن.

فەرهەنگی گشتی زاراوە و وشە وەرگیراوەکانیش – خواستراوەکان – دەگرێتەوە، کە بەهۆی کارتێکردنی زمانەکان بەسەر یەک دێنە ناو زمانەکانەوە، بۆ نموونە زمانی (عەرەبی، فارسی، تورکی) کاریگەریان لەسەر زمانی کوردی هەبووە لەبەر گەلێک هۆکار، بۆیە گەلێک وشە و زاراوە لەو زمانانەوە وەرگیراون و ڕۆژانە بەکاردێن، هەروەها لەم سەردەمەدا زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر زمانی کوردی هەیە.

## فەرهەنگی تایبەتی (فەرهەنگی زاراوە):

لە ساڵانی دواییدا چەندین مامۆستا و شارەزایانی زمانی کوردی خزمەتێکی گەورەیان بە زمانەکە کردووە، ئەویش بە ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە وشە و زاراوانەی، کە پەیوەندییان بە شارەزاییەتی تایبەتیی خۆیانەوە هەیە. کۆکردنەوەی ئەو وشە و زاراوانە لە کتێبێکدا هەر فەرهەنگە، بەڵام ئەو فەرهەنگانە تایبەت دەبن بە بوارێک یان زانستێک، بۆیە پێی دەوترێت: (فەرهەنگی تایبەت) یان (فەرهەنگی زاراوە). ئەم جۆرە فەرهەنگانە زیاتر بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو لە بوارێکی تایبەتدا بەکاردەهێنرێن، چونکە لای هەموان ئاشکرا نین و بەکارناهێنرێن. هەر زانست و پیشەیەک کۆمەڵێک زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەو زاراوانە لەگەڵ پێشکەوتنی زانستدا ڕوو لە فراوانبوون دەکەن، بەو پێیە زاراوەکان ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە فراوانکردن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، ئەم گەشە و زۆربوونە " هەروا بە ڕەمەکی پەیدانابن، بەڵکو بە پێی یاسا و دەستور و پێوانە و ڕێگە و ڕێبازی تایبەتییەوە بەرهەم دێن" (شادمان

سالار نەریمان:٢٠٠٨: ٣٢). واتە دەبێت پێوەرەکانی وشەسازیی کوردی و یاساکانی زمانی کوردی ڕەچاوبکرێن و هاوواتایی بۆ زاراوە بیانییەکان بکرێت یان لە ڕێگەی قەرزکردنی زاراوە لە زمانەکانی ترەوە بکرێت. شارەزایان بۆ سازکردنی زاراوەی نوێ، بۆئەوەی ببێتە دەربڕی چەمکێکی نوێ، چەند ڕێگەیەکیان پەیڕەوکردووە ، لەکۆی ئەو ڕێگەیانە ئەمانەی خوارەوەیە:

١- هەڵگواستن (داڕشتن)

٢- لێکدان

٣- فرێزی چەسپاو (حاتەم ولیا محەمەد:٢٠٠٠: ٢٩).

٤- وەرگێڕان (کاڵکە). (ئیبراهیم ئەمین باڵدار:١٩٨٦: ٢٢٠).

٥- گەورەکردنی کەرەستەی خۆماڵی لە ڕێی فراوانکردنی واتاکانیانەوە (عوسمان کەریم:٢٠١٤: ٨٤).

٦- وەرگرتن (خواستن).

٧- پێوانە (زڕەڕێژ).

٨- داهێنان و درووستکردنی تایبەت.

هەر یەک لەم ڕێبازانە لە بەشی دووهەمدا زۆرتردەخرێنەڕوو و شیدەکرێنەوە.

## ٣/١-٣) گواستنەوەی وشە و زاراوە لە نێوان فەرهەنگی گشتی و فەرهەنگی تایبەتیدا:

أ- گواستنەوەی وشە لە فەرهەنگی گشتییەوە بۆ فەرهەنگی تایبەتی.

ئەم جۆرە گواستنەوەیە زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی لە زمان بەرچاودەکەوێت، گەلێک وشە لە فەرهەنگی گشتییەوە بۆ ناو فەرهەنگی تایبەتی گواستراوەتەوە ، گواستنەوەی وشەیەک بە واتایەکی گشتی ئاسایی بۆ زاراوەیەکی تایبەت بە

زانستێک و چەمکێکی تایبەتی، مەرج نییە ئەو وشانە کاتێک دەچنەناو فەرهەنگی تایبەتییەوە واز لە واتا گشتییەکەی بهێنێت، بەڵکو لە هەردوو جۆرە فەرهەنگەکەدا - واتای گشتی، چەمکی تایبەتی- بەکاردەهێنرێت. بۆ نموونە وشەی (زمان)، دوو واتای هەیە:


زمان: لە (فەرهەنگی گشتی)، زمان پارچە گۆشتێکە لە جەستەی مرۆڤدا هەیە.

زمان: لە (فەرهەنگی تایبەتی) ، لە زانستی زماندا بەکاردەهێنرێت، چەمکێکی تایبەتی هەیە.

توێژ: لە (فەرهەنگی گشتی) ، کۆبوونەوەی چەوری پێکهاتەیەک .

توێژ: لە (فەرهەنگی تایبەتی) ، چینەکانی کۆمەڵگا.

گە خستنەڕووی هەریەک لەم نموونانەدا، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە وشەکان لە فەرهەنگی گشتییەوە گواستراوەنەتەوە بۆ فەرهەنگی تایبەتی، واتا گشتییەکەیان لەدەست نەداوە و بۆ هەردوو واتاکان بەکارهاتووە. بڕوانە ئەم هێلکارییەی خوارەوە:





هێلکاریی (٢)

ب- گواستنەوەی زاراوە لە فەرهەنگی تایبەتییەوە بۆ فەرهەنگی گشتی.


زاراوە لە ئامێزی پسپۆڕێتیکاندا سەرچاوەی گرتووە، زۆرجاریش بەخێرایی بڵاودەبێتەوە و دەکەوێتە سەر زاری زۆربەی قسەپێکەرانی زمانێکەوە و لە فەرهەنگی گشتیدا (لەپاڵ مانەوەی لە فەرهەنگی تایبەتیدا) تۆماردەکرێت، ئەم

دیاردەیە زیاتر لەو چەمکانەدا ڕوودەدات، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە کۆمەڵگاوە هەیە. (أعضاء شبکة العلوم الصحیة:٢٠٠٥: ٣٧). بۆ نموونە ئەو زاراوانەی پەیوەندییان بە باری تەندروستی و سیاسی و ئابووری خەڵکەوە هەیە، خێرا بڵاودەبنەوە، بەڵام ئەو زاراوانەی، کە پەیوەندییان بە زانستی کیمیا و فیزیاوە هەیە کەمترن، بۆ نموونە: دەستکرد، داهێنان، دراوی ساختە، بودجە، پەراسیتۆڵ، ئینتیهاب (التهاب)، سۆنەر، دەرماڵە، ...هتد.




هێلکاری (٣)

ئەوەی پێویستە بوترێت، کارلێکی نێوان فەرهەنگی گشتی و فەرهەنگی تایبەتی زاراوە بەردەوامە و ڕوو لە زیادبوون دەکات.




هێلکاری (٤)

## ٣/١-٤) بە لێکسێمبوونی زاراوە و وشەی بیانیی:

### ٣/١-٤-١) ڕوونکردنەوەیەک بۆ – بوون بە لێکسێم:

بە لێکسێمبوون پرۆسەیەکە وەک جۆرێک لە بەکارهێنانی سەلیقە بە شێوازێکی پەیڕەوبەندانە، لە لایەن ئاخێوەرانی زمانێکەوە ئەنجامدەدرێت ، " پرۆسەیەکە بۆ تێکردەی توخمێک لە فۆرمی وشە، یان فرێزدا بۆ ناو فەرهەنگی زمانێک." (محەمەد مەجید سەعید:٢٠١٥: ٤٥)، هەروەها ئەم پرۆسەیە تەنها لە چوارچێوەی زمانێکی تایبەت ئەنجام نادرێت، بەڵکو دەتوانرێت لە ڕێی قەرزکردنی زاراوە و وشەی بێگانەشەوە (Borrowing Word) ڕوودەدات.

لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە " یەکە نوێیەکان کە وەک یەکەی فەرهەنگی ڕەچاودەکرێن و بەدی دێن." (Brinton and Traugott:2005:32). هەروەها پرۆسەکە بە گۆڕینی فۆڕمێکی ئازادی سینتاکسی بۆ فۆڕمێکی چەسپاوی مۆرفۆلۆجی/فەرهەنگی دەبێت، واتا: هەر فۆڕمێکی زمانی پەیوەست بە نواندنی واتاییەوە، کەوتە دەرەوەی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەوە، ئەو کاتە بە لێکسیم دەبێت. (ئاڤێستا کەمال مەحمود:٢٠١٢: ١٣٥). واتە بەلێکسێمبوون بە واتای داهێنانی وشەی نوێ دێت و دەکرێت بە دوو شێوە ڕوودەدات:

(أ) لە ڕێگەی دروستە سینتاکسییەکانەوە.

(ب) لە ڕێگەی خواستنی وشەی بێگانەوە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە بوترێت ئەم پرۆسەیە تەنها لەسەر وشە پەیڕەوناکرێت، بەڵکو لەسەر زاراوەش دەکرێت، چونکە زاراوە جۆرێکە لە وشە، بۆیە ئەو پرۆسانەی، کە وشەی پێی دروستدەبێت زاراوەش دەگرێتەوە.

### ٣/١-٤-٢) وەرگرتنی کەرەستەی بیانیی:

لە هەموو زمانێکدا، بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکان بە وشە و زاراوەی پێویست، پەنادەبرێتەبەر ڕێگەی وەرگرتنی کەرەستەی بێگانە، هەر زمانێکیش بە ڕادەی جیاواز

ئەو کەرەستانە وەردەگرێت، بوونی ئەو کەرەستانەش لە زماندا کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر زمان ناکات و بێگومان هیچ زیانێک بە زمانەکە ناگەیەنێت، بگرە دەوڵەمەندیشی دەکات، ئەگەر بەپێی پێویستیی و بەپێی مەرجە تایبەتییەکانی پرۆسەی وەرگرتن ئەنجام بدرێت.

پرۆسەی وەرگرتن تەنها (وشە) و (زاراوە) ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو یەکە و دانەکانی تری زمانیش دەگرێتەوە و لە زمانێکەوە دەچنە ناو زمانێکی تر، لە بچووکترین کەرەستەی زمانی، کە دەنگە تاوەکو گەورەترین کەرەستە، کە ڕستەیە. ئەم کەرەستە بێگانانەی ناو زمانی کوردی، هەندێکیان بە ڕادەیەکی زۆر لە لایەن قسەپێکەرانەوە بەکاردەهێنرێن، وەکو کەرەستەکانی (دەنگ، فۆنیم، وشە)، بە تایبەت وشە، کە هیچ زیانێک بە زمانەکە ناگەیەنێت، بەڵام هەندێکی تریان کەمتر بەکاردەهێنرێن، وەکو (فرێز و ڕستە) بێگانەکان. مەبەستمان ڕیزبوونی کەرەستەکانیانە بە پێی یاسابەندیی زمانانی تر، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، هەندێک کەس لە زمانێک زیاتر دەزانێت و بەبێ ئاگایی پەیڕەوی ڕیزبەندی ڕێکبوونی کەرەستە بنجییەکانی نێو ڕستەی زمانێکی تر بەکاردەهێنێت بۆ ڕیزکردنی کەرەستەی ڕستەی زمانەکەی خۆی و لێرەدا قسەکەر تەنها وشەکانی تایبەتن بە زمانەکەی خۆی و ڕیزکردنەکەی ڕیزکردنی زمانێکی ترە، بەڵام ئەم جۆرە وەرگرتنە (وەرگرتنی یاسا و ڕێسای بیانیی) زمان تووشی نەمان و لەناوچوون دەکات، بۆیە پێی دەوترێت: (ژەهری زمانیی)، دەستەواژەی ژەهری زمانیی (language poison) " لە زانستی زمانی نوێدا، بەو یاسا و ڕێسا خوازراو، یان وەرگیراوانە دەوترێت، کە دەچنە ناو زمانێکی ترەوە و بەپێی تێپەڕبوونی کات تێکەڵ بە زمانە وەرگیراوەکە دەبن و کار لە یاسا و ڕێساکانی دەکەن و دواجار بەرەو مردن و لەناوچوونی دەبەن." (محەمەد مەجید سەعید:٢٠١٥: ١١٢). ئەوەی پێویستە بوترێت، ژەهراوبوونی زمان زیاتر لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە ڕوودەدات، بە تایبەتی وەرگێڕانی وشە بە وشە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی زانیارییەکان لە قاڵبێکی زمانی بێگانەوە بێتە ناو قاڵبی زمانێکی تر. (وریا عومەر ئەمین:٢٠١١: ٨٨). زمانی کوردی لەڕووی ڕستەسازییەوە بە هۆی هۆکارێک یان زیاتر کەوتۆتە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبییەوە، ئەمەش وایکردووە، کە هەندێ قاڵبی زمانی عەرەبی بێتە ناو زمانەکەمانەوە و لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و چاپەمەنیدا ئەم قاڵبە نامۆیانە

دەکەونە بەرچاو، بۆیە قسەکەری زمانی کوردی وای لێهاتووە بەبێ ئاگایی خۆی ئەم جۆرە ڕستانە لە بوارەکانی ڕاگەیاندن وەردەگرێت و لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیدا بەکاردەهێنێت. بۆنموونە:

دەستم کرد بە نووسینی ئەم کتێبە.

پێویستە بوترێت: دەستم بە نووسینی ئەم کتێبە کرد.

هەروەها وەک زاراوەی (علم النفس)، هەندێکجار پێی دەوترێت (زانستی دەروون)، کە قاڵبێکی عەرەبییە و وشەکان کوردین و ڕاستر وایە بوترێت (دەروناسی). (ئەکرەم قەرەداغی:١٩٨٠: ٢٧). ژەهری زمانیی تەنها لایەنی ڕێزمانی ناگرێتەوە، بەڵکو لایەنی فۆنۆلۆژیش دەگرێتەوە. ئەو دەنگانە، کە لە زمانێک وەردەگیرێت و تێکەڵی سیستەمی فۆنۆلۆژی زمانێکی تر دەبن و دەچنە ناو پێکهاتەی چەندین وشەوە. (کامەران ڕەحیمی:٢٠٠٧: ١٦). لە (بەشی سێیەم)ی نامەکەدا تەوەری (وەرگرتن بە پێی ئاستەکان) زیاتر دەخرێتەڕوو.

## ٣/١-٤-٣) بە لێکسێمبوونی زاراوە و وشەی بیانیی:

کاتێک قسەپێکەرانی زمانێک زاراوە و وشەیەکی گونجاویان نەبێت بۆ هەندێک چەمک و واتا، ناچاردەبن پەنابەرنەبەر زاراوە و وشەی زمانی تر و بەکاریبهێنن، تاکو بتوانن لە ڕێگەی ئەو وشە و زاراوە خوازراوەی بەکاریدەهێنن، کەلێنی زمانەکەیانی پێ پڕبکەنەوە.

زمانی کوردیش وەک هەر زمانێکی تر، کۆمەڵێک وشە و زاراوەی بێگانەی تێدایە، کە لە چوارچێوەی زمانەکەدا بەکاردێت و ڕۆژانە لەسەر زاری خەڵک و لە بەرهەمی نوسەران و ڕۆشنبیراندا بەرچاودەکەوێت، وەرگرتنی وشە و زاراوەی بیانیی بۆ لاوازی زمانەکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە و دێتە ناو زمانەوە لەوانەش: (داهێنان و دۆزینەوەکان، شارستانییەت و ڕۆشنبیری، دراوسێتی و کۆچکردن، ئایین، سیاسەت، زانینی زیاتر لە زمانێک، ...هتد)- لە (بەشی سێیەم)دا زیاتر لەسەر هۆکارەکان

گفتوگۆکراوە ــ ئامانجی سەرەکی لە بەرکارهێنانی زمان گەیاندنی واتایە و دروستکردنی پردی پەیوەندییە لە نێوان مرۆڤەکاندا، " زمان بریتییە لە ڕێکخراوێکی هێمایی دەنگی سەربەخۆ، بە شێوەیەکی خۆرسکی و لەخۆوە لە کۆمەڵدا بەرهەمدێت، بە مەبەستی تێگەیشتنی نێوان تاکەکان بەکاردێت." (فؤاد مرعی:٢٠٠٢: ٧٠). لە کاتێکدا چەمک و واتایەک دێتە پێشەوە و لە زمانەکەدا وشەیەک بەرانبەری نەبێت بە تەواوی مەبەستەکە بپێکێت و واتا بگەیەنێت، بە ناچاری پەنادەبرێتەبەر وشە و زاراوەی بیانیی بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندێتیی زمانی وەرگر، بۆئەوەی ئەو بۆشاییەی پێیَ پڕبکرێتەوە، کە لە زمانەکەدا هەیە.

زمانی کوردی بۆ واتای هەریەک لەم چەمکانە، زاراوەکانی: (حکومەت، وەزارەت، سیاسەت، دەوڵەت، لیژنە، کۆلێژ، پەرلەمان، پەساپۆرت، ڤیستیڤاڵ، کەرنەڤاڵ، کۆنفرانس، زەکات، ...هتد) بەکارهێناوە، هەروەها لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکدا، دەیەها وشە و زاراوەی بێگانە دەبیسترێت لەوانەشە هاوواتاکانیان لە زمانی کوردی هەبن، بەڵام لەوانەیە لە هەموو کات و شوێنێکدا واتای تەواو نەبەخشن و مەبەستەکان نەپێکن، بۆیە وشە و زاراوە بیانییەکان بەکاردەهێنن، تاکو تاکەکان بەبێ ئاڵۆزی لە یەکتر تێبگەن.

تێبینی ئەوەش دەکرێت هەندێک وشەی بیانی هەیە، لە مێژەوە لە زمانی کوردیدا بەکارهاتووە و بە شێوەیەکی وا بە کوردی کراوە، کە بە هیچ جۆرێک سیمای بیانیی پێوەنەماوە و تێکەڵی زمانەکە بووە و بە لابردن و دوورخستنیی کەلێنێک و بۆشاییەک دروستدەبێت، لەم بارەیەوە (جەمال نەبەز) دەڵێت: " بۆ وێنە ئەو وشانە: بە هیچ کلۆجێک (کل وجه) هەق (حق) ماڵ (مال) نەگبەتی (نکبة) مروەت (مرؤە) ئامشۆکردن (امدوشدکردن) ...هتد، تازە تێکەڵ بە خوێن و گۆشتی زمانەکەمان بوون، لەبەرئەوە بە لای منەوە لابردنیان دەبێتەهۆی پەیداکردنی کەلێنێک کە بە هیچ کلۆجێک بۆمان پڕنابێتەوە." (جەمال نەبەز:٢٠٠٨: ١٧).

وەرگرتنی وشە و زاراوە بریتییە لە گواستنەوەی فۆڕمی بیانیی بۆ زمانی خۆماڵی، واتە لە زمانێکی ترەوە وەردەگیرێت و "خواستراو"یشی پێدەوترێت. (محمد علی الخولی:١٩٨٢:

٣٤). فۆرم وەرگرتن نابێت بە شێوەیەکی ڕەمەکیی کاری پێبکرێت، بەبێ ئەوەی زمان پێویستی پێبێت، ئەگەرنا ئەو کاتە لەبری دەوڵەمەندکردنی، زیان بە زمان دەگەیەنێت و " دەبێتە هۆی پەکخستنی سەلیقە و بیرکردنەوەی تاک و کۆمەڵ، چونکە بەکاربردنی وشەی بێگانە، وەک کەرەستەیەکی ئامادە، دەبێتە هۆی سستکردنی بیرکردنەوە و دنیابینی کوردی." (محەمەد مەجید سەعید:٢٠١٥: ١١٩) ، لەبەرئەوە وەرگرتنی وشە و زاراوە مەرج و تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆئەوەی زیان بە زمانەکە نەگەیێنێت، یەکێک لەو مەرجانە دەبێت فۆرم خواستن هەڵقوڵاوی پێویستییەکان بێ (هەژار:١٩٧٤: ٢٨٥)، ئەویش لەوکاتەدا، کە کەرەستە ماددییەکانی دەرەوەی زمان زیادەبێت وەک کەرەستەکانی تەکنەلۆژیا و ناوی هەندێ ئاژەڵ و ڕووەکی نوێ و دەرکەوتنی چەمکی نوێ و نامۆ، کە پێشتر لە زمانەکەماندا بەکارنەهاتوون. (Andrew and Other:2009:225).

مەرجێکی تر بۆ فۆرم خواستن (وەرگرتن) گۆڕینی دروستەی فۆنۆلۆژیی و جێبەجێکردنی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی لەسەر وشە و زاراوە وەرگیراوەکانە، بە گۆڕینی هەندێ دەنگ و بڕگە و گونجاندنی لەگەڵ سروشت و یاساکانی زمانی کوردیدا، زۆر گرنگە ئەو دوو مەرجەی سەرەوە بە هەند وەربگیرێن بۆئەوەی وشە و زاراوە وەرگیراوەکان ببن بە لێکسیم و وەک فۆرمێکی کوردیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

" زمانی کوردیی هێندە وشەی زۆری لە زمانانێکی زۆرەوە وەرگرتووە، کە گرانە قسەکەرێک بتوانێت بەبێ بەکارهێنانی وشەی وەرگیراو ، هیچ چشتێک بڵێت." (محەمەدی مەحوی:٢٠١٠ :١٢٧-١٢٨). وەرگرتنی وشەی بیانی پەیوەست بە لێکسیمبوونەوە، بۆئەوەی بچێتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردی و دەوڵەمەندی بکات، پاش جێبەجێکردنی بنەماکانی بە لێکسیمبوون و گونجاندنیان لەگەڵ پێڕەوی فۆنۆلۆژیی و فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردیدا دەبێت، بەمەش " بەشدارییدەکەین لە پاراستنی تایبەتمەندییەکانی زمانەکەماندا و لە گەشەدانی پێڕەومەندانەدا systematic بە زمانەکەمان لە ڕووی زۆرکردنی گەنجی وشەکانییەوە." (محەمەدی مەحویی:٢٠١٠: ١٤١). بۆئەوەی بتوانین وشە و زاراوەی بیانی بەکاربهێنین دەبێت بخرێنە ژێر سیستەمی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی زمانە خۆماڵییەکەوە، تاوەکو شێوەی دروست وەردەگرێت. (Andrew Radford and Ogher:2009:225).

زمـــــانی کـــوردی دەنـــــگ و فــــۆنێمی تــــایبەتی خــــۆی هەیە، کە جیـــــاوازە لە دەنــــگ و فــــۆنیمی زمانەکـــانی تـــر، بە تـــاییەت ئەو زمانـــانەی، کە ســــەر بە هەمـــان خێزانـــی زمـــانی نـــین، وەکـــو زمـــانی عەرەبـــی، لەبەرئەوە ئەو دەنـــگە نامۆیـــــانە، کە لە وشــــــە و زاراوە بیانییەکانــــــدا هەن، کاتێـــــک وەردەگیــــــرێن پێویســـتە بەپێـــی فۆنۆلـــۆژی زمـــانی کـــوردی گـــۆبکرێن و بنووســـرێن، یـــاخود چـــۆن ئاســـــان بـــوو لەســــەر زمـــان و دەربـــڕین بەو شـــێوەیە گـــۆبکرێن، لە زمــــــانی کوردیـــــــدا نمـــــوونەی زۆر بەرچـــــاودەکەون، وەک ئەم وشـــــانەی خوارەوە:

| وشەی بیانیی | زمانی سەرچاوە | کوردێنراو |
|---|---|---|
| دعوە | عەرەبی | داوا |
| معاملە | عەرەبی | مامەڵە |
| دولە | عەرەبی | دەوڵەت |
| قرض | عەرەبی | قەرز |
| میکانیزم | ئینگلیزی | Mechanism |
| تەکنیکی | ئینگلیزی | Technical |
| بۆیون باغ | تورکی | بۆیمباخ |
| قورولموش | تورکی | قورمیش(بە واتای کۆکردنەوە) |

ئەگەر ســـەرنجی ئەو نموونـــانە بـــدەین، دەبینـــین هەنـــدێکیان تەنهـــا دەنـــگە بێگـــانەکە گـــۆڕاوە بـــۆ دەنگـــی کـــوردی وەک (قـــرض – قەرز)، هەنـــدێکی تریـــان دەنگێـــک لە دەنگەکـــان تیـــاچووە، وەک (معـــاملە – مـــامەڵە). یـــان لە یەک دەنـــگ زیـــاتر تیـــاچووە وەک (تەکنیکـــی – technical)، هەنـــدێکی تـــر دەنـــگە خۆمـــاڵییەکە گـــۆڕاوە بـــۆ دەنگێکـــی تـــری خۆمـــاڵی، وەک (خـــدمە – خـــزمەت)، یـــاخود دوو دەنگـــی گـــۆڕاوە بـــۆ یەک دەنـــگ وەک (بۆیـــون بـــاغ – بۆیمبـــاخ)، یـــان دەنگێکـــی بـــۆ زیـــادبووە وەک (دولە

– دەوڵەت)هەشـــیانە دوو یـــان ســـێ لەو دیـــاردانە دەیـــانگرێتەوە. بەم شـــێوەیە هەمـــوو وشـــــەکان لە ڕووی دەربـــــڕین و نووســــــینەوە بە کـــــوردی کـــــراون، لە پاشـــــاندا بەکارهاتوون.

پابەنـــدبوونی وشـــە بیانییەکـــان بە یاســـای ڕێنـــووس و فۆنۆلـــۆژیی زمـــانی کـــوردیی وادەکـــات، کە بـــۆنی بیانییـــان لـــێ نەیەت و بە تێپەڕبـــوونی کـــات بـــبن بە وشـــەی خۆمـــاڵی، ئەمـــڕۆ ژمـــارەیەکی زۆر وشـــە و زاراوەی بیـــانیی لە نێـــو زمـــانی کوردیـــدا هەیە، هێنـــدە بە هێـــز ڕەگـــی داکوتیـــوە، قـــاڵبی دەنگـــی و شـــێوەی نووســـینی کـــوردی وەهـــا گرتـــووە، نەک هەر خـــاوەن زمـــانە ڕەســـەنەکە نایناســـێتەوە، بەڵکـــو زۆربەی کـــوردیش نازانێـــت، کە کـــوردی نـــین، مەگەر ئەو کەســـانەی پســـپۆری بـــابەتەکەبن و شارەزای زمان بن.

وەرگرتنی فۆرم جۆرێکە لە جۆرەکانی وەرگرتن و لە هەموو کەرەسەکانی تری زمان بڵاوترە و لە هەمووشیان زیاتر هەستی پێدەکرێت و سەرنج ڕادەکێشێت، (محەمەد مەعروف فەتاح:٢٠١١: ١٣٥)، وەرگرتن لە ئاستی وشەسازیدا خۆی لە وەرگرتنی فۆرم دەنوێنێت و لە ئاستی ڕستەسازیدا زیاتر لەسەر شێوەی فرێز و وشەی لێکدراو و چەسپاو دەبینرێت وەک: (معلومات، ئیشارات، مەسەلەی سیاسەت، ...هتد)، " هەروەها خواستنی وشەی سادە بڵاوترە، وەک لە وشەی لێکدراو و فرێز، بۆ نموونە: عیلم، شاعیر، مطعم، بڵاوترە لە سەلام و علیکم، تەشکوور، ...هتد" (ساکار ئەنوەر حەمید:٢٠٠٩: ٨٦).

لە زمانی کوردیدا هەندێ وشەی بیانی بەکارهاتووە، سەرەڕای بێگانەیی وشەکە، واتاکەی لە واتا ڕەسەن و بنەڕەتییەکەی خۆی جیاوازە، بۆ نموونە:

- (بەخیل) لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (ڕەزیل) دێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا بۆ واتای (حەسوود) یان (پەککەوتە) بەکارهاتووە.

- (هیلاک) لە زمانی عەرەبیدا (هلاک)ە بە واتای (نەمان و لەناوچوون) دێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا بۆ واتای (ماندوو) بەکارهاتووە.

کاتێک هەندێ وشەی بێگانەی وەرگیراو هاتوونەتە ناو زمانەکەمانەوە، واتایەکی بەرزیان پێدراوە و هەندێکی تریشیان واتاکەیان نزم و تەسکبۆتەوە، بۆ نموونە (حەزرەت) لە (حضرت)ی زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، لە زمانی کوردیدا بە کەسێک دەوترێت، کە لە ئاستی پێغەمبەران و پیاوچاکاندا بێت، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت، کە ڕێزی لێبگیرێت بە واتای (بەڕێز و جەنابی) زمانی کوردییە و مەرج نییە لە ئاستی پێغەمبەراندا بێت. بۆ نموونە (حضرت الرئیس) بە واتای (جەنابی سەرۆک)، وشەی (حضرت) کراوە بە کوردی و واتا و ئاستەکەشی بەرزبۆتەوە و مەرجیشە لە کاتی بەکارهێنانی بۆ ئەو کەسانە بێت، کە لە ئاستی پێغەمبەراندان. هەروەها وشەی (دەڵاڵ)یش، کە لە (دلال)ەوە وەرگیراوە واتاکەی نزم و تەسکبۆتەوە لە واتای (ڕێنیشاندەر)ی عەرەبی بۆ کەسێک، کە کارێک ئەنجامدەدات لە یاسا و کۆمەڵدا پەسەندنییە و قێزەونە، بەرانبەر بڕێک پارە لە کۆمەڵگای کوردیدا.

بەم شێوەیە، هەندێک وشەی وەرگیراو و بیانیی واتاکەیان بەرز و فراوانبووە، وەکو (حەزرەت) و بە پێچەوانەوە هەندێکی تریشیان واتاکانیان تەسک و نزم بۆتەوە، وەک (دەڵاڵ).

هاوکات هەندێک وشەی بیانیی تریش هەیە، لە کاتی بەکارهێنانی لە زمانەکەماندا، کێڵگە واتاییەکەشی گۆڕاوە ، بۆ نموونە وشەی (باجی) " لە زمانی تورکیدا بە واتای خوشکی گەورە دێت و لە کێڵگەی خێزاندایە. لە زمانی کوردیدا هەرچەندە بە هەمان واتا یان بە واتای باوەژنەوە ئەندامی کێڵگەی خێزان بووە، دەچنە چێوەی ئەو وشانەی کە کێڵگەکانیان دەگۆڕێت و لەناو زمانەکەماندا لە کێڵگەی جیادا دادەڕێژرێنەوە." (بەکر عومەر عەلی و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف:٢٠١١: ٩٥). و دەچێتە کێڵگەی فەرهەنگەوە بە واتای (کارمەندی پاککەرەوەی ئافرەت) و گۆڕانی ڕیشەیی بەسەر واتا و کێڵگەکەیدا هاتووە.

جۆرێکی تر لەو وشانە مارکەی بەرهەمێکی پیشەسازیین، بەڵام لە ئێستادا بۆ ناوەرۆکی کەرەستەکان و هاوشێوەی ئەو کەرەستانە بەکاردێن و لە کێڵگەی مارکەدا نەماونەتەوە، وەک (تاید، فاس، کلینکس، زاهی،...هتد). ئەوەی جێی ئاماژەیە هەندێک لە نووسەران و زمانەوانان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە

کاتێـک فـۆرمێکی بیـانیی لە زمـانی سـەرچاوەوە وەردەگیرێـت، بـۆئەوەی ببێـت بە لێکسـێم و وەک فـۆرمێکی کـوردیی مـامەڵەی لەگەڵـدا بکرێـت دەبێـت هەمـوو مەرجەکـانی بەلێکسـێمبوونی تێپەڕانـدبێت، یەکێـک لەو مەرجـانە گـۆڕینی فـۆڕمە - بخـرێتە ژێـر کـاریگەری فۆنۆتـاکتیکی زمـانی کـوردییەوە – کە ئاشـکرایە فـۆرم گـۆڕین هـیچ کێشـەیەک دروسـت ناکـات، بەڵکـو بە پـێچەوانەوە سـەلیقە و دنیـابینی کـــوردانەی پێـــی دەبەخشـــرێت و زۆربەشـــیان لە فـــۆڕمە ڕەســـەنەکانیان دوورنـاکەونەوە، بـۆ نمـوونە: (تـام = طعـم، تـازە = طـازج) (عەزیـز ئـاکرەیی:١٩٧٨: ١١٤)، بەڵام لە هەنـدێ حاڵەتـدا لە کـاتی وەرگرتنـی وشـە پێشـبینی گـۆڕینی کـێڵگەی واتاییشـی دەکرێـت، گـۆڕینی واتـای وشـە بیانییەکـان تـا ڕادەیەک نەگونجـاوە و دەبێـتە هـۆی شـێواندنی زمـان و بە هەڵە لە یەکتـر تێگەیشـتن دێـتە ئـاراوە، بـۆ نمـوونە وشـەی (بەلـوعە) لە (بلـوعە)ی عەرەبـی وەرگیـراوە، لە زمـانی سـەرچاوە بـۆ واتـای زێـراب یـان پاشـەڕۆ بەکاردەهێنرێـت و لە زمـانی خۆمانـدا بـۆ واتـای سـەرچاوەی ئـاوی خـواردنەوە بەکارهـاتووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـت کە " پێشـبینی ئەوە دەکرێـت، کە ئەو وشـەیە بە هەڵە و تێگەیشـتنی هەڵەوە هـاتبێتە زمانەکەمـانەوە، چـونکە هەمـان وشـە لە زمـانی یەکەمـدا بـۆ خـواردنەوە نەگەتـیڤە، کەچـی لای ئـێمە بـۆ ئەو بـوارە پـۆزەتیڤە." (بەکـر عـومەر عەلـی و عبـدالجبار مسـتەفا مەعـروف:٢٠١١: ٢٩-٤٢). بە تـایبەت ئەو جـۆرە وشـانە لە ڕێـگەی خەڵکـی ئاسـاییەوە وەردەگیـرێن و بە شـێوەیەکی بـێ ئاگایـانە ئەو وشـانە هـاوردە دەکـرێن، بـۆیە پێویسـتە کاتێـک وشـەیەک لە زمـانێکی بیـانی وەردەگیرێـت بە هەمـان واتـا وەربگیرێـت و بە پێـی پـلان و بەرنـامەیەکی داڕێـژراو بەکاربهێنرێـت، تـا ئەو کـاتەی فـۆڕمێکی گونجـاو بـۆ ئەو واتایـانە دروستبکرێت.

ئاشکرایە، کە زاراوە جۆرێکە لە وشە، بەڵام هەندێک تایبەتمەندی بۆ زیادکراوە، یەکێک لەو تایبەتمەندیانەش: زاراوە زیاتر کۆمەڵێک لە کەسانی شارەزا لە پیشەیەک، یان هونەرێک، یان زانستێک، یاخود بابەتێکی تایبەتیدا بەکاریدەهێنن (کەمال جەلال غەریب:٢٠١٢: ١٢). واتە زاراوە وشەیەکی سەر زمانی خەڵکی ئاسایی نییە، لەبەرئەوە ئەوانەی تایبەتمەندن لە بوارە جیاوازەکاندا، ئەگەر نەیانتوانی زاراوەی ڕەسەنی کوردی

بدۆزنەوە بۆ واتا و مەبەستەکانیان، ئەوا دەکرێت سوود لە وەرگرتنی زاراوە لە زمانێکی تر ببینن، بەڵام زۆر گرنگە پێشتر باش لە واتا و چەمکی زاراوە وەرگیراوەکە تێگەیشتبن، دواتر بەکاریبهێنن و بیخەنە ناو فەرهەنگی زاراوەکانی بوارەکەیانەوە، ئەم کارەش بە تاکە کەسێکەوە ناکرێت، بەڵکو بە ڕاوێژکردن و هاریکاری شارەزایانی بوارە جیاوازەکان ئەنجامدەدرێت.

زۆر پێویسـتە لە کـاتی وەرگرتنـی هەر زاراوەیەکـی بیـانی بـۆ هەمـان واتـا بنەڕەتیـیەکەی خـۆی بەکاربهێنرێـت و چەمـک و واتـایەکی تـری نەدرێتەپـاڵ " لەبەرئەوەی زاراوەی بیـانی، لە زمـانە ڕەسـەنەکەی خۆیـدا بـۆ واتـایەکی تـایبەت، یـان دیـاریکراو، بەکـارهێنراوە، دەبـێ کە دەیخـوازین لە زمـانی کوردیشـدا، بە وردی و بـێ دەسـتکاری واتـاکەی بـۆ هەمـان مەبەسـت بەکـاریبهێنین." (جەمـال عەبدول:٢٠٠١: ٦٣).

### ٣/١-٥) بەشداریکردنی هەبوونی زاراوە لە یەکخستنی زارەکاندا:

بە پێی بنەمای زانستی و ئەزموونی زۆرێک لە گەلانی جیهان کارێکی ئەستەم نییە، کە شێوەزارەکانی زمان نزیک بکرێنەوە، بۆ پشت بەستن بەم هەنگاوەش، پێویستە ڕۆڵ و کاریگەری ئەو بنەمایانە بخرێنەڕوو، کە شێوەزارەکان لە واتایەکدا تێیدا هاوبەشن. هەربۆیە ڕۆڵی زاراوە لە یەکخستنی شێوەزارەکاندا دەرهاویشتەیەک بۆ جیاوازییەکی کەم لە ڕووی دەنگ و جۆری دەربڕینەوە نیشاندەدات، شێوەزارەکانی زمانی کوردی یەک دەخات و لە واتایەکدا کۆیاندەکاتەوە. هەروەها لە ڕووی واتای زاراوەکەشەوە هاوبەشی و یەکخستن لەنێوان شێوەزارەکاندا بەدیدەکرێت، بەڵام لە هەندێک وشەشدا کاریگەرییەکان لە شێوەزارێکەوە بۆ شێوەزارێکی تر سەنگ و قورسایی خۆی هەیە، بۆ نموونە وشەی (عەیبە)، کە لە کرمانجی ژووروودا زیاتر کاریگەرە، بەڵام لە کرمانجی ناوەڕاستدا بەو شێوەیە کاریگەر نییە.

کەواتە لە دوو ڕووەوە شێوەزارەکانی زمانی کوردی جیاوازییان هەیە، یەکەم لە ڕووی دەنگ و جۆری دەربڕینە، دووەم لە ڕووی واتای وشەکان، هەر بۆیە لە هەندێک شێوەزاردا جیاوازیی واتایی کاریگەری خۆی پیشان دەدات. (ئازاد ئەمین باخەوان:٢٠١٢: ١٨٤)، ئەگەر بمانەوێت لە دوو جیاوازییەوە بڕوانینە ئەو گۆڕانەی لە نێوان شێوەزارەکاندا هەیە، بۆمان دەردەکەوێت، کە زاراوە ڕۆڵی خۆی لە یەکخستنی شێوەزارەکاندا گێڕاوە و جیاوازییەکانیش ڕووکەشین و بنەڕەتی نین.

لە لایەکی تریشەوە و لە ڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە، بە تایبەت (بنیاتی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی) دەردەکەوێت، کە گۆڕانێکی هێندە گەورە بەدیناکرێت، کە سەرەنجام بووبێتە ڕێگر لەبەردەم یەکخستنی شێوەزارەکاندا، هەر لەم تێڕوانینەوە (ئەدمۆنس) سەبارەت بە دیالێکتەکانی زمانی کوردی نوسیویەتی " هەرچەندە کەمێ جیاوازی لە نێوان دیالێکتەکانی یەک زمانی کوردی بە هەموویانەوە دیارە و گشتیانی بە ئاشکرا گرتووەتەوە." (ئازاد ئەمین باخەوان:٢٠١١: ١٨٥، لە کەمال مەزهەر ئەحمەد (ڕێنیسانس) وەرگیراوە.)، واتە زمانی کوردی چەند شێوەزار و وەچەزار و شێوازی قسەکردنی جیاوازی هەیە، کە دەبنە هۆی دروستبوونی چەندین زاراوە بۆ هەمان واتا، ئەمەش بەشێکە لەو کێشانەی پێویستە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە و زاراوەکان یەکبخرێن. کە واتە مەرجی وەرگرتنی وشە لە شێوەزارێکی ترەوە ئەوەیە، کە ئەو وشە و زاراوەیە کەلێنێکی پێ پڕبکرێتەوە بۆ واتایەک، کە وشە لە بەرانبەر واتاکەیدا نەبێت، ئەگەرئەم کردارە بەو جۆرە نەبێت لە وەرگرتنی زاراوە لە شێوەزارێکەوە، کردارەکەمان ناچێتە خانەی پڕکردنەوەی کەلێنەکان. بۆ نموونە وشەی (زاڕۆڵە) لە شێوەزاری هەورامیدا بە واتای (منداڵ) دێت، بەڵام ئەم وەرگرتنە پەسەند نییە، لەبەرئەوەی لە هەمان کێڵگە هەمان هاوواتای تەواوی لە کرمانجی ناوەڕاستدا هەیە، ئەویش وشەی (منداڵ)ە.

نموونەی تریش هەن، بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و بۆشایی لە کرمانجی ناوەڕاستدا بە وشە و زاراوە ، وەک لە کرمانجی ژووروودا زاراوەی (شاند) وەرگیراوە لە بەرانبەر زاراوەی (وفد)ی عەرەبی هەروەها (سیڤیل) لە بەرانبەر (هاووڵاتییەکی مەدەنی) هاتووە. (بەکر عومەر عەلی و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف:٢٩:٢٠١١-٤٢). ئەگەرچی وشەی سیڤیل وشەیەکی بیانییە لە بنەڕەتدا لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە.

کەواتە، دەبێت ئامانج لە وەرگرتن و سوودوەرگرتن لە وشە و زاراوەی دیالەکتەکانی زمانی کوردی، بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان بێت و پڕکردنەوەی کەلێنی ئەو وشانەی، کە لە بەرانبەریاندا وشەیەکی هاوتایان نییە، هەروەک لە نموونەکاندا نیشاندرا، دەبێت وەرگرتنەکە هەڕەمەکی نەبێت و لەسەر بنەمای نموونەی (شاند) بێت، هاوکات مەیدانی سوودوەرگرتنەکە ڕوون بێت و واتاکەشی کەلێنێک لە دیالێکتەکان پڕبکاتەوە. کەواتە سوودوەرگرتن لە دیالەکتەکانی زمانی کوردی لەسەر بنچینەیەکی دروست، کاتێک چارەسەری زۆرێک لەو کەلێنانەی پێدەکرێت، لە زمانی کوردیدا بۆ واتای وشەیەک فۆرمێک نەبێت لە بەرانبەر چەمکێکی بیانیی و نوێباودا.

دیارە زۆرێک لەو کەلێنانەش، کە بەردەوام دروست دەبن بە هۆی ئەو تێکەڵاوییەوە هاتوونەتەپێش، کە لە نێوان کۆمەڵگەکانی جیهان و گەشەکردنی زانست و داهێنانی نوێ، ڕاستەوخۆ وشە و زاراوەکان بە هەمان فۆڕمی خۆیانەوە لە شێوەزارەکاندا بەکاردێن و بەشێکی زۆری ئەم وشانەش تەنها دەتوانرێت شیکاری واتاکەیان بۆ بکرێت، بەڵام نەتوانراوە فۆرمێکی هاوشێوەی واتایی بدۆزنەوە، بۆ نموونە (ئەنتەرنێت، مۆبایل، سەتەلایت، ...هتد)، هەروەها بەپێی ئەزموونی گەلان ئێمەش دەتوانین سوود لە لێکنزیککردنەوەی شێوەزارەکان وەرگرین و هەوڵی زیاتر بدەین بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو وشانەی، کە لە پەند و چیرۆک و قسەی نەستەقی کوردیدا هەن و بە کۆکردنەوەیان گەنجینەیەکی گەورە بۆ زمانەکەمان دەستەبەردەکەین.

هەروەها ئەو وشە و زاراوانەی کە لە هیچ یەک لە دیالەکتەکانی زمانی کوردیدا فۆرمیان نییە، بە ناچاری دەبێت پەناببرێتەبەر دوو ڕێگا:

یەکەم (ڕێگای رۆنانی وشە و زاراوە بەپێی یاساکانی زمانی کوردی).

دووەم (بە کورداندنی وشە بیانییەکان – خواستنی وشەی بیانیی).

ئەمەش وا لە ئاخێوەرانی شێوەزارەکانی زمانی کوردی دەکات، کە هەمان فۆرم بۆ واتا و چەمکە نوێیەکان لە نووسین و ئاخاوتندا بەکاربهێنن. ئەگەر ئەم ڕێگایانە بە پێی پلان و

بەرنامەیەکی تۆکمە لە ڕێگەی میدیا و بوارەکانی تری ڕاگەیاندن بڵاوبکرێنەوە، هەنگاوێکی سەرکەوتوودەبێت بۆ لێکنزیککردنەوەی شێوەزارەکانی زمانی کوردی.


وەرگرتنی وشە لە نێوان زمانەکاندا دیاردەیەکی گشتییە و بەشێک لە زمانەکانیش بەئاسانی توانیویانە خۆیان تێکەڵاوی زمانەکانی تری گەلانی جیهان بکەن، کە بەشێکی زۆریان پەیوەندییان بە زانست و ئەو داهێنانەوە هەبووە، کە ڕاستەوخۆ بە هەمان فۆرمی وشەکەوە گوازراوەتەوە، بەڵام هەر زمانە و شیکردنەوەی خۆی هەیە لەسەر واتاکەی بۆ نموونە هەموو ئەو وشانەی لە دەرمان و کەرەستەی پزیشکی و ئەو ئامێرانەی لەو بوارەدا بەکاردێت، فۆڕمێکی بیانییان هەیە، ئەگەرچی لە بواری زانستیشدا وشەکان بە تەواوی تێکەڵاوی زمانەکەمان بوون، بەڵام بۆ شیکردنەوەی واتاکانیان پسپۆرانی بوارەکە بە زمانی نەتەوەیی پێناسەیان دەکەن، لەسەر بنچینەی کار و تایبەتمەندییەکانی ئەو وشە و زاراوانە لە ڕووی ئەرک و ئامانجەوە.

وەرگرتنی وشە لە زمانی وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە زیاتر لەم سەردەمەدا بەربڵاوە و تایبەتمەندی زانست و تەکنەلۆژیا بووەتە هاوکارێکی بەهێز بۆ تێکەڵبوونی زمانەکان، بۆ نموونە زمانی عەرەبی بە لای زمانەوانانی عەرەبەوە، زمانێکی (مەتاتی – لاستیکی)یە و دەتوانێت بۆ زۆربەی واتاکان فۆرمیان بۆ بدۆزێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زمانە نەیتوانیوە پەرژینێک لە نێوان خۆی و زمانە بیانییەکان درووستبکات و ڕێگری لە هاوردەکردنی وشە و زاراوەی بیانیی بکات، کە ئەمەش حاڵەتێکە لە زۆربەی زمانەکاندا دووبارە بۆتەوە و " لەم یاسا زمانییە گشتییە بەدەر نییە بۆ نموونە زمانی عەرەبی لە زمانی یۆنانییەوە (٢٥٠) وشەی وەرگرتووە و لە لاتینی (٢٧٧) وشە و لە زمانی فارسییەوە (١٤٠٠) و لە تورکییەوە نزیکەی (٢٥٠) وشە" (علی القاسمی:١٩٨٥: ٤-٩). ئەو وشانەش بە شێوەیەک تێکەڵاوی زمانەکە بوون، کە بە ئاسانی ناناسرێنەوە. ئەم زانیارییانە سەبارەت بە زمانی عەرەبی لە سەرچاوەیەک وەرگیراوە، کە لە ساڵی (١٩٨٥)دا لە چاپ دراوە، لە سەردەمێکدا بووە، کە تۆڕەکانی پەیوەندی کەمبوون، بەڵام لەم سەردەمەدا، ئاسانکارییەکانی گواستنەوە بە تایبەت ئینتەرنێت وای کردووە، کە وشەکان بە ئاسانی خۆیان تێکەڵاوی زمانی گەلان بکەن، بە ڕادەیەک لەگەڵ ڕابردوودا بەراورد ناکرێن.

ئەو نموونانە ئەوەمان بۆدەردەخەن، کە چۆن زمانە جیهانییەکان توانیویانە بۆ هەندێ زاراوە یەک فۆرم بەکاربهێنن و لە یەک نزیک ببنەوە لە ڕووی بەکارهێنانی زاراوە هاوبەشەکان، بەو شێوەیەش زمانی کوردی دەتوانێت سوود لە سەرچاوەی نەتەوەیی خۆی و گەلانی دیکەش وەرگرێت.

" هەروەها (زاراوە) هۆکارێکە بۆ یەکخستنی تاکەکانی نەتەوەیەک لە ڕووی هزرو سیاسەت و بوارەکانی دی زانست. بۆیە گرنگە زاراوە بکرێتە بەردی بناخە و یەکخستنی زمانی نووسین." (ئازاد ئەمین باخەوان:٢٠١٢: ١٨٩). ئەم کارەش دەبێت لە ڕێگەی لیژنەی پسپۆڕی تایبەت بە زانستەکان و شێوەزارەکانی زمانی کوردی ئەنجامبدرێت و پێکەوە کاربکەن و سوود لە گەنجینەی زمانەکە وەرگرن و هیچ شێوەزارێک فەرامۆشنەکرێت، تاوەکو زاراوەی گونجاو بۆ واتایەک هەڵبژێرێت و بڕیاری لەسەربدرێت.

(د.ئازاد ئەمین باخەوان) لە نەخشەیەکدا ئاماژە بەو تێڕوانینەی دەکات، کە چۆن (وشەیەک) دەستنیشاندەکرێت و زۆربەی شێوەزارەکان لێی تێدەگەن و بەکاریدەهێنن. ئەم نەخشەیەش ئەم تێڕوانینە ڕووندەکاتەوە:




هێلکاری (٥)

ئەگەر هەر بازنەیەک بە (دیالێکتێک) دانرا هەر ژمارەیەکیش بە وشەیەک، ئایا باشترین ژمارە کامەیانە بۆئەوەی وەک (زاراوەیەک) بەکاربهێنرێت؟ بێگومان ژمارە (١) چونکە خاڵی هاوبەشە لەنێوان هەرسێ دیالەکتەکان (أ، ب، ج)دا، هەروەها لەپاش ژمارە (١) ژمارە (٢ ــ ٣ ــ ٤) بە پلەی دووەم دێن و دەشێت ببنە (زاراوەی گشتی)، هەروەها ژمارەکانی (٥ ــ ٦ ــ ٧) واتە وشەیەک لە دوو شێوەزاردا نییە و تەنها لە یەک دیالێکتدا هەیە، ئەمەش دەتوانرێت بەسەر هەردوو دیالەکتەکەی تردا هەمواربکرێت. (ئازاد ئەمین باخەوان:٢٠١٢: ١٩٠).

ئەم تێڕوانینە ئاماژەیەکە بۆ چۆنێتی لێکنزیکردنەوەی دیالەکتەکانی زمان و پڕکردنەوەی کەلێنەکان، ئەم هەوڵەش پلەبەپلەیی دەبێت و کاتێکی زۆری دەوێت و بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری لەباریشی پێویستە (بێرنارد کەمرێ و هیتر:٢٠٠٧: ٤٦).

هەندێک نموونە بۆ ئەو وشانەی، کە هاتوونەتە زاری کرمانجی ناوەڕاستەوە :

- نۆژەنکردنەوە: چاککردنەوەی شتێک. (گۆران).

- نەیار: دوژمن. (گۆران).

- شیاندن: ڕەوانەکردن. (گۆران).

- ئاوەز: هۆش، فام. (هەورامی).

- ڕاڤە: شیکردنەوە. (گۆران).

- کەنیز، کەنیزەک: بۆ خزمەتکاری ڕەگەزی مێینە (کرمانجی خواروو).

- جڤاک: کۆمەڵ، ئەنجوومەن (کرمانجی ژووروو).

# بەشی دووەم

## بەرایییەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا:

### ١/٢) قۆناغەکان و گەشەکردنی زاراوە :

دانانی زاراوە و ڕێکخستنیان لە لایەن شارەزایانی کوردەوە و لە سەرجەم بوارەکانی زانستدا درەنگ دەستیپێکردووە و مێژوویەکی کۆنی نییە، سەرەتاکانی بۆ سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە و زۆربەی ئەو کارانەی لەم بوارەدا کراون، کاری وەرگێڕان بوو لە زمانەکانی ترەوە بۆ سەر زمانی کوردی .

"لەگەڵ پێشکەوتن و پەرەسەندنی ژیانی سیاسی و ئابووری و زانستیدا، زاراوە پەرەی سەند و پێویستی بەوەکرد کە گرنگی پێ بدرێ و لێی بکۆڵرێتەوە و وشەی جوان و ڕاست و گونجاو و لەبار و ڕەسەنی کوردی بدۆزرێنەوە و ، دابنرێن و، دابڕێژرێن و دابتاشرێن" ( ئەنجوومەنی کۆری زانیاری کورد :١٩٧٥: ٤٩٩ ــ ٥٠٠ ).
سەرەتا بە شێوەیەکی سادە وساکار دەستی پێکردووە، کە بە ئاراستەیەکی گونجاو لەگەڵ ئەو سەردەمەدا خۆی گونجاندووە لە لایەن کۆمەڵێك ڕووناکبیری دیاریکراو دانراوە.

"جەمال نەبەز" دەڵێت " یەکەمین هەوڵدان بۆ دانانی زاراوەی زانستی بۆ زمانی کوردی لە ساڵانی (١٩٥٢ ــ ١٩٥٣) دا، دراوە " (١٩٧٨: ٩٥)، ئەو کار و هەوڵانەی لە بواری زاراوەسازی، کە لەو ماوەیەدا کرابوون بە شێوەیەکی سست و ساکار بوون، لە دوای شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی ساڵی (١٩٥٨)دا لەبەر پێویستیی زاراوەی زانستی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەیی زراوەی نوێ لە پێناوی خزمەتکردنی خوێندنی کوردی هاتە پێشەوە.

کاتێک کە خوێندن لە زۆربەی خوێندگاکانی کوردستاندا کرا بە کوردی، لە ڕێگەی هەندێ لیژنەی تایبەت و دامودەزگای کوردیەوە، هەندێ لە شارەزایان و ڕۆشنبیران خۆیان بە دانانی زاراوە خەریک کرد و لە گۆڤاری ( ڕۆژی نوێ )دا بڵاویانکردەوە .

له ساڵی ( ١٩٦٠ )دا ( جەمال نەبەز )فەرهەنگۆیەکی زانستیانە بە ناوی ( سەرەتای میکانیک و خۆماڵەکانی مادە ) لە چاپ دابوو، دواتر لە ساڵی ( ١٩٧١ )دا فەرهەنگۆکی زاراوەی پارێزگای سلێمانی لە چاپدرا، کە لیژنەیەکی تایبەت دایبابوو و بریتی بوو لە کۆمەڵێک وشە و زاراوەی عەرەبی – کوردی پەیوەست بە دامودەزگاکانەوە .

( بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی ) لە بەغددا ساڵی ( ١٩٧٢ ) لە ژمارە ( ٤ )ی گۆڤاری ( پەروەردە و زانست ) کۆمەڵێك زراوەی زانستی پەیوەست بە خوێندنی کوردییان دانابوو (شەهاب شێخ تەیب تاهیر : ٢٠١٢: ١٢٩ )، هەر لەم بوارەدا مامۆستا ( کەمال جەلال غەریب ) بەرهەمێکی دەرکرد بە ناونیشانی (فەرهەنگی زانیاری)[*]، کە بەرگی یەکەمی لە ساڵی ( ١٩٧٤ ) دەرچوو، بەرگی دووەمی لە ساڵی ( ١٩٧٩ ) و بەرگی سێیەم لە ساڵی ( ١٩٨٣ ) لە چاپ درابوون ، هەروەها ( کۆڕی زانیاری کوردی ) هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، تا ماوەیەکی زۆر گرنگی بە زاراوەدانان دابوو و توانی لە چەندین ژمارەی گۆڤارەکە کۆمەڵێک زاراوەی جۆراوجۆر پێشکەشبکات، بەمەش خزمەتێکی گەورەی زمانی کوردی کردووە .

" لە دوای ڕاپەرینە مەزنەکەی میللەتەکەمان و بە تایبەتی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا زاراوە دانان گور و تینێکی مەزنی بە خۆوە بینیوە وگۆڕاوە و گەشەی سەندووە، هەنگاو بە هەنگاو، بە پێی پێشکەوتنی زانست و زانیاری و فراوان بوونی بواری ڕاگەیاندن لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا و ئاڵوگۆرکردنی زانیاری لەگەڵ میللەتانی دیکەدا، لە ڕێگای سەتەلایت و ئینتەرنێت و فاکس و ئامرازەکانی دیکەی گەیاندنەوە " (ڕۆژان نووری عبداللە :٢٠١٣: ١٦).

وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانیش گرنگی بەم بوارە داوە و زاراوەی بابەتەکانی خوێندنی فەرامۆش نەکردووە و لە چەند ژمارەیەکی گۆڤاری ( ئاسۆی پەروەردەیی ) کۆمەڵێک زاراوەی پێویست بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بڵاوکردبووەوە، سەرەڕای ئەوەش ( فەرهەنگی مامۆستا )شی لە چاپدابوو ئەم فەرهەنگەش بە کارێکی باش لە بواری زاراوەسازیدا دادەنرێت.

---

[*] کەمال جەلال غەریب ، بەرگی یەکەم (١٩٧٤) ، بەرگی دووەم (١٩٧٩) ، بەرگی سێیەم (١٩٨٣)

لیژنەی زاراوە لە ( کۆڕی زانیاری کوردستان ) هەنگاوی باش دەنێت و بایەخی باش بە دانانی زاراوەی کوردی لە سەرجەم بوارەکاندا دەدات، بۆ نموونە لە بواری یاسایی (زاراوەی یاسایی:٢٠٠٤) و لە بواری کارگێری (زاراوەی کارگێری:٢٠٠٤) و لە بواری ڕاگەیاندن (زاراوەی ڕاگەیاندن:٢٠٠٥) وزۆربەی بوارەکانی تریش . ئێستاش جموجۆڵێکی بەرچاو لەم بوارەدا لە لایەن شارەزا و لیژنە تایبەتەکانەوە بە مەبەستی ڕێکخستن ویەکخستنی زاراوەکان هەیە.

زاراوەدانان کارێکی ئاسان نییە بە تایبەت لەم سەردەمەدا، ڕۆژ لە پاش ڕۆژ چەمکی نوێ پەیدا دەبێت و زانست پێشدەکەوێت و کۆمەڵ پێویستی بە زاراوەی نوێ هەیە، بۆیە پێویستە هەوڵ و کارەکانی زاراوەدانان زیاتر ئیشی لەسەر بکرێت و چڕتربێت.

## ٢/٢) هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی (فرەشێوەزار) ، (هاوواتایی، هاوبێژیی) لە پێواژۆکانی زاراوەسازییدا:

### ٢/٢-١) فرەشێوەزار:

" هەبوونی شێوەی جیاواز لە یەک زماندا، بە تایبەت لە شێوەی قسەکردندا، دیاردەیەکی تایبەت بە زمانی کوردی نییە، بەڵکو لە هەموو زمانەکانی جیهاندا و تەنانەت ئەو زمانانەش، کە بە زمانی نێونەتەوەیی و دامەزراوە و پێشکەوتوو دادەنرێت، هەروایە، بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی کۆمەڵێ شێوازی جیاوازی قسەکردنی هەیە، لە وڵاتانی جیاوازی وەک ئوستورالیا و بەریتانیا و ئەمریکادا، تەنانەت لەناو ئەو وڵاتانە خۆشیاندا کۆمەڵێ شێوازی جیاوازی بوونی هەیە." (فەرهاد شاکەلی:٢٠٠٩: ١٧٢).

لە زمانی کوردیدا چەند زاراوەیەکی وەک (زار، شێوەزار، دیالێکت، زاراو، زاراوا، بەش، بن، نیمچە، بێچوو)، بۆ شێوەزار و بەش و لقەکانی داتاشراوە، هەر نووسەرێک بەپێی دید و بۆچوونی تایبەتی خۆی یەکێکیانی بەکارهێناوە.

دەربارەی پێناسەی شێوەزار، چەندین پێناسەی جیاوازی بۆکراوە ، هەر زمانەوانێک و شارەزایەک لە بواری زمانەوانیدا لە ڕوانگەی خۆیەوە پێناسەی دیالێکتی کردووە، لێرەدا هەوڵدەدەین چەند پێناسەیەک بخەینەڕوو :

- " دیالێکت بەو جیاوازییە دەوترێت، کە لە نێوان جۆرەکانی یەک زماندا هەیە ، وەک جیاوازی ڕێزمانی و لایەنی پێکهاتەی وشە و چۆنییەتی دەربڕین." (سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو:٢٠١٠: ١٧٢).

- " زار بریتییە لە شێوەی جیاوازی قسەکردن، لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر، لە سەرەتاوە بە جیاوازی دەربڕین و گۆکردنی دەنگەکان و وشەکان دەست پێدەکات و لەگەڵ بڵاوبوونەوە و فراوان بوونی سنوری بەکارهێنانی زمانەکە ، گەشەدەسێنێت و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، جیاوازی دەربڕینی دەنگێک وەک وشەی (ماڵ) لە سلێمانی و کەرکوک لە زاری سۆرانی (مار) و لە بادینادا (ماڵ) دەنوێنێ." (ڕەفیق شوانی:٢٠٠: ٦٦).

- " دیالێکت بوارێکی تەسکتر و پانتاییەکی سنورداری ئەندامانی ئەو نەتەوەیە دەگرێتەوە کە بە زمانە گشتییەکە قسەدەکەن." (بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین:٢٠٠٧: ١٣).

لەو پێناسانەی پێشوودا دەردەکەوێت، کە شێوەزار یاخود دیالێکت شێوەی جیاوازی ئاخاوتنە لە چوارچێوەی یەک زماندا، کە دەبێتە تایبەتمەندییەک و بە هۆیەوە ئاخێوەرەکانی ناوچە جیاوازەکانی تاکە زمانێک لە یەکتر جیادەکرێنەوە.

بێگومان کۆمەڵێک هۆکار هەن، کە دەبنە هۆی دروستبوونی شێوەزار و پەرەسەندنی لەنێو زماندا، وەک:

١- هۆکاری کۆمەڵایەتی : ئەمە پەیوەندی بە نەریت و خووڕەوشتی ناو کۆمەڵگا و دابەشبوونی چینەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، لەبەرئەوەی دانیشتوانی ناوچەکان لەڕووی نەریت و خووڕەوشت و دەستورە کۆمەڵایەتییەکان و ئەندازەی ڕۆشنبیری و بیرکردنەوەوە جیاوازن، ئەم جیاوازییەش دەبێتە هۆی جیابوونەوەی شێوەزارەکان.

٢- هۆکاری رامیاری : ئەمە دوو لایەن دەگرێتەوە :

أ- میللەتێک خاوەنی حکومەتێکی ناوەندی نەبێت، بەڵکو لە قۆناغی گواستنەوەدا بێت.

ب- " حکــــــومەتی ناوەنـــــدی بــــــوونی هەیە، بەڵام لەبەر فراوانــــــی ســـــنوری دەســـــەڵاتەکەی، ناتوانێـــت دەســـەڵاتی بەســــەر هەمـــوو ناوچەکانـــدا بکێشـــێت، بـــۆیە دەســـەڵاتی ناوەنــدی لاواز دەبێــت و وادەکـــات کە هەر شـــوێنە یـــان نـــاوچەیەک شـــێوە قســـەیەکی تـــایبەتی هەبێـــت." (بەکـــر عـــومەر عەلـــی و شـــێرکۆ حەمەئەمـــین:٢٠٠٧: ٧). واتە فراوانبـــوونی دەوڵەت و زۆربـــوونی ناوچەکـــانی و جیـــاوازی نەتەوەکـــانی ژێـــر دەســـەڵاتەکەی، دەبێتەهـــۆی پـــارچەبوون و دابەشـــبوونی وڵات بەســـەر هەرێـــم و ویـــلایەت و ئیمـــارات و وڵاتـــی بچـــوکتر، ئەمەش وادەکـــات، کە هەر شـــوێن و ناوچەیەک ببێتە خاوەنی شێوە و ئاخاوتنێکی تایبەت.

٣- هۆکاری جوگرافی: مەبەست لێی سروشت و هەڵکەوتەی ناوچەکەیە، کە ئەمەش لە دانیشتووانی ناوچە جیاوازەکاندا دەبینرێت، کە لەژێر باری ئاووهەوا و ڕووبار و شاخ و چیاو لایەنی تری سروشتی وڵاتدایە ، دواجار ئەم جیاوازیی سروشتییە وا دەکات، جیاوازی شێوازی زمانیش دروستببێت.

٤- ڕادەی ڕۆشنبیری و دواکەوتوویی کۆمەڵگە : هەندێک جار وا دەبێت شوێنێک لەچاو شوێنێکی تری وڵاتەکە لەڕووی لایەنی ڕۆشنبیری و خوێندنەوە جیاوازبێت، ئەم جیاوازییەش دەبێتە هۆی جیاوازی بیرکردنەوە و دواجار جیاوازیی لە ئاخاوتندا.

٥- جیاوازی لە ڕووی لایەنی دەنگسازییەوە : واتە دوو ناوچە یان زیاتر لە ڕووی فۆنیمەوە جیاوازییان دەبێت، ئەم جیاوازییەش لەڕووی ژمارەی فۆنیمەکانەوە نابێت، بەڵکو لەڕووی گۆڕینی فۆنیمەکانەوە دەبێت، بۆ نموونە لە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا وشەی (نووسی) بەکاردێت، بەڵام لە کرمانجی ژووروودا (نڤیسی) بەکاردێت.

٦- هۆکاری ئابووری : ئەم هۆکارەیان پەیوەندی بە جیاوازی چالاکی ئیش و کار و پیشەی جیاجیای خەڵک لەناو کۆمەڵدا هەیە، وەکو ئەوەی هەر جۆرە چین و توێژ و تاقم و کۆمەڵە خەڵکێکی هاوکار و هاوپیشە، شێوەزارێکی تایبەتییان بۆ دروست دەبێت، کە هەر

پیشەیەک وشە و زاراوە و دەربڕینی تایبەت بە خۆی هەیە و شێوەزارێکی بچووک پەیدادەکەن.[*]

لێرەدا ئەوە ئاشکرادەبێت، کە هەبوونی ئەو هۆکارانە وا لە زمانەکان دەکات، کە هەر زمانێک چەند شێوەزارێکی هەبێت، هەندێ لە زاناکانی زمان دەڵێن: " هەر زمانێ، دیالێکتی زۆری هەبێ، دەوڵەمەندیی ئەو زمانە پیشاندەدا، بەڵام نەتەوەی کورد، هێندە گرفتی نەتەوەیی و ڕامیاری هەیە، بوونی ئەو دیالێکتە جۆربەجۆرانەش، هێندەی دیکە گرفتەکانی کوردی زیادکردووە." (حوسێن محەمەد عەزیز:٢٠٠٥: ٣٣٦).

یەکێک لەو گرفتانە، کە لە زمانی کوردیدا بەدی دەکرێت یەکنەخستنی زاراوەکانە، بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستی توێژەردان، زمانەوانانی کورد (فرەشێوەزار)ی زمانی کوردی بە گرفتێک بۆ یەکنەخستنی زاراوەکان وەسفیدەکەن. هەر ئەمەش بۆخۆی جاروبار کاری دانانی زاراوە گرانتردەکات و بە ناچاری بۆ یەک مەبەست لە وشەیەک زیاتر پێشنیازدەکرێت. (ئەنجوومەنی کۆڕ:١٩٧٥: ٥٢٨) ، زاڵبوونی هەستی ناوچەگەرییەتی و خۆشەویستی شێوەزارەکان بەسەر هەستی نەتەوەیی، دەبێتە ڕێگر لەبەردەم یەکخستنی زاراوەکان، بێگومان ئەمەش پەیوەندی بە یەکلایینەکردنەوەی زمانی ستانداردی کوردییەوە هەیە، کە بەهۆیەوە گرفتێکی گەورە دروست دەبێت و وا لە زمانی کوردی دەکات، هەر ناوچەیەک لە ناوچەکانی کوردستان جۆرە زاراوەیەک بۆ یەک چەمک بەکاربهێنێت، کە لەگەڵ ناوچەکانی تردا جیاوازە و جیاوازی لەنێوان شێوەزارەکان قوڵتردەکاتەوە لەبری ئەوەی لەیەک نزیکیان بکاتەوە .

لەبەرئەوەی زاراوە پەیوەستە بە زمانی پسپۆڕییەوە، بۆیە پێویستە زاراوەکان لەسەرجەم ناوچەکانی کوردستاندا یەکبخرێن و پسپۆرەکان هەوڵی زیاتر بۆ یەکخستنی زاراوەکان

( * ) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هۆکارەکانی پەیدابوونی شێوەزار، بڕوانە ئەم سەرچاوانە:
١- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ٢٠١٣، ٥٢.
٢- سەلام ناوخۆش، نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١٤: ٧٢.
٣- بەکر عومەر عەلی، شێرکۆ حەمەئەمین، ٢٠٠٧: ٨.
٤- ڕەفیق شوانی، ٢٠٠١: ٧٠.

بدەن بە تایبەت ئەو زاراوانەی، کە لە کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەخوێنرێن و ئەو زاراوانەی، کە لە دامودەزگاکان بەکاردەهێنرێن.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبدرێت، لە (٣/١-٥) باس لە (بەشداریکردنی هەبوونی زاراوە لە یەکخستنی زارەکاندا) کراوە و ئەوەش پیشاندراوە، کە چۆن دەتوانرێت سوود لە شێوەزارەکان وەرگیرێت بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی زمانی کوردی بۆ هەندێک چەمک، کە فۆرمیان نییە بەهۆی گەشەکردنی زانست و داهێنانی نوێیەوە.

کەواتە فـــرە – شـــێوەزارەکانی زمـــانی کـــوردی، لایەنێکـــی باشیشـــی هەیە، ئەگەر بە ڕێکەوتـــن کارێـــک بـــۆ پڕکـــردنەوەی کەلێنەکـــان ئەنجـــام بـــدرێت، بەو شـــێوازە شـــێوەزارەکان لە یەکتـــر نزیکـــدەبنەوە و فەرهەنگـــی زمـــانی کـــوردی زیـــاتر دەوڵەمەنـــد دەبێـــت، بەڵام بەکارهێنـــانی دوو زاراوە بـــۆ یەک چەمـــک گرفتێکـــی گەورە دروســـت دەکـــات، لەبەردەم یەکخســـتنی زاراوەکـــان " ئەمە وادەکـــات لە هەردوو دیـــالێکتەکەدا دوو جـــۆر لە زاراوەســـازی پەیڕەوبکرێـــت، کە لە ئاکامـــدا بەرەو دوو زمـــانیی دەبـــات." (عوســـمان کەریـــم:٢٠١٤: ٧٠). لە ئێســـتای زمـــانی کوردیـــدا نمـــوونەی زۆر هەیە ، وەک :

وەزارەتی خوێندنی باڵا – وەزارەتی خواندنا بلند (کرمانجی ژووروو)

وەزارەتی تەندروستی – وەزارەتا ساخلەمی (کرمانجی ژووروو)

خوێندکار – قوتابی

خوێندنگە – قوتابخانە.

لە کـــاتی ســـازکردنی زاراوەدا، پێویســـتە ڕەچـــاوی بنەماکـــانی یەکخســـتنی زاراوە بکرێـــت و هەوڵبـــدرێت ئەو جـــۆرە زاراوانە لە لایەن بەکارهێنەرانیـــانەوە ڕوون بـــن. بێگومـــان ئەم ئەرکە دەکەوێـــتە ئەســـتۆی ئەو دام و دەزگایـــانەی کە ڕاســـپێراون بە دانـــان و ســـازکردنی زاراوە و پێویســـتە بـــابەتی دانـــانی زاراوە تـــێکەڵ بە بـــابەتی ڕامیـــاری و حیزبـــی و تـــاکڕەوی نەکرێـــت. لە هەمـــان کاتـــدا یەکێـــک لە شـــێوەزارەکانیش زارەکـــانیش لە دانـــانی زاراوەدا بەســـەر ئەوانـــی تـــردا نەســـەپێنرێت.

بەواتـــایەکی تـــر، هەوڵ و کۆششـــەکان کـــۆدەنگی لەســـەربێت بـــۆ هەڵبژاردنـــی زاراوەی گونجاو.

## ٢-٢/٢) هاوواتایی :

(هاوواتایی) پەیوەندییە وێکچووەکانی (واتا) دەگەیەنێت، هاوواتایی " بە واتایەکی فراوان، ئەو وشانەی کە جیاوازن لە ڕووخسار و دەربڕیندا و وەکو یەکن لە ڕووی واتاوە ئەمەش ئەو واتایەیە ، کە دراوە بە هاوواتا لە فەرهەنگە تایبەتیەکاندا." (یوسف شەریف سەعید:٢٠٠٦: ٤٦)، دەربارەی چەمکی هاوواتایی لە زمانەوانیدا ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، هەر بۆیە بەردەوام ئەم پرسیارە کراوە: "ئایا (هاوواتایی) نزیکی و لێکچوونی واتاییە، یان یەکسانییە لە واتادا؟" هەندێک دەڵێن: "نزیکییە لە واتادا"، هەندێکیشیان دەڵێن: "یەکسانییە لە واتادا". لەم بارەیەوە (کروز) دەڵێت: " هاوواتا بریتییە لە پێوەندی نێوان وشەکان بە مەرجێک ئەم وشانە سیما واتاییەکانیان لە بنەڕەتدا هاوواتا بن، بەڵام هەندێک جار سیما لاوەکییەکان لەگەڵ یەکتردا جیاواز دەبن." (پەروین عوسمان:٢٠٠٩: ١١٧). لەم پێناسەیەدا مەبەستی (کروز) ئەوەیە، کە هاوواتایی بریتییە لە لێکچوون و هاوواتابوونی گشت واتای وشەکان ، واتە وشە هاوواتاییەکان ئەو وشانەن، کە یەک واتا دەبەخشن و لە ڕستەدا لە شوێنی یەکتر بەکاردێن، بۆ نموونە :

دار / درەخت

بەژن / باڵا

ئێش / ئازار

ئومێد / ئاوات

زێر / ئاڵتون

گشت پرسی / ڕاپرسی / ڕیفراندۆم

هاونیشتمانی / هاوڵاتی

هاوژین / هاوسەر

هەبوونی وشەی هاوواتا لە زماندا، نیشانەی دەوڵەمەندبوونی زمانە و گرنگی خۆی هەیە، بە تایبەت بۆ زمانی ئەدەبی بواری دەربڕین لەبەردەم ئەدیب و نووسەراندا دەکاتەوە، بەڵام لە زاراوەسازیدا زمانەوانەکان وای بۆدەچن، کە (هاوواتایی) لەبەردەم یەکخستنی زاراوەکان دەبێتە کێشە و گرفت و ئەمەیش دەیگێڕنەوە بۆئەوەی، کە پێویستە (زاراوە) دوو مەرجی سەرەکی تێدابێت:

" ١- پێویستە هەر چەمکێک یان شتێک ، بە زاراوەیەکی سەربەخۆ دەربېڕێت.

٢- زیاتر لە یەک زاراوە بۆ چەمکێک یان شتێک دانەنرێت." (علی القاسمی:١٩٨٥: ٦٨).

کەواتە بۆئەوەی زاراوەیەکی ستاندارد بۆ چەمکێکی دیاریکراو دەستنیشانبکرێت، پێویستە لە کاتی دانانیدا، یەک فۆرم بۆ یەک چەمک تایبەت بکرێت و بە وردی لەنێوان هاوواتاکاندا هەڵبژێردرێت، چونکە دیاردەی (هاوواتایی) دەبێتە هۆی نائاشکرایی لە زمانی زانستی و پسپۆریدا. (هشام خالدی:٢٠١٢: ١٤٢).

## ٢/٢-٣) هاوبێژیی:

هاوبێژی لە زمانی کوردیدا بریتییە " لەو وشانەی کە لە خوێندنەوە و نوسیندا وەکو یەکن، بەڵام ماناکانیان جیاوازن." (تاڵیب حوسێن عەلی:٢٠١١: ٩٢)، ئەم دیاردەیە هەروەک (هاوواتایی)، بووتە گرفت لەبەردەم زاراوەداناندا، بەهۆی جیاوازی بەخشینی واتای هەندێ کەرەستەی زمان، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و تێکەڵی ئەو واتایە لەلایەن گوێگر یان خوێنەرەوە (طالب حوسێن عەلی:١٩٩٨: ٥٥). نموونەی زۆریشمان هەیە، کە هەمان فۆرم بۆ دوو واتا یان زیاتر بەکارهێنراوە و لە بوارە جیاجیاکاندا ئەو دیاردەیە

(هاوبێژی) بەدیدەکرێت، بۆ نموونە ، وشەی (هەڵچوون) لە دوو زانستی جیاوازدا بەکارهاتووە و لە هەر زانستێکیشدا واتایەکی جیاوازی هەیە:

لە زانستی (دەروونناسی)دا بە واتای (أنفعال)ی عەرەبی دێت، (هەڵچوون) " هەستێکی دەرونی دیاریکراوە، گۆڕانکاری دەرونی و جەستەیی لەخۆگرتووە، ئەم هەستە هەندێک جار پۆزەتیڤە و هەندێک جار نەگەتیڤە." (پێشڕەو خەڵەف سەعید:٢٠١٧: ١٦١).

لە زانستی (کیمیا)دا بە واتای (تسامی) عەرەبی دێت، (هەڵچوون) " گۆڕانی ماددە لە دۆخی ڕەقییەوە بۆ دۆخی گازی، بەبێ ئەوەی بەدۆخی شلیدا تێپەڕبێت. وەکو لە کاتی گەرمکردنی (نەفتالین) ". (کەمال جەلال غەریب:٢٠١٢: ٢٧).

بۆیە هەندێ جار تێبینی ئەوە دەکرێت، کە یەک زاراوە بۆ چەندین واتای جیاواز بەکارهاتووە و تەمومژی واتایی دروستکردووە ، مەگەر لە کاتی ئاخاوتن و نووسیندا، واتا و مەبەستی زاراوەکە بزانرێت، ئەمەش بە پێچەوانەی تایبەتمەندییەکانی زاراوەیە، چونکە (زاراوە) چەمکێکە پێشتر خاسییەت و سنووری بۆ دیاریکراوە و بەهۆی دەوروبەرەوە دیاریناکرێت، بۆیە لەکاتی سازکردنی زاراوەدا، تا بتوانرێت ئەو زاراوانە دانەنرێن، کە لێڵیی واتاییان تێدایە و زیاتر لە واتایەک دەبەخشن.

## ٣/٢) ڕێگەکانی دانانی زاراوە:

ئەو گۆڕان و گەشەکردنە زانستی و ڕامیاری و ئابوورییەی، کە زۆربەی وڵاتانی ئەم جیهانەی گرتووەتەوە، وای کردووە وشە و زاراوەی نوێ بێتە ناو زمانەکان. بۆیە هەمیشە زاراوەکان جێگەی خۆیان لە زۆربەی زمانە زیندووەکاندا کردۆتەوە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی زمان لە گەشەسەندن و پێشکەوتندا بەردەوامن. لەبەرئەوەی زمان گوزارشت لە مرۆڤ و پێداویستییەکانی دەکات، بۆیە زمان لە بزوتنەوەیەکی بێوچاندایە و وەستان و جێگیربوونی نییە. (هشام خالدی:٢٠١٢: ١٥٨) ، (جاکوب گریم) پێی وایە " ڕادەی پێشکەوتنی زمان هەروەک گەڵا و گەورەبوون و پێگەیشتنی بەر وایە، کە

بەپێی یاسای سروشتی یەکدەگرێ و لە هەمان کاتدا جێی یەک دەگرنەوە." (ماریۆپای:١٩٧٠: ١٧).

کەواتە، زمـــان وەک زینـــدەوەر وایە و پێویســـتی بە گەشـــە و خزمەتـــی بەردەوامە " گەر هەوڵـــی بوژانـــدنەوەی نەدرێ ئەوا بەرە و نەمـــان دەچێـــت." (تابـــان مـــحەمەد ســـەعید:٢٠٠٨: ٣٠). ســـەرەڕای ئەوەی زمـــان شـــیاوی پێشـــکەوتنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا، پێویســـتە زۆر بە وریـــاییەوە مـــامەڵەی لەگەڵـــدا بکرێـــت و بتوانرێـــت هاوســـەنگیی لەنێـــوان زمـــان و پێشـــکەوتندا بکرێـــت، چـــونکە زمـــان لە ئەنجـــامی پەرەســـەندن و گەشـــەکردندا دەکەوێـــتە بەر کـــاریگەریی چەنـــد فـــاکتەرێکی وەک: " کـــاریگەربوونی زمـــان بە زمانێـــک یـــا بە چەنـــد زمـــانێکی تـــرەوە. کـــاریگەری کـــۆمەڵایەتی و دەروونـــی و جـــوگرافی، وەک شارســـتانییەتی نەتەوە و سیســـتەم و خووڕەوشـــــت و بـــــاوەڕ و ڕۆشـــــنبیرێتی..." (ڕەفیـــق شـــوانی:٢٠٠٨: ١٠٠). بە وبۆچـــوونی بەشـــێک لە زمانەوانەکـــان، ئەم فـــاکتەرانە و چەنـــد فـــاکتەری تـــریش زمـــانی نەتەوەیـــی بەرەو لەنـــاوچوون دەبـــات، ئەگەر شـــەپۆلەکانی ئەو کاریگەرییـــانە بەهێـــز و خێـــرابن، بـــۆیە زۆری خەڵکـــی ڕەســـەن و تەنـــانەت زمـــانەوانیش لەســـەر ئاســـتی جیهانـــدا هەن، " کـــار بـــۆئەوە دەکەن، ئەم ئاڕاســـتەیە ڕابگـــرن، کە هەڕەشـــەی کەمکـــردنەوەی کەلەپـــوری ڕۆشـــنبیری و زمـــانەوانیی جیهـــان دەکـــات. بەشـــی زۆری مێـــژو و کەڵـــچەری هەر کۆمەڵگـــایەک لەنـــاو زمانەکەیـــدایە. بـــۆئەوەی هەر زمانێـــک لەدەســـت بـــدەیت، کە ڕیشـــەی هەبێـــت، دەبێـــت پەیوەنـــدییەکانی ئەو زمـــانە بە خـــودی ڕیشـــــەکانی خـــــۆیەوە لاوازبکەیـــــت. کەی زمانێـــــک لەدەســـــتچوو، لەگەڵیـــــدا ســـەرمایەیەکی ڕۆشـــنبیری و هـــونەری و زانیـــارییش لەگەڵیـــدا لەناودەچێـــت." (بێرنـــارد کەمرێ و هیتر:٢٠٠٧: ٨٩ – ٩٠).

ئاشـــکرایە، کە گـــۆڕان و پێشـــکەوتنی زمـــان بە خواســـت و ئـــارەزووی مـــرۆڤ نایەتەکـــایەوە، بەڵکـــو پێویســـتییەکانی ژیـــان و ســـەردەم و کـــارتێکردنی شارســـتانییەت، زمـــــان ناچاردەکـــــات، کە پێشـــــبکەوێت و بگۆڕێـــــت. ئەو زمانـــــانەی، کە ئـــــاوا گەشـــەناکەن، ئەوا دەوەســـتن و دەمـــرن و بەکەڵکـــی ئاخـــاوتنی ژیـــانی مـــرۆڤ نـــایەن (مـــراد کامـــل:١٩٦٨: ٣٢). بـــۆیە گـــۆڕانی ئاســـایی لە زمانـــدا پێویســـتە بەشـــێوەیەکی

هەڕەمەکـــی نەبێــت، هەمیشـــە بەپێـــی کـــات و لەچوارچێـــوەی یاســـا و دەســـتورێکی تایبەتـــدا بەرهەمبێـــت و لەســـەر ئەســـتۆی فەرامۆشـــکردنی کلتـــور و کەلەپـــووری نەتەوە نەبێت.

لە ئەم ڕوانگانەوە، گۆڕان لە زماندا، دوو جۆری هەیە :

أ- گۆڕانی نەرێنی : ئەم جۆرە گۆڕانە، زمان بەرەو چەندین دیاردەی جیاوازی وەک: نامۆیی ،هەڵوەشان، تێکدان و لاوازی دەبات.

ب- گـــۆڕانی ئەرێنـــی : ئەم جۆرەیـــان، زمـــان بەرەو ئاســـانی، وزە پاراســـتن و پرکـــردنەوەی پێویســـتییە نوێیەکـــانی دەربـــڕین دەبـــات. (شـــادمان ســـالار نەریمان:٢٠٠٨: ٢٢ ــ ٢٣).

ئەوەی پێویستە بوترێت، کە لە زمانی کوردیدا، ئەو ڕێگایانەی وشەی پێ سازدەکرێت بۆ زاراوە دروستکردنیش بە هەمان شێوە سوودیان لێ دەبینرێت. ئەو ڕێگایانەی، کە زاراوەسازانی کورد پەنای بۆ دەبەن و پشتیان پێ دەبەستن، بریتین لە:

## ١-٣/٢) وەرگرتنی وشەی بنەڕەتی :

ئەو جۆرە وشانەن، کە ڕەسەن و خۆماڵیی زمانی کوردین و بەرانبەر هەندێ زاراوە بەکاردەهێنرێن، بەبێ ئەوەی پێویست بەوە بکات، پەنا ببرێتەبەر داڕشتنی فۆڕمێکی نوێ. واتە هەمان ئەو وشانەن، کە لە خودی زمانەکەدا هەن، بەشێوەیەک لەگەڵ چەمکی زاراوەکەدا بگونجێن و ئەو وشانە وشەی بنەڕەتی فەرهەنگیی زمانی کوردی پێکدەهێنن.

"بـــۆ نمـــوونە، وشـــەی نـــاوەڕۆک کە لە بەرامـــبەر (المضـــمون)ی عەرەبـــی وەک زاراوەیەک بـــۆ خســـتنەڕووی بـــابەتە ســـەرەکییەکانی نـــاوەوەی کتێـــب، یـــا تـــوێژینەوەیەک بەکاردێـــت." (عوســـمان کەریـــم:٢٠١٤: ٨٧). هەروەهـــا وشـــەی زۆرمـــان هەیە، کە بەرانـــبەر زاراوە بێگانەکـــان دانـــراون، بـــۆ نمـــوونە لە بـــواری پزیشـــکیدا، وەک:

فحص : پشکنین

أشعە : تیشک

علاج طبیعی : چارەسەری سروشتی

إبرە : دەرزی

تسوس : کلۆر

## ٢-٣/٢) فراوانکردنی یان گۆڕینی واتای وشەی بنەڕەتی :

ئەم جۆرە ڕێبازە لە خودی زمانەکە پێکدەهێنرێت، " کە لە ئەنجامی گواستنەوەی وشەیەک – بە هەمان فۆرم – لە واتایەکەوە بۆ مەبەست و واتایەکی تر دێتە ئاراوە." (تاڵیب حوسێن عەلی:٢٠١١: ١٦٤)، هەروەها بەناوی ڕێبازی (خوازە – میتافۆر – ئاوەڵواتا)یش باوە. ئەم ڕێبازە، کە بۆ دانانی زاراوە بەکاردەهێنرێت، لەسەر سێ بناغە دامەزراوە :

١- فراوانبوونی واتای وشەیەک، کە پێشتر بۆ واتایەکی تایبەتی بەر لە واتا خوازەییەکەی بەکارهێنراوە، بۆ واتایەکی گەورەتر و بەکارهێنانێکی زیاتر لە چوارچێوەی زانستێکدا ، وەک وشەی (سەرچاوە) ، کە لە زمانی کوردیدا بە واتای (شوێنێک) هاتووە (ئاوی کانی یان کارێز)، لە ئێستادا وشەی (سەرچاوە) واتاکەی فراوانتر بووە و بە واتایەکی گشتی بەکاردێت، بۆ نموونە :

- پارە، سەرچاوەی بەختیارییە.
- نەخوێندەواری، سەرچاوەی دواکەوتنە. (شەهاب شێخ تەیب:٢٠١٢: ٢٥١).
- لیستەی سەرچاوەکان، نەنوسراوە.

نموونەی تریش وەک :

گەندەڵی = ڕووەکێکە لە ژوورەوەی، یاخود لە ڕەگەکانی عەیبی هێنابێ.

گەندەڵی ئیداری = زاراوەیەکی ڕامیارییە بە واتای (فساد أداری)

لق = لق و پۆپی دارودرەخت.

لق = بەش

زمان = پارچە گۆشتێکە لەناو زاری مرۆڤە.

زمان = ئاخاوتنی میللەتێک (زاراوەی بواری زمانەوانی).

٢- تایبەتکردنی واتای وشەیەک: ئەم دیاردەیە " کاتێک ڕوودەدات کە مرۆڤ وشەیەک لە سنورێکی فراوان و بەربڵاوەوە دەبات بۆ شوێنێکی تر و بەم پێیەش تایبەتی پەیدادەکات." (عەبدولواحید موشیر دزەیی:٢٠١٤: ١٠٢). بۆ نموونە وشەی (نیشتە)، کە بۆ هەموو شتێکی دانیشتوو بەکارهاتووە، لە ئێستادا وەکو زاراوەیەکی کیمیایی و بۆ واتایەکی تایبەتی بەکاردێت و دەوترێ (نیشتەی کیمیایی). هەروەها وشەی (کەوتوو)، کە لە فەرهەنگدا بۆ واتای شتێکە، کە کەوتبێت، ئێستا لە بواری فێرگە و زانکۆکان بووە بە زاراوەیەکی تایبەتی بۆ نموونە دەوترێ: (فڵان کەوتووە)، واتا لە وانەکەیدا دەرنەچووە. (کامیل حەسەن بەسیر:١٩٧٩: ٦٠ – ٦١).

٣- سوود وەرگرتن لە لێکچوون و پەیوەندی نێوان وشە فەرهەنگییەکە و واتا زاراوەییەکەی، بۆ نموونە وشەی (زمان) ، " بە مانای ئەو پارچە گۆشتە تایبەتییە دێت، کە لە دەمدایە، بەهۆی پەیوەندی بە دەربڕینی ئاخاوتنەوە، بووە بە زاراوەیەکی زانستی و بەرامبەر بە (اللغە) بەکاردێت." (کامیل حەسەن بەسیر:١٩٧٩: ٦١).

## ٣/٢-٣) زاراوە دروستکردن لە ڕێگەی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانەوە.

پەیڕەوکردنی یاساکانی دروستکردنی وشە، یەکێکە لە ڕێگە سەرەکییەکانی دروستکردنی زاراوە. لە ڕێگەی زانینی چۆنێتی دروستکردنی وشەکان و ڕیزبوونی پێکهاتەکانیانەوە دەتوانین زاراوەی نوێ لە زماندا دروستبکەین. بۆ دروستکردنی وشە و زاراوە دەبێت شارەزای پرۆسەی لکاندن و پرۆسەی لەیەکدانی زمانەکەبین، کەواتە دەبێت ئەو یەکە زمانییانەی/ مۆرفێمانەی ، کە لە وشەیەکدا شیدەکەینەوە، لە دەربڕاوی تردا بە هەمان واتا، یان بۆ هەمان مەبەست و بەکارهێنان بەکارهاتبن (هێمن سەڵاحەدین:٢٠١٥: ٢٥. بۆ نموونە : وشەی (نووسەر) ئەم وشەیە لە دوو مۆرفیم پێکهاتووە لە ڕەگی کرداری سادە لەگەڵ پاشگری /-ەر/ ، بە لکاندنی هەردوو مۆرفێمەکە زاراوەیەک دروستبووە، کە واتای ناوی پیشەیەکە، کەواتە دەتوانین سوود لەم فۆرمە بۆ داڕشتنی ناوی خاوەن پیشەیەک وەربگرین. " /نووسین/ کردارێکی سنوور دیاریکراوە، بۆیە دەکرێت لە کردارەکە خۆیەوە و بە یاریدەی پاشگری /-ەر/ ناوی خاوەن پیشە یان کەسە کاراکە دابڕێژرێت : /نووسەر/ " (نەرمین عومەر ئەحمەد:٢٠١٠: ٨٢- ٨٣) ، لە زمانی کوردیدا بە هەمان شێوەی ئەو فۆرمە ناوی خاوەن پیشەی تریش داڕێژراوە، وەک : (دانەر، دەرهێنەر، داهێنەر...) ، کەواتە دەتوانرێت لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندی /-ەر/ لەگەڵ ڕەگی کردار ناوی خاوەن پیشە دروستبکرێت.

هەروەها وشەی (دارتاش) لە (دار + تاش) پێکهاتووە، لە دوو مۆرفێمی واتادار یەکیان گرتووە و وشەیەکی نوێیان پێکهێناوە، هەر مۆرفێمێک لەو مۆرفێمە واتادارانە، دەتوانێت لەگەڵ وشەیەکی تر، وشەیەکی نوێ دروست بکات. بۆ نموونە : (سەرتاش ، بەردتاش ، ...) ، (دارفرۆش ، دارگوێز، ...). (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤: ٣٢).

کەواتە، پرۆسە و یاسا مۆرفۆلۆژییەکان ڕێگای زۆرمان بۆ پێکهێنانی وشە و زاراوەی نوێ هەر لەو وشانەی، کە لە گەنجینەی زمانەکەماندا هەیە، واڵادەکەنەوە.

ئاخێوەر/ قسەکەر " دەتوانیت یاساکانی دروستکردنی وشەی نوێ و یاسا ڕێزمانییەکانی مۆرفێمەکانی شکاندنەوە لەسەر ئەو وشانە پەیڕە و بکات ، کە پێشتر نەیبیستوون ، یان

سوود لە وشەی تازە داهێنراو یان خواستراون ببینێت ، بۆ نموونە : ناوێکی وەکو /ماڵپەڕ/، یان /سەتەلایت/، بە مۆرفێمی ناساندن /-ەکە/ بیانناسێنێت. /ماڵپەڕەکە، سەتەلایتەکە، مۆبایلەکە،.../ دەیشتوانێت بە مۆرفێمی گۆڕینی کرداری تێنەپەر بۆ تێپەڕ کرداری تێنەپەڕ لە ناوی دەنگ/دەنگە سروشتییەکانیش بە هەمان مۆرفێم /-اند/ دروستبکات ، وەکو /قیژاندن، گرماندن،.../ و دروستکردنی کرداری تێپەڕ لە ئاوەڵناو بە هەمان مۆرفێم /گەوجاندن،.../ ئەمە خۆی داهێنەرییە "(*). (هێمن سەڵاحەدین:٢٠١٥: ٢٥).

لێرەدا پێویستە بوترێت، لە ڕێگەی یاسابەندێتی بە ژمارەیەک لە پرۆسەکانی وشە دروستکردنەوە، دەتوانرێت ئەو مەرجانە دیاریی بکرێن، کە لە ڕێگەیان وشە و زاراوەی نوێ دروستدەکرێن، هەروەها " کورد کێشە و گرفتێکی نییە لە دروستکردن یان داهێنانی وشەی نوێدا لەسەر وشە کۆنەکان و وەک وشە کۆنەکان. ئەوەتا لەو کاتەوە، کە فڕۆکەخانە لە خوارووی کوردستاندا کراوەتەوە، / فڕۆکەوان ، فڕۆکەوانیی چوون یان وەک / مەلەوان ، مەلەوانیی/ دروستکراون." (محەمەدی مەحوی:٢٠١٠: ٥٣) ، لەم تەوەرەدا هەندێک لەو پرۆسانە دەخەینەڕوو. کە لە ڕێگەیاندا وشە و زاراوەی نوێ دروستدەکرێن.

## ٣/٢-٣-١) هەڵگواستن : (سازکردنی زاراوە بە یارمەتی مۆرفێمەکانی هەڵگواستن) :

پرۆسەی (هەڵگواستن) یەکێکە لە پرۆسەکانی وشە دروستکردن . ئەم پرۆسەیە بە یارمەتی مۆرفێمەکانی (هەڵگواستن) ئەنجامدەدرێت، ئەم مۆرفێمانە بۆ پێشگر(Prefixes) و پاشگر(Suffixes)، پۆلدەکرێن. "کەواتە هەڵگواستن بەرهەمەکەی وشەیەکی ئاڵۆزە و لاگرەکەی لە جۆری مۆرفیمی هەڵگواستنە و بە رێگەی هەڵگواستن دروست دەبێت." (جوانە ئەحمەد حسەین:٢٠١٤: ١٤).

(*) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (وشەداهێنان) بڕوانە: (محەمەدی مەحوی:٢٠١٠: ١١٨).

زمانی کوردی بە زۆری پێشگر و پاشگر، یان هەردووکیان بە پێکەوە بۆ هەڵگواستنی وشە و زاراوەی نوێ بەکاردەهێنێت، مۆرفیمی هەڵگواستن لە توانایدا هەیە پۆلە ڕەگەزی وشە بگۆڕێت و دەگونجێت وشە یان زاراوە لە هەمان پۆلە ڕەگەزدا بمێنێتەوە. (بێستون حەسەن:٢٠١٢: ٣٧). جگە لەوە پرۆسەکانی هەڵگواستن لەڕووی بە بەرهەمییەوە جیاوازیان هەیە و پلەی بە بەرهەمی ئەم پرۆسانە وەک یەک نین و لەناو خودی پرۆسەیەکدا لاگرەکان لە ڕووی بە بەرهەمییەوە جیاوازن. هەروەها جیاوازی لە پلەی بە بەرهەمیی پێشگر و پاشگردا هەیە. (نەرمین عومەر ئەحمەد:٢٠١٠: ٣٤).

نموونە بۆ زاراوەی هەڵگوێزراو بە یارمەتی پێشگر :

ڕا + گر = ڕاگر

هەڵ + چوون = هەڵچوون

دا + هێنان = داهێنان

هاو + ژین = هاوژین

هاو + ڕەگەز = هاوڕەگەز

ڕۆ + چوون = ڕۆچوون....

پێشگرەکانیش لە دوو شێوەدا دەردەکەون ، بەشێوەی سادە وەک: (ڕا-، دا-، هەڵ-، ڕۆ-، هاو-، ...)، یان بەشێوەی ناسادە دەردەکەون، کە ئەم جۆرەیان زۆر چالاک نین، لە ئەنجامی تێکەڵبوونی (پێ، تێ، لێ) لەگەڵ پێشگری (دا، وە، ڕا) دروستدەبن، وەک:

پێشگری (پێدا-): پێداچوون، پێداهاتن، ...

پێشگری (تێدا-): تێدابوون، تێداچوون، ...

پێشگری (پێوە-): پێوەکردن، پێوەچوون، ...

پێشگری (تێوە-): تێوەگلان، تێوەخستن، ...

پێشگری (تێڕا-): تێڕامان، تێڕابردن، ... (ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا:٢٠١٣: ٩٠).

هەروەها هەندێ جار هەردوو پێشگر و پاشگر، پێکەوە زاراوەیەکی نوێ دروستدەکەن، وەک :

هەڵ + گەڕان + ەوە = هەڵگەڕانەوە

هاو + ڕێ + یەتی = هاوڕێیەتی

لێ + پرس + اوێتی = لێپرسراوێتی

نموونە بۆ زاراوەی هەڵگوێزراو بە یارمەتی پاشگر:

زان + ا = زانا

کوشت + ار = کوشتار

کێشان + ە = کێشانە

سەر + انە = سەرانە

خەست + ی = خەستی

زمان + ەوان = زمانەوان

پێش + ەوا = پێشەوا

خوێندن + گە = خوێندنگە

هێلکە + دان = هێلکەدان

## ٣/٢-٣-٢) لەیەکدان و زاراوەی لێکدراو :

پرۆسەی (لەیەکدان)، یەکێکە لەو پرۆسانەی، کە ڕۆڵێکی گەورەی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی بە وشە و زاراوەی نوێ هەیە، وشەی لێکدراو " وشەیەکە لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆ/ڕەگ یان زۆرتر لە ئەنجامی پرۆسەی لە یەکدان

(بە یارمەتی مۆرفێمێکی بەستێنەر، یان بەبێ ئەو مۆرفێمە) دروستبون/دروستدەبن. کەرتەکانی چەسپاویان هەیە و جێگۆڕکێ ناکەن و لەیەکتر دوورناکەونەوە و فراوانناکرێن و هەموو وشەکە تاکە هێزێکی سەرەکی وەردەگرێت، ئەگەر جێگۆڕکێ بە کەرتەکانی بکرێت دەرکردەکەی یان واتایەکی جیاوازی دەبێت، یان ڕێگەی پێنادرێت." [*](هێمن سەلاحەدین ڕەمەزان:٢٠١٥: ٢٨).

نموونە بۆ زاراوەی لێکدراو (بەبێ یارمەتی مۆرفێمی بەستێنەر) :

شا + هەنگ = شاهەنگ

بڕوا + نامە = بڕوانامە

کۆکە + ڕەشە = کۆکەڕەشە

ناس + نامە = ناسنامە

نیگار + کێش = نیگارکێش

خاڵ + کاری = خاڵکاری

نموونە بۆ زاراوەی لێکدراو (بە یارمەتی مۆرفێمی بەستێنەر) :

تیر + و + پشک = تیروپشک

گەرد + ە + لول = گەردەلول

سەیر + و + سەمەرە = سەیروسەمەرە

بیر + و + بۆچوون = بیروبۆچوون

وشک + ە + شێواز = وشکەشێواز

هات + و + چۆ = هاتوچۆ

(*) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (محەمەد معروف:٢٠١٠: ٢٨٠) و (محەمەدی مەحوی:٢٠١٠: ٢٣٠– ٢٣٥).

قوڕ + بە + سەر = قوڕبەسەر (*)

## ٣/٢-٣-٣) فرێزی چەسپاو :

فرێزە چەسپاوەکان ئەو فرێزە ناوییانەن، کە بە دابڕان و لێکترازانیان لە ڕستە و هێنانیان بۆ ناو فەرهەنگ، وشەیەکی نوێ دروستدەبێت. " لە زمانی کوردیدا، بەشێک لە وشە لێکدراوەکان لە ئەنجامی کردە سینتاکسییەکانەوە دروستبوون و بوون بە لێکسێمی ناوفەرهەنگ. چەشنێکی ئەو وشانە، کە دێنە ناو فەرهەنگەوە لە دوو مۆرفێمی واتادار، یان زیاتر بەشێوەیەکی زنجیرەیی دروستبوون بەبێ یارمەتی مۆرفێمە سینتاکسییەکان، بەشەکەی تریان، مۆرفێمە سینتاکسییەکان لەگەڵ خۆیاندا دەهێننە ناو فەرهەنگەوە." (هێمن سەلاحەدین ڕەمەزان:٢٠١٥: ٤٤).

هەندێک لە زمانەوانەکان ئەم پرۆسەیەیان بە جۆرێک لە (ڕێزمانی سڕینەوە) داناوە، بۆ نموونە بە بۆچوونی (نۆردە) " ڕێزمانی سڕینەوە سروشتێکی ناقۆناغی هەیە تەنیا گۆڕانی تاقانە دەگرێتەوە کە گۆڕان (گیرەکی گەردانی) بۆ (نووسەک) یان لە وشەی ئەرکییەوە بۆ وشەی فەرهەنگی دەگرێتەوە." (ساجیدە عەبدوڵلا، ڕەحیم قادر سورخی:٢٠١٤: ١٠٧).

کەواتە، (ڕێزمانی سڕینەوە) گۆڕانێکە لە پێگەی ڕێزمانی بۆ پێگەی فەرهەنگی، بەشێوەیەکی کەرتی یان بە تەواوی، ئەم پرۆسەیەش لە ئەنجامی ئەوەی، کە وشەی ئامادەکراوی ناو فەرهەنگمان نییە بەرانبەر بە چەمکەکان، لەبەر ئەوە، لە سینتاکسدا وشەی بۆ دروستدەکرێت.

" لەم کـــــردەیەدا ســـــینتاکس وشـــــەکان دروســـــتدەکات، نەک مۆرفۆلـــــۆژی . ئەو وشـــانەی، کە لە ئەنجـــامی ئەم پرۆســـەیەدا دروســـتدەبن، کاتێـــک دەگەڕێـــنەوە بۆنـــاو فەرهەنـــگ لە ڕێزمـــانی دەکەون. ئەمەیـــش پـــێچەوانەی کـــرداری بەڕێزمـــانی بـــوونە، لە فەرهەنـــگەوە بـــۆ ســـینتاکس دەهێنرێـــت، واتە وشـــەکان دەبـــن بە یەکەیەکـــی فەرهەنگـــی و کاتێـــک دەگەڕێـــنەوە بۆنـــاو ڕســـتەکان، دەبێـــت جـــارێکی تـــر بـــکەونە بەر یاســـا سینتاکســـییەکان، بە مەیـــش وشـــە تـــازە دروســـتبووەکان، کە دەچـــنە نـــاو

(*) وشەی لێکدراو چەند تەرزێکی جیاوازی هەیە، بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی سازکردنی زاراوە بە ڕێگای لە یەکدان بڕوانە: ١- (ڕۆژان نوری عبداللە:٢٠١٣: ١٥٥- ١٧٦)، ٢- هێمن سەلاحەدین ڕەمەزان:٢٠١٥: ٣٠ – ٣٦).

فەرهەنگەوە لەگەڵ وشە ئاساییەکانی مۆرفۆلۆژیی تێکدەچڕژێن و ئەنجامەکانیان یەکتری دادەپۆشن." (هێمن سەلاحەدین ڕەمەزان:٢٠١٥: ٤٤). هەروەها مەرج نییە وشە نوێ دروستکراوەکان بەر یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی زمان بکەون، بۆیە سینتاکس ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت و ناچار بە ڕستە و فرێز چەمکەکە دەردەبڕێت و بەرەبەرە و لە قۆناغێکدا وشەکان دەست لە هەندێک کەرەستەی ڕێزمانی هەڵدەگرن و بەرەو بە لێکسیمبوون دەچن . ئەو وشە و زاراوانەی، کە لە سینتاکسدا دروستدەبن و دەبن بە کەرەستەی فەرهەنگی، دەتوانن مۆرفێمە سینتاکسییەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بهێنن، یان نەهێن. (هیدایەت عەبدوڵلا موحەمەد:٢٠٠٢: ٦٥- ٦٧). بۆ نموونە :

سەرۆک کۆمار = سەرۆکی کۆمار

شاژن = ژنی شا

چاوشین = چاوی شین

ڕووڕەش = ڕووی ڕەش

مانگرتنی گشتی = مانگرتنی گشتی

زێدەکرێ = کرێی زێدە

نەرمەباران = بارانی نەرم

قسە لە ڕوو = قسەی لە ڕوو(*)

لە زمانی کوردیدا دوو، جۆر فرێز هەیە:

١- فرێزی بەرەڵلا.

٢- فرێزی گیراو ... (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٨٧: ٥٦).

---

( * ) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی پرۆسەکانی بە وشەبوونی دروستە سینتاکسییەکان ، بڕوانە: ١- محەمەد مەجید سەعید:٢٠١٥: ٧٤-١٠٢، ٢- هێمن سەلاحەدین ڕەمەزان:٢٠١٥: ٤٦-٥٠.

فرێزی بەرەڵڵا: " ئەوەیە ، کە بەئاسانی و بەپێی پێویست دابڕێژێ، یاخود لە ڕستە دەربهێنرێ." (جوانە ئەحمەد حسەین:٢٠١٤: ٤١). بۆ نموونە :

- تۆ، دیمەنی بەهار و جەژنی نەورۆزت دیوە؟

لەم ڕستەیەدا دوو فرێزی بەرەڵڵا : (دیمەنی بەهار) ، (جەژنی نەورۆز) هەیە، ئەم دوو فرێزە بە ئامرازی (ی) لە یەکدراون، کە فرێزی ناوین.

فرێزی گیراو: " پێی دەوترێ (ئیدیۆم، فرێزۆلۆژی). کاتێ لەیەکگرتنی هەندێ وشەدا واتای تایبەتی پەیدادەبێ، ئەوە بەو جۆرە فرێزانە دەڵێن ئیدیۆم." (سەرچاوەی پێشوو:٤٢)، بۆ نموونە:

پشت ئەستووری ، ڕووڕەشی ، سەرشۆڕی ، دەست کورتی ، ...هتد

جیاوازی فۆرمی ئیدیۆمی لە فۆرمی فرێزی ئاسایی لەوەدایە، کە فۆرمی ئیدیۆمی چەسپاوە و جێگیرە و کەمتر ڕێگە بە گۆڕین و فراوانکردن و تێئاخنین و ...هتد بە کەرەستەکانی دەدەن ، بەڵام فرێزی ئاسایی وانییە دەتوانرێت فراوان بکرێت و بگۆڕدرێت ، بۆ نموونە:

(فرێزی گیراو)

أ- ئاگری بن کا (کەسێکی ئاشوبگێڕ و شەڕانگێز)

ب- ئاگری سەرکا

ج- ئاگری بن پووش

(فرێزی بەرەڵڵا – ئاسایی)

أ- گوڵی سوور

ب- گوڵی جوان

ج- گوڵی بۆنخۆش.

ئەوەی لە نموونەکاندا دیارە فرێزی ئیدیۆمی لەڕووی پێکهاتن و ڕۆنانەوە هەمان پێکهاتەی فرێزی ئاساییان هەیە (شیلان عمر حسین:٢٠٠٩: ١١٢)، بەڵام لە کاتی ئاخاوتندا دروستنابن، بەڵکو دانەی تەواو و ئامادەی زمانە، وەک: سەرئاوسان ، مل شکاندن ، دەستەویەخە ، ...هتد.

پێکهێنانی زاراوە لە ڕێگەی فرێزە چەسپاوەکانەوە، زیاتر فرێزە بەرەڵڵاکان دەگرێتەوە، کە بەپێی پێداویستییەکانی سەردەم سەرهەڵدەدەن، " جا هەندێکیان ڕەگ دادەکوتن و شوێنی خۆیان بەرنادەن و دەماودەم دەمێننەوە و هەشیانە لەسەردەمێکدا دەبن و بەرەو لاوازی و کزی دەچن." (جوانە ئەحمەد حسەین:٢٠١٤: ٤٠) ، ئەو فرێزانەی کە ڕەگ دادەکوتن لە زماندا ئەوانەن، کە بەهۆی پێویستی بەکارهێنانیان چالاکتر دەبن و دەبنە فرێزێکی چەسپاو لە زماندا، بە چاوخشاندنەوەیەک بەناو فەرهەنگە پسپۆرییەکانی زاراوەی زمانی کوردیدا چەندین نموونەی بەدیاردەکەون، بۆ نموونە :

- ڕەشەبای سلێمانی
- دەسەڵاتی چوارەم
- تەزووی کارەبا
- کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی
- وتاری سیاسی
- زێدەباج
- " کرۆکە گچکە : minimal core / nucleus

کرۆکە ڕستە : core / nuclear sentence

کرۆکەواتا : denotative meaning" (کۆمەڵێک نوسەر: و.محەمەدی مەحوی:٢٠٠٩: ٤٤٠).

" هەندێک زاراوەش (فرێز) لە کات و سەردەمێکی دیاریکراودا هەبوون و بەکاردەهێنران، بەڵام ئێستا بەهۆی تێپەڕاندنی ئەو قۆناغانە، نەماون و بەکارناهێنرێن، وەک :

- گورزێکی گورچکبڕ

- سزای گەل و شۆڕش

- سزای گەل و نیشتمان

- جاش و خۆفرۆش

- بەعسی خوێنڕێژ

- عەلی کیمیایی

- هەڵۆکانی گەرمیان

- کۆمیتەی گەرمیان ... هتد " (جوانە ئەحمەد حسەین:٢٠١٤: ٤٥).

هەروەها جگە لەو فرێزانەی، کە لە چالاکی دەکەون و فرێزی تر جێگەیان دەگرنەوە، چەندین فرێزی تریش لە زمانەکەماندا هەیە، کە بەردەوام لە گەشە و سەرهەڵدان و گۆڕانکاریدان و ئێستاش لە زمانەکەماندا بەکاردەهێنرێن، وەک :

چاوی سێیەم (کامێرا، لە بواری ڕاگەیاندن بەکاردەهێنرێت)، ئاسایشی خۆراک، ئاسایشی نیشتمانی، باوک سالاری، هەسارەی زەوی...هتد

## ٣/٢-٤) زاراوە دروستکردن لە ڕێگەی ئەو پرۆسانەی لەگەڵ گۆڕانی زماندا داهێنراون:

ئەم پرۆسانە یاساکانیان داهێنراو و تایبەتن و بە پرۆسەی مۆرفۆلۆژی دانانرێن، چونکە بەشێکن لە توانا، نەک توانست. شێوازی داڕشتنیان تایبەتە و بەشێکن لە داهێنان – یاساگۆڕی زمان، هەروەها لە زمانی کوردیدا، هەندێ وشەو زاراوەمان هەیە بەو پرۆسانە دروستکراون. سەرەڕای ئەوەی بە بەرهەمێکی کەمەوە لە زمانەکەماندا

دەبینرێن، بەڵام بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکانی دروستکردنی وشە و زاراوە دادەنرێن. (نەرمین عومەر ئەحمەد:٢٠١٠: ٢٩). ئەم پرۆسانە پێشتر لەلایەن چەند شارەزایەکی کوردەوە بە پرۆسەی (داتاشین) ناونرابوو، وەکو (د.کامیل حەسەن بەسیر) و (کەمال جەلال غەریب)، کە لە زاراوەی (نحت)ی عەرەبییەوە بۆ (داتاشین)ی کوردی وەرگێڕدراوە.

## ٣/٢-٤-١) کورتکراوەکان (Acronyms):

لە زمـــــانی کـــــوردی و لە زمانەکــــانی تریشــــدا، پرۆســــەی (acronyms) بەدیــــــدەکرێت. بە تـــــایبەت لە زمـــــانی میــــدیاکان و زاراوە زانســــتییەکاندا ســــەرنجەدرێت، ئەکــرۆنێم " ئەو ڕێبــازەیە، کە دەنگەکــانی ســـەرەتای وشـــەکان بە ریــز دەچــڕژێنە نــاویەکەوە" (شــادمان ســالار نەریمــان:٢٠٠٨: ٤١). هەنــدێ جــاریش دوو دەنگـــی ســـەرەتای وشـــەیەک وەردەگیرێـــت و زۆر کـــات لایەنـــی فۆنۆلـــۆجی لەم پرۆســـەیەدا کــاریگەری هەیە، بــۆیە لە هەنــدێ وشــە زیــاتر لە پیتێــک وەردەگیرێــت، کەواتە ئەکــرۆنێم " بــریتییە لە لێکــدانی بــڕگەی یەکەمــی یــان دەنگــی یەکەمــی دوو وشــە یــان زیــاتر و خوێنــدنەوەیان بەیەکەوە یــان وەک دەنگــی پیتەکــان." (مــحەمەد مەعروف فەتاح:١٩٨٧: ٩٩). وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

حسک = حیزبی سۆشیالیستی کوردستان

پ.ک.ک (پەکەکە) = پارتی کرێکارانی کوردستان

ی.ن.ک = یەکێتی نیشتمانی کوردستان

پ.چ.ک (پەچەکە) = پارتی چارەسەری کوردستان

Kurdistan Institute For Human Rights = KIHR (نوسینگەی کوردستان بۆ مافی مرۆڤ)

Random Access Memory = RAM (بەشێکی کۆمپیوتەر)ە

## ٣/٢-٤-٢) پێکەوە کۆکردنەوە یان تێکەڵکردن (Blending):

ئەم پرۆسەیەش لە زمانی میدیاکان و زاراوە زانستییەکاندا زیاتر سەرنجەدرێت، پێکەوە کۆکردنەوە، " تێکەڵکردنی بەشێکی چەند وشەیەکی جیاوازە، وەک وشەی /smog/ کە تێکەڵکراوی وشەی /smoke, fog/ "ە (نەرمین عومەر ئەحمەد:٢٠١٠: ٣١).

کەواتە ئەم پرۆسەیە پابەند نییە بە یاسایەک، وەک لە ئەکرۆنێمدا دەبینرێت، بەپێچەوانەوە ئەمیان داهێنانییە و بە ژمارەی بەشە بڕگەییەکانیشی وەنەگیراوە. بۆ نموونە:

- ڕۆژنامە + گۆڤار = ڕۆڤار

- رادیۆ + تەلەفزیۆن = ڕادیۆن.

## ٣/٢-٤-٣) پارچەکردن (Clipping):

ئەم پرۆسەیە، پشت بە دروستەی بڕگەیی وشە دەبەستێت، بە لابردنی بەشێک لە وشەیەک و کورتکردنەوەی بۆ تەنها بڕگەیەک ، بۆ نموونە:

ترافیکلایت ——— ترافیک

Mathematic ——— math (بیرکاری) (محەمەد مەحوی:٢٠١٠: ١٦٠).

ئەوەی لەم نموونانەدا سەرنجەدرێت، پارچەی پێشەوەی وشەکە وەرگیراوە و لە جێگای فۆرمە گشتییەکە بەکارهاتووە. جاری واش هەیە، دەبێتە بناغەیەکی نوێی پێکهێنانی زاراوە. (ساکار ئەنوەر حەمید:٢٠٠٩: ٤٩). هەروەها وشەی (ئینتەرنێت) لە ئێستادا زیاتر (نێت) بەکاردەهێنرێت. کەواتە پارچەی کۆتایی وشەکە وەرگیراوە و بەکارهاتووە.

## ٣/٢-٤-٤) دروستکردنی وەگەڕاوە (Back – formation):

" لەم پرۆسەی وشە دروستکردنەیاندا وشەیەکی کورت لە وشەیەکی درێژ لەسەر بناغەی لەیەکچوون و وەکیەکیی نێوان وشە کورت و وشە درێژەکەی زمانەکە خۆی دادەهێنرێت" (محەمەدی مەحوی:٢٠١٠: ١٦٢)، ئەم پرۆسەیە یاسایەکی تایبەتی نییە و لە ئەنجامی گەشە و گۆڕانی زمانەوە دروستبووە و لە زمانی کوردیدا، هێشتا نەبووتە پرۆسەیەکی سروشتیی دروستی بە بەرهەم و بێ هەڵە. لە زمانی ئینگلیزیدا نموونەی زۆر هەن، کە بەم پرۆسەیە پێکهێنراون: بۆ نموونە لەو زمانەدا، هەندێک وشە بە لابردنی /ing-/ وشەی نوێی لێ دروستدەبێت.بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

Airconditioning ⟶ Aircondition

Window-shoping ⟶ window – shop

(نەرمین عومەر ئەحمەد:٢٠١٠: ٣٢).

## ٣/٢-٥) دانانی زاراوە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە:

ناوەرۆکی ئەم ڕێگەیە " گواستنەوەی زاراوەی بیانی بۆ زمانی کوردی، بە ماناکەی نەک بە بێژەکەی. لێرەدا وەرگێڕە کوردەکە بێژەی ئەوتۆی بۆ هەڵدەبژێرێت، کە بە مانا بەرامبەر بە بێژە بیانییەکە بێت." (کەمال جەلال غەریب:٢٠١٢: ٣١)، لە ڕێگەی ئەم ڕێبازەوە چەندین زاراوەی نوێ هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، وەک:

جەژنی کرێکار : عید العمال

ڕۆژی منداڵان : یوم الطفل

پرسگە : إستعلامات

هەواڵگری : إستخبارات

وێستگە : محطة

وتاربێژ : خطیب

ئەستۆپاکی : براءة الذمة

له ئەنجامی نەبوونی وشە و زاراوەیەک بەرانبەر ناونانی دیاردە و حاڵەتێک، کە لە زمانی کوردیدا بەهۆی ڕێگاکانی تری پێکهاتنی وشەوە دەستمان نەکەوێت، بۆ ئەم ڕێگایە پەنادەبەین (ڕەفیق شوانی:٢٠١١: ١٢١)، زۆر گرنگە لەم ڕێبازەدا ئاڕاستەی وەرگێڕانەکە بەرەو واتای چەمکی بیانییەکە بێت، نەک ڕووخساری دەق و فۆرمی وشە بیانییەکە. " پێویستە بایەخ بە بوژاندنەوە و زیندوکردنەوەی وشەی دێرینی کوردی بێت، چونکە ڕێبازی وەرگێڕانی وشە، هێنانی چەمکی دەرەکییە بۆ ناوەوەی زمانی کوردی" (شادمان سالار نەریمان:٢٠٠٨: ٣٧). جاری واش هەیە وشە بیانییەکە دووجار وەردەگیرێت، جارێکیان بە (فۆرم)ە بیانییەکەی و جارەکەی تریشیان بە (واتا) بیانییەکەی، یەکێکیان (کوردێنراو) و ئەوی تریان (وەرگێڕدراو) و لەوانەیە بۆ ماوەیەکی (زۆر یان کەم) پێکەوە بمێننەوە، تاکو بەکارهێنانی یەکێکیان باو دەبێت بەسەر ئەوەی تریانەوە یان وەک دوو (هاوواتا) دەمێننەوە(جەمال عەبدول:٢٠٠٨: ١٠٨) . وەک :

(قەڵەم و پێنوس)، (مەغسەل و دەستشۆر)، (دەلاک و سەرتاش)، (ڕیفراندۆم و گشتپرسی یان ڕاپرسی )، (کاندید و بەربژێر ).

## ٣/٢-٦) وەرگرتنی زاراوەی بیانیی :

ئەم ڕێگایە بریتییە لە وەرگرتنی زاراوە لە زمانێکی ترەوە و بەهۆی پێویستی بەکارهێنانی دێتە زمانەوە. واتە لە ئەنجامی نەبوونی وشە و زاراوە بەرانبەر چەمکێک یان دیاردەیەک لە زمانی کوردیدا، بۆیە پەنادەبرێتەبەر وەرگرتنی وشەی بیانی لە زمانێکی ترەوە (ڕەفیق شوانی:٢٠١١: ١٢١)، " ئەم دیاردەیەش وەنەبێت کارێکی ناڕەوا و زیانبەخش بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە زمانەکەمانی دەوڵەمەند و فراوان و بەرین کردووە" (کامیل حەسەن بەسیر:١٩٧٩: ٥١).

(ئیبراهیم ئەمین باڵدار) دەڵێت: " کە زاراوەیێکی بێگانە خۆماڵی دەکەین، پێویستە بچینەوە سەر سەرچاوە بەکارهاتووەکەی ئێستای و، خۆماڵی بکەین. واتە ، پێویستە یەکسەر لە زمانەکەی خۆیەوە خۆماڵی بکەین، نەک لە ڕێی زمانێکی ترەوە" (ئیبراهیم ئەمین باڵدار:١٩٨٦: ٢٢٤)، لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆر وشە و زاراوە تێبینیدەکرێن، کە

سەر بەم ڕێبازەن، بەڵام لە ڕێگەی زمانی سەرچاوەوە نەهاتوون، بەڵکو لە ڕێگەی زمانێکی ترەوە هاتوونەتە ناو زمانەکەوە، وەک:

| بێگانە | عەرەبی | کوردی |
| --- | --- | --- |
| Philosophy | فلسفة | فەلسەفە |
| Physic | فيزياء | فیزیا |
| Geography | جغرافية | جوگرافیا |

بۆئەوەی زمان دەستەوەسان نەبێت لە بەرانبەر پێشکەوتن و پێداویستیەکانی کۆمەڵدا، دەتوانرێت سوود لە وەرگرتنی زاراوەی زمانانی ترەوە وەرگیرێ " هیچ گەلێکیش بە تێکەڵاوی چەند وشەی بێگانە لە زمانەکەیدا توشی هیچ زیانێک نابێ و توشیش نەبووە." (هەژار:١٩٧٤: ٢٨٥) ، بەڵام بە مەرجی ئەوەی ستراکچەری زمانەکە تێکنەدات و لەگەڵ یاسا ودەستووره زمانەوانییەکانیدا بگونجێت، بۆ ئەنجامدانی ئەم ڕێبازەش دەبێت پەیڕەوی چەند بنەمایێکی زاراوەسازی کوردی بکرێت، کە لە بەشی سێیەم زیاتر باسی لێوەدەکرێت.

## ٧-٣/٢) ڕێگەی پێوانە (زڕەڕێژ):

ئەم ڕێگەیە بەپێی تایبەتمەندی هەر زمانێک سوودی لێبینراوە، وەکو پێوانە و تەرازوو وایە بۆ دروستکردنی زاراوە، هەندێک لە زمانەوانەکان بە ڕێبازێکی سەرەکی بۆ بەرهەمهێنانی زاراوە دایدەنێین، هەندێکی تریشیان لە میانەی ڕێبازی "وەرگێڕان" باسی دەکەن.

کەواتە ئەم ڕێگەیە دوو ئاراستەی هەیە :

یەکەم: بەرهەمهێنانی زاراوە لەسەر پێوانەی وشە و یەکە کۆنەکانی زمانی خۆماڵی بۆ ناونانەوەی چەمکە نوێیەکان، "زۆرینەی وشەکانی زمان لەسەر بنەمای وشەکانی تری زمانەکە دروستدەکرێن، ئەوە شتێکی باوە و ئاساییە و لە هەموو زمانێکدا بەدیدەکرێت"

(هیوا مەولود عەبدوڵلا:٢٠١٦: ١١٠)، واتە وشەیەک وەک نموونە وەردەگیرێت و وشەی تری لەسەر درووستدەکرێت. وەک:

دانساز، دەرمانساز، زاراوەساز

مردووشۆر، جلشۆر، قاپشۆر

ئاوكێش، بەردكێش، باركێش (شەهاب شێخ تەیب:٢٠١٢: ٣٠٠)

دووەم: بەرهەمهێنانی زاراوە لەسەر پێوانەی وشە و زاراوەیەکی بیانیی، واتە لە ڕووی درووستبوونی وشەسازییەوە لە زمانە بیانییەکەدا چۆن بووە بەو شێوازە لە زمانەکەمان داتاشراوە، هەروەها لە ڕووی لێکسیکۆلۆژیشەوە واتای چی بوو هەر بەو شێوەیە واتای بەخشیوە (ئەورەحمانی حاجی مارف:٢٠٠٤: ٣٩٦)، بۆ نموونە: "جێناو" وەرگێڕانی زاراوەی "pronun" ە، "رۆژهەڵاتناس" وەرگێڕانی زاراوەی "شرق شناس، خاوەرناس" ە .

## ٤/٢) تێکەڵبوونی پێکهاتەکان :

لەم سەردەمەدا، کە ژیان زۆر ئاڵۆزبووە و کەرەستە و بیر لە ڕادەبەدەر زۆر بوون، پێویستە زمان هاوشانی پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵدا بڕوات و فراوانبێت، ئەوەندە وشە و زاراوە بخاتە بەردەست ئاخێوەرانی، هەتاوەکو بتوانن بەهۆیەوە کاری خۆیان ڕایی بکەن و هیچ کێشەی ئەوەیان نەبێت لە بارەی چەمک و کەرەستەکانی دەوروبەرەوە بدوێن. زمانی کوردیش وەک زمانەکانی تر، تا ڕادەیەک توانیویەتی لەگەڵ سەردەمدا لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی ئەو پرۆسە و یاسایانەوە خۆی بگونجێنێت، کە وشە و زاراوەی نوێ پێکدەهێنن .

کەواتە، پێویستە وشە و زاراوە نوێیەکان، بەپێی دەستووری زمانەکە و ڕێگە دیاریکراوەکانی درووست بکرێن، بەڵام هەندێ جار هەندێ لەو وشە و زاراوە نوێیانەی زمانی کوردی، " کە بەم دواییە دروستکراون و لە ڕاگەیاندن و باری فەرمیدا بەکاردەهێنرێن و لە رووی پێکهاتنەوە بەر یاساکانی زمانەکە ناکەون، یان لە جێگای

خۆیاندا بەکارناهێنرێن یان واتای مەبەست نادەن بە دەستەوە و هەندێکیان واتای نەرێنی (سلبی) و نەگونجاویان هەیە." (هیوا ئەحمەد و عومەر ئەحمەد:٢٠١٣: ١٥١)، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە، هەوڵبدرێت ئەو هەڵانە دەستنیشان بکرێن، کە لە ڕۆنان و بەکارهێنانی وشە و زاراوەکاندا بەدیدەکرێن، هاوکات وشە و زاراوەی نادروست لە زمانەکە دووربخرێنەوە.

زاراوەسازکردن و وشەڕۆنان، ڕێبازی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەی ئەو کارە ئەنجامدەدات تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لەبەرئەوەی کارێکی سەرپێی و ڕەمەکی نییە بە تایبەت ئەو کەسانەی، کە (زاراوە) سازدەکەن پێویستە چەند مەرجێکیان تێدابێت(*)، چونکە (زاراوە) وشەی سەر زاری هەموو خەڵک نییە، بەپێی بنەما و دەستووری تایبەتی درووستدەکرێت و "پێویستە ئەو بنەمایانە یەکبخرێن، کە کاریان پێدەکرێت بۆ دۆزینەوە و گۆڕینی چەمکەکان و دانانی زاراوە بەرامبەرییەکان." (جەمال عەبدول:٢٠٠٨: ٣٣) .

لە هەموو زمانێکدا وشەی بنجی (وشەی سادە، ڕەگ) سنووردارە و چەمکەکان بێسنوورن، لە رێگەی پرۆسەکانی وشەرۆنان و زاراوەسازکردنەوە، هێما یاخود فۆرم بۆ ئەو چەمکانە و بەپێی دەستوور و یاسای تایبەتی ئەو زمانە دادەنرێت، بەڵام هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان پێدا، کە " بەم دواییە هەندێک وشە و زاراوە لە ڕاگەیاندنەکانەوە دەبیستین، کە هەندێکیان لە زمانەکەدا نامۆن، نامۆییەکەشیان لەوەدا نییە، کە تازە دروستکراون و پێشتر نەبیستراون، بەڵکو لە بەزاندنی بنەمای پێکهاتن یان نادروستی واتا و بەکارهێناندایە." (هیوا ئەحمەد و عومەر ئەحمەد:٢٠١٣: ١٣٨).

" وشە دروستکردن بەپێی ڕێسا و مەرجەکانی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییەوە و لادان لێیان وشەی چەوت و ڕێگەپێنەدراو دەهێنێتە ئاراوە . کەواتە دروستکردنی وشە یاسا – جڵەوگیرە . بە پێچەوانەوە، وشەدانان بریتییە لە هێمادانان، کە کاری هەموو کەس نییە. بەدەر لە بۆ وێژەوان/شاعیر، وشەداهێنان بۆ کەسانێکی دیکە ڕێگە پێنەدراوە." (محەمەدی مەحوی: فەرهەنگ و پێرەوی...،٢٠١٠: ٣٥).

---

(*) لە بارەی تایبەتمەندی و مەرجەکانی زاراوەساز، بڕوانە: کامیل حەسەن بەسیر:١٩٧٩: ٤٣-٤٤.

هەندێ لەو وشە و زاراوانەی، کە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە دێنە ناو زمانەوە و بڵاودەبنەوە، دەبنە هۆی بڵاوکردنەوەی چەندین هەڵە لە پێکهاتە و شێوازی نەشیاو لەگەڵ ڕێسا زمانییەکاندا، " لە هەمان کاتیشدا خۆیان بەسەر ژیانی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی و ڕاگەیاندندا سەپاندووە." (چۆلی ئەسعەد:٢٠١٣: ٧٦)، لەبەرئەوەی کاریگەری بەسەر زمانەوە لە ئاستێکی بەرزدایە، بەشێوەیەک دەگاتە ئاستی زیان پێگەیاندنی و بەسەر زماندا باڵدەکێشێت و بەسەر پێکهاتەکانیدا زاڵدەبێت.

" تەلەفزیۆن وەک دیارترین و کاریگەرترین هۆکاری ڕاگەیاندن، بەهۆی ئەوەی سەرچاوەی هەواڵە جێی خۆی بەهێزکردووە، لە هەموو شوێنێک و لە هەموو ماڵێکدا لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە زمانەکەی ڕووبەڕووی شەپۆلێکی شێواندن و لادان دەبێتەوە، لە ڕاستیدا زمانی تەلەڤزیۆن، لە گشت پرۆگرام و بابەتەکانیدا، پیرۆزییەکانی ئەو زمانە دەشکێنێت، کە پێکیهێناوە." (سەرچاوەی پێشوو:٧٧) ، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەگەڵ زۆربوونی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، ڕاگەیاندنکاران دەرفەتی پێویستیان بۆ نەڕەخساوە، تاوەکو لەڕووی زمانەوانییەوە ڕابهێنرێن و پێبگەیەنرێن، ئەمەش هۆکارێکە بۆ زۆربوونی هەڵەی زمانەوانی لەسەر هەردوو ئاستی گۆکردن و نووسیندا. لەخوارەوە چەند نموونەیەک لەو وشە و زاراوانەدا دەخەینەڕوو :

- **کۆڕۆژ :**

ئەم وشەیە لە دوو جومگە پێکهاتووە، جومگەی یەکەم ناوی ئەبستراکتە (کۆ)، جومگەی دووەمیش ناوی کاتە (ڕۆژ)، بە هەردوو جومگەکە ناوێکی نوێی لێکدراو لێدروستکراوە.

وشەی (کۆ) لەو وشانەیە، کە پاشگر وەردەگرێت و وشەی هەڵگوێزراو درووستدەکات، هەروەها لە وشە لێکدراوەکانیشدا، بەپێی پرۆسەکانی دروستکردنی وشە لە زمانی کوردیدا خۆی دەنوێنێت ، وەک:

- کۆمەڵ
- کۆڕەو
- کۆبوونەوە
- کۆکردنەوە
- کۆگا

لە نموونەکانی سەرەوەدا (کۆ) وەک وشەیەکی واتادار بەکارهێنراوە و واتای کۆی تێدایە، وشەی (کۆ) لە دروستەی فرێزیشدا بەکاردەهێنرێت، " بەڵام زۆرتر وەک وشەی ڕادە و ئاوەڵکردار گۆدەکرێت، لەگەڵ ئەوەیشدا واتا ڕۆڵی هەیە لە هەڵبژاردنی ئەو وشانەی /کۆ/ لەگەڵیاندا بەکاردەهێنرێت، واتە لەگەڵ هەموو وشەیەکدا نایەت..." (هێمن سەلاحەدین ڕەمەزان:٢٠١٥: ١٥١). بۆ نموونە:

- کۆی پارەکە چەندە؟
- کۆی ڕۆژەکە لە بازاڕ بوو.
- کۆی ماڵەکان، دووسەد ماڵە. ...هتد

کەواتە بەپێی ئەو نموونانە و چەندین نموونەی تریش وشەی (کۆ) لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی لەگەڵ ناوی کاتدا نایەت، بەڵام دەشێت لە دروستەی فرێزدا لەگەڵیا دەربکەوێت، بۆ نموونە :

" – کۆی ڕۆژەکانی ساڵێک سێسەدو شەست و پێنج ڕۆژە [ کات + ژماردن]

- کۆی کاتژمێرەکانی ڕۆژەکە لە بازاڕ بوو. [کات + ژماردن] " (سەرچاوەی پێشوو: ١٥١).

**- چالاکوان :**

ئەم زاراوەیە لە ئاخاوتنی ڕۆژانە و لە زمانی ڕاگەیاندنی ئێستادا بەزۆری بەکاردەهێنرێت. بە واتای کەسی چالاک و بزێو و چالاکیی ڕۆشنبیریی، یان ڕێکخراوەیی دێت و بەرانبەر زاراوەی (ناشط)ی عەرەبی بەکارهاتووە.

ئەم زاراوەیە لە دوو جومگە پێکهاتووە لە (چالاک)، کە ئاوەڵناوە و (وان/ەوان) پاشگرە و ناوی هەڵگوێزراو دروستدەکات، بەڵام ئەم پاشگرەیە لە زمانەکەدا " بە ناوەوە دەلکێ" (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٠٩) و یارمەتی دارشتنی ناوێک دەدەن کە پیشە و ئیشی یەکێکی پێ دیاریبکەن و بریتی بێت لە چاودێریکردن و ئاگالێبوونی ئەو شتەی، کە ناوەکەی لە دارشتنی وشەکەدا بەشدارە، وەک: (گاوان، دەرگاوان، ئاشەوان، بەرخەوان، ...هتد)، بەم پێیە یاسای پێکهێنانی زاراوەی (چالاکوان) لەگەڵ یاساکانی زمانی کوردیدا یەک ناگرێتەوە و یاسای لەو جۆرە بەرچاوناکەوێت، لەرووی واتاشەوە نەپێکاوە، چونکە دەبێت (چالاکوان) بۆ کەسێک بەکاربهێنرێت، کە چاودێری (چالاک) بکات، کە نە (چالاکوان) ئەو کارە دەکات، نە(چالاک)یش شتە، تا چاودێریی بکرێت. " راستتر وایە لە بری (چالاکوان) ، (چالاک) بەکاربهێنرێت، کە رەسەنترە و لە زمانەکەدا رۆیشتووە و هەمان ئەو مەبەستەش دەگەیەنێت، کە (چالاکوان)ی بە هەڵە بۆ بەکاردێت، کە چالاکی ئەنجام بدات و لە کەسی ئاسایی چاپوکتر بێت." (هیوا ئەحمەد و عومەر ئەحمەد:٢٠١٣: ١٣٩).

جگە لەو دوو نموونەیەی کە باسمانکرد، رۆژانە چەندین وشە و زاراوەی تریش لە زمانەکەدا بەرگوێ دەکەون، کە بەپێی یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی پێکنەهێنراون، یان لەرووی واتاوە واتای مەبەست نادەن بە دەستەوە یاخود بەکارهێنانیان لە زمانەکە زیادە و پێویست نیین، بۆ نموونە :

- پارساڵ (بڕوانە: هیوا ئەحمەد و عومەر ئەحمەد:٢٠١٣: ١٤٢-١٤٣).
- کوشتارگە (بڕوانە: هەمان سەرچاوە: ١٤٣ ــ ١٤٥).

" گوێبیست، ئامادەباشی" (چۆلی ئەسعەد:٢٠١٣: ١٩٢-١٩٣).

## ٥/٢) زاراوەسازیی و وەرگێران :

وەرگێران لقێکی گرنگە لە لقەکانی زانیاری، هەروەها ڕێبازێکە لە ڕێبازەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ بە وشە و زاراوەی نوێ ، " بەکارهێنانی loan translation (وەرگێرانی بیانی) یان (calque) ڕێگایەکی ترە بۆ داهێنانی ئایتمی نوێی گەنجی

وشەکان لەڕێی وەرگێڕانی مۆرفیمەکانی وشە بیانییەکانەوە بۆ مۆرفیمە خۆماڵییەکان" (محەمەدی مەحوی:٢٠١٠: ١٥١-١٥٢) و دەبێتە هۆکارێکی تر لە هۆکارەکانی دەوڵەمەندکردنی زمان و پەرەپێدانی و هاوچەرخایەتیکردنی، لەبەرئەوەی وەرگێڕان هاندەرێکە بۆ مرۆڤ بە دوای وشە و زاراوەی نوێ و بۆچوونی نوێ بگەڕێت، نەك هەرئەوەش، هەروەها هانیدەدات بۆئەوەی وشەی نوێ لەو مۆرفیمانەی، کە لە فەرهەنگی زمانەکەی خۆیدا هەیە و بە هەمان پرۆسەی وشە و زاراوە دروستکردن لەڕێی لەیەکدان و هەڵگواستن و ئاوەڵفرێزەوە دابڕێژێت.

## ١-٥/٢) پەیوەندی نێوان زاراوەسازیی و وەرگێڕان :

زاراوەسازیی و تیۆری وەرگێڕان پەیوەندییەکی ئاڵۆز و تێکئاڵاو لە نێوانیاندا هەیە، ئەوەی زیاتر ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزدەکات ئەوەیە، کە هەردوو زانستەکە (زمان) وەکو ئامانج و ناوەڕۆك و ئامراز بەکاردەهێنن. ئامانجی هەردوو زانستەکە زمانییە (دانانی کەرەستەیەکی زمانی نوێ)، هەروەها ناوەرۆکیان زمانییە (کەرەستە بەکارهێنراوەکان زمانیین)، ئامرازەکانیشیان هەر زمانییە (زمان بۆ گوزارشت لە ناوەرۆك بەکاردەهێنرێت)، ئەمانە هەمووی یاریدەدەرێکن بۆ لێکچوون و تێکئاڵانی هەردوو زانستەکە.

وەکو ئاشکرایە وەرگێڕ کار لەسەر گواستنەوەی دەقێك دەکات لە زمانی (أ)وە بۆ زمانی (ب). زاراوەسازیش کار لەسەر گواستنەوەی زاراوە دەکات لە زمانی ( أ )وە بۆ زمانی ( ب ). کەواتە هەریەکێك لەوانە کار لەسەر گواستنەوەی واتای کەرەستە دەکەن،هەردووکیان یەك ئامانجیان هەیە، کە ئەویش ئەوەیە لە واتای زاراوەیەکی دیاریکراو تێبگەن و بە وردی و بەبێ هەڵە بیگوازنەوە، ئەمەش وا پێویست دەکات، کە شارەزایی باشیان لە هەردوو زمانەکە (أ) و (ب) هەبێت، هەروەها شارەزاییان هەبێت لە وشەسازی و ڕستەسازی و کلتووری هەردوو زمانەکە. وێڕای ئەوەی زاراوەساز و وەرگێڕ هەمان ئەرکیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەچاوی هەندێ جیاوازیش لەنێوانیاندا دەکرێت، زاراوەساز تەنها ئەرکی

گواستنەوەی زاراوەکان نییە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بەڵکو دوو ئەرکی تریشی لە ئەستۆدا هەیە:

یەکەم : دارشتنی زاراوە بۆ زمانی مەبەست .

دووەم : یەکخستنی زاراوەکانی یەك زمان بە جۆرێك، کە یەك زاراوە لە کێڵگەیەکی زانستیدا، گوزارشت لە یەك چەمك بکات.

وەرگێڕ مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات، بەڵام زاراوەساز زیاتر مامەڵە لەگەڵ یەك زاراوە دەکات و پەیوەندی بە دەقێکەوە نییە، تەنها لە کاتێکدا نەبێت، کە زاراوەسازەکە لێکۆڵینەوە لەسەر سروشتی زمانی زانستێك لە زانستەکاندا بۆ دیاریکردنی بنچینە و شێوازەکانی، یان لێکۆڵینەوە لە کۆنتێکستی زاراوەیەکدا بکات ، کە چۆن بەکارهاتووە.

سەرەڕای ئەوەی، کە زاراوەساز و وەرگێڕ هەردووکیان هەوڵدەدەن بۆ تێگەیشتن و گواستنەوەی واتا، بەڵام هەر یەکێکیان لە هەوڵی بە دەستهێنانی واتایەکی جیاوازدان. زاراوەساز هەوڵدەدات بگەڕێت بە دوای واتای (شتێك)، یان (چەمکێك) و بە زاراوەیەکی تایبەت گوزارشتی لێبکات، لە کاتێکدا وەرگێڕ دەگەڕێت بە دوای واتای (ناونان)، کە ناوی (شتێك) یان (چەمکێك) بێت، کەواتە زاراوەساز ناچارە ئاشنابێت بە گرنگی و چییەتی (شتێك) و دیاریکردنی ڕەگەزە سەرەکییەکانی، تاوەکو بتوانێت بیخاتە ڕیزی چەمکە پەیوەندیدارەکانیەوە، بەڵام وەرگێڕ بایەخنادات بەو لێکۆڵینەوە لۆجیکییانە بەو ڕادەیەی، کە بایەخدەدات بە زانینی واتای وشە لەو کۆنتێکستەی، کە بەکارهاتووە و زانینی واتای گشتی دەستەواژە و دەقەکان، کە وەریاندەگێڕێت.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە زاراوەسازی و وەرگێڕان دوو زانستی جیاوازن، سەرباری ئەوەی ئەم دوو زانستە پێویستیان بە یەکتر هەیە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە یەك زانست بن. زاراوەساز پێویستیی بەوە هەیە بنەماکانی وەرگێڕان بزانێت، هەروەها وەرگێڕ پێویستی بە زانینی ڕێسا و ڕێبازەکانی زاراوەسازی هەیە. (کبیر زهیرە:٢٠١٤: ٨١ – ٨٢).

بۆئەوەی ئەم دوو زانستە تەواوکەری یەکتر بن، پێویستە ڕەچاوی دوو خاڵ بکرێت:

١- پێویستە زاراوەسازەکان، ئاگایان لە تیۆرییەکانی وەرگێڕان و تەکنیکە پراکتیکییەکانی بێت .

٢- دەبێ وەرگێڕەکان شارەزایی باشیان هەبێت لە  زاراوەسازیی و فەرهەنگسازیی، هەروەها لە چۆنییەتی دروستکردنی زاراوە زانیارییان هەبێت، کە بەپێی یاسای تایبەت بە زمانەکە بەرهەمدێت و لە چۆنییەتی یەکخستنی زاراوەکان زانیاری پەیدابکەن، لە بواری فەرهەنگسازیشدا پێویستە تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی گشتی و فەرهەنگی تایبەتی بزانن و بتوانن فەرهەنگە گونجاوەکان بۆ کارەکانیان هەڵبژێرن . (هەمان سەرچاوە:٨٣).

## ٢-٥/٢) هۆکارەکانی دروستبوونی کێشە لە وەرگێڕاندا :

وەرگێڕان بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو زمانەکاندا چەند کێشەیەکی سەرەکی تیایدا سەرهەڵدەدات، هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو کێشانە دەگەڕێتەوە بۆ:

١- دابەشبوونی زمانەکان بەسەر چەند بنەماڵە و خێزان و نزیکی و دووری زمانەکان لە یەکترەوە، ئەم دابەشبوونە کاریگەری خۆی لەسەر پرۆسەی وەرگێڕان هەیە.

٢- جیاوازیی ڕۆشنبیری و دابونەریتی نەتەوەکان، دەبێتە گرفتێك لەبەردەم وەرگێڕدا، کە بریتییە لە بیروباوەڕ و ئایین و ڕەوشت و دابونەریت و پیشە و هونەر، کە مرۆڤ لەناو کۆمەڵەکەیدا وەریدەگرێت، " لەوانەیە ئەو تەنگ و چەڵەمانەی کە بەهۆی جیاوازی ڕۆشنبیرییەوە سەرهەڵدەدەن ئاڵۆزتر بن لەوانەی کە بەهۆی جیاوازی زمانەوە سەرهەڵدەدەن چونکە پەیوەندییان بە واتای بنەڕەتی و جموجوڵی دەروونییەوە هەیە" (غازی فاتح وەیس:١٩٨٣: ١٠٥).

٣- لایەنی جوگرافی هۆکارێکی ترە بۆ دروستبوونی کێشە، چونکە زمانی مرۆڤ بەپێی شوێنی نیشتەجێبوونی دەگۆڕێت و جگە لەمەش کەرەسەکان، کە بۆ بەردەوامیی ژیان بەکاردەهێنرێت، وەکو خواردن و بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی جیاوازن، بۆ نموونە ژمارەیەك بەروبووم، کە لە هەندێ شوێندا هەیە، مەرج نییە لە شوێنەکانی تردا هەبێت، ئەمەش وەرگێڕ تووشی گرفت دەکات.

## ٣-٥/٢) كێشە زمانییەکانی وەرگێڕانی زاراوە :

یەکەم: ئاستی دەنگسازی : بەهۆی جیاوازی ئاستی دەنگسازی لە نێو زمانەکاندا هەمیشە گیروگرفتی سیستەمی دەنگی لە وەرگێڕانی وشە و زاراوە بیانییەکاندا سەرهەڵدەدەن ، بۆ نموونە چەند دەنگێك لە زمانی عەرەبیدا هەن ، بەڵام لە زمانی کوردیدا نیین ، لە زمانی عەرەبیدا (ضمه، فتحه، کسره)، دەبن بەهۆی گۆڕینی واتا، لەبەرئەوە زۆرجار وەرگێڕ تووشی ئەم گرفتە دەبێت، ئەگەر باش لە زمانەکە شارەزا نەبێت، بۆ نموونە وشەی (کاتِب) بە دانانی (کسره) لە ژێر پیتی (ت) بە واتای (نووسەر) یان (فەرمانبەرێك کە ئیشی نووسین دەکات) دێت، بەڵام ئەگەر وشەکە (کاتَب) بێت، بە دانانی (فتحه) لەسەر پیتی (ت)، واتاکەی دەگۆڕێت، دەبێتە کردارێك بە واتای (نامەی نارد). هەروەها وشەی (مَدرَسه) بە دانانی (فتحه) لەسەر پیتی (م) و (ر) بە واتای (قوتابخانه) دێت، بەڵام ئەگەر (ضمه) لەسەر پیتی (م) و (فتحه) لەسەر پیتی (د) و (کسره) لە ژێر پیتی (ر) بێت، ئەو کاتە دەبێتە (مُدرِسه)، بە واتای (مامۆستا – بۆ ڕەگەزی مێ) دێت، لەبەرئەوە وەرگێڕ کاتێك وشەیەك یان زاراوەیەك وەردەگێڕێت، دەبێت لە یاسا دەنگییەکانی هەردوو زمانەکەدا  شارەزابێت، تاوەکو تووشی ئەم جۆرە گرفتانە نەبێت لە کاتی وەرگێڕاندا.

دووەم: ئاستی مۆرفۆلۆژیی : کێشەی ئاستی مۆرفۆلۆژی زیاتر لەنێوان ئەو زمانانەدا دەردەکەوێت، کە سەر بە یەك خێزانە زمان نین، یان سیستەمی زمانەکانیان جیاوازن.  بۆ نموونە " سیستەمی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی تا ڕادەیەکی زۆر لێك جیاوازن چونکە سەر بە یەك خێزانە زمان نین و زمانی عەرەبی زمانێکی ناوگرییە، چونکە مۆرفیمەکانی لەناو یەکتردا دەتوێنەوە و بە ئاسانی دەستنیشان ناکرێن، بۆ نموونە (کَتَبَ، کاتب، مَکتوب، مَکتَبه، مُکاتَبه، ...هتد) ئەم وشانە گشتیان یەك ڕەگیان هەیە و هەمووشیان لە واتادا بەشدارن و ڕەگەکەیان (کَتَبَ)یە" (پەروین عوسمان:٢٠٠٩: ٤١)، زمانی کوردی لە زمانە لکاوەکانن بە ئاسانی مۆرفیمەکانی دەستنیشان دەکرێن و بەهۆی ئەو جیاوازییە لە جۆری سیستەمی هەردوو زمانەکەدا زۆرجار گرفت لەبەردەم وەرگێڕدا دروست دەبێت.

هەندێ تایبەتمەندیی لە زمانی عەرەبیدا بەدیدەکرێت، کە لە زمانی کوردیدا (کرمانجی ناوەڕاست) بەدی ناکرێت، وەك دۆخی نێر و مێ و ناوی جووت و نەبوونی مۆرفێمی نەناسراوی ... وچەند دیاردەیەکی تریش کە بەو زمانە تایبەتە.

سێیەم/ ئاستی سینتاکس : وەرگێڕ، زۆرجار لە ئاستی سینتاکسدا تووشی گرفت دەبێت، کە وای لێدەکات بە هەڵە زاراوەکان وەرگێڕێت، بۆ نموونە هەندێ جار زاراوەیەك، یان دەستەواژەیەك وەردەگێرێت و قاڵبی یان ڕێسا و یاسای زمانی سەرچاوە لە زمانی مەبەستدا بەکاردەهێنێت، تاوەکو وای لێدێت، کە بەرە بەرە  بە تێپەڕبوونی کات، ئەو قاڵبانە لەگەڵ زمانی مەبەستدا تێکەڵ دەبن و دەبنە هۆی ژەهراوی بوونی زمان.

زمان پێڕەوە، لە کۆمەڵە یاسایەکی سنووردار پێکدێت، کە پەیوەندی نێوانیان پێڕەو بە زمان دەبەخشن و زمان لە مردن و فەوتان دەپارێزن، سەرجەم ئاستەکانی زمان یاسابەندیی تایبەتی خۆی هەیە " ئاستی سینتاکسیش خاوەنی یاسای تایبەت بە خۆیەتی لە پێکهاتەی فرێز و دەستەواژە و دەستەواژیلە و رستەکاندا." (محەمەد مەجید سەعید:٢٠١٥: ١١١)، پەیڕەوکردنی سینتاکسی زمانی سەرچاوە، " کار لە سینتاکسی زمانە بۆ وەرگیراوەکە دەکات و پاشان بۆ مۆرفۆلۆژیی پەلدەهاوێت. دەکرێت هاتنەناوەوەی فرێزەکانی لە جۆری: (سلێمانی پالاس ، کۆیە پالاس ، دانا کۆمپیوتەر، هێمن کار، سەردار کار، ...هتد) و ڕستەکانی لە جۆری (هەڵسان بە ناشتنی نەمام، هەڵسا بە کردنەوەی پێشەنگایەك و ... تاد)، دەروازەیەك بن بۆ ژەهراوی بوونی سینتاکسی کوردیی، ئەویش لەبەرئەوەی ڕێسای سینتاکسی کوردییان بەجێنەهێناوە، کە سەرکۆتاییە و پێڕەوی ڕێسای سەرسەرەتاییان کردووە." (هەمان سەرچاوە:١١٥). زۆرجار وەرگێڕ بێ ئاگایانە، بە هەڵە ئەو جۆرە کەرەستانە بۆ زمانی مەبەست دەگوازێتەوە و بە تێپەڕبوونی کاتیش، زیاتر کار لەسەر زمانەکە دەکەن، کە تەنها پسپۆڕانی زمان نەبێت، خەڵکە ئاساییەکە نازانن، کە مۆرکی ڕەسەنی زمانەکەی خۆیان نییە.

چوارەم: ئاستی واتاسازیی: واتاسازیی باڵی کێشاوە بەسەر هەموو ئاستەکانی تری زماندا و هەر کێشەیەك لەو ئاستانەدا دروستببێت لەڕووی واتاشەوە دروستدەبێت. جگە لەوەش

هەندێ گرفتی واتایی، دەبێتە ئارێشە لەبەردەم وەرگێڕ، بۆ زیاتر دەرخستنی ئەو کێشانە لە بواری پەیوەندییە واتاییەکاندا، چەند نموونەیەك دەخەینەڕوو :

١- هاوواتایی : هەریەکە لە وشەکانی (کۆچی دواییکرد، گیان دەرچوون، تۆپین، مردن، مرداربوونەوە، وشکبوونەوە، ڕەقبوونەوە) لە زمانی کوردیدا دەبنە هاوواتا، بەڵام بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا ئەگەر وشەی هاوواتا بەرانبەر ئەو وشانە دابنرێت بریتییە لە: (موت، وفاة، أحتظار، الهجرة الابدية) ئەوەی لێرەدا کێشە دروستدەکات وشەی (تۆپین) و (مرداربوونەوە)یە، کە لە زمانی کوردیدا بۆ گیانلەبەران بەکاردێن، لە کاتی وەرگێڕاندا پێویستە ئەوە جیابکرێتەوە، کە (تۆپین) بۆ ئەو گیانلەبەرانەیە، کە گۆشتیان ناخورێت و (مرداربوونەوە) بۆ ئەوانەی کە گۆشتیان دەخورێت، واتە کاتێك (موت الحيوانات) وەردەگێڕێت پێویستە جیابکرێتەوە، کە کام وشە گونجاوە بۆ واتای وشە وەرگێڕاوەکە، کەواتە " لەوانەیە زمانی سەرچاوە لە زاراوە هاوواتاکاندا دەوڵەمەندبێت، کەچی لە زمانی ئامانجدا هاوواتای بۆ نەدۆزرێتەوە و ئەمەش دەبێتە ئارێشەیەك لە وەرگێرانی دەقێکدا ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبنەوە." (پەروین عوسمان:٢٠٠٩: ١١٨).

٢- هاوبێژی:

تاڵ : تاڵی قژ (شَعره)

تاڵ : تاڵی تامی خواردن (مُر)

ئاش : شوێنی هاڕینی دانەوێڵە (طاحونه)

ئاش : خواردن (طعام)

پێوەدان : داخستن (إغلاق)

پێوەدان : (پێوەدانی مار و دووپشك) ( لدَغ )

دەتوانرێت واتای هەموو وشەیەك لە فەرهەنگدا بدۆزرێتەوە، بەڵام فەرهەنگ ناتوانێت واتای ئەم وشانە ڕوونبکاتەوە، چونکە لە هاوبێژیدا دوو وشە دەنگەکانیان وەکو یەکن، ئەم وشانە لە کاتی بەکارهێناندا، تا نەخرێنە دەوروبەرەوە واتاکانیان ڕوون نابنەوە،

لەبەرئەوە وەرگێڕانی هەر یەك لەو وشانە، وەکو خۆیان کێشە بۆ وەرگێڕ دروست دەکەن، دەبێ وەرگێڕ بزانێت، مەبەست لە (تاڵ) چییە؟ (شعرە)یە یان (مُر)ە هەروەها وشەی (ئاش) مەبەست (طاحونە)یە یان (طعام)ە...هتد ، لە زمانی عەرەبیشدا وشەی هاوبێژی زۆری تێدایە، بۆ نموونە :

عم : مام

عم: کۆمەڵ

النوی : خانوو

النوی : مەبەست، نیەت

النوی : دووری

٣- دژواتـایی : " دیـاردەیەکی زمـانی و واتـاییە، ڕۆڵێکـی گرنـگ لە ڕوونکـردنەوەی واتـای وشـەدا دەبینێـت، هەرچەنـدە لە گشـت زمانێکـدا دژواتـایی تەواو نیـیە ، بەڵکـو لە چەنـد سـیمایەکیدا دژواتـایی یەکتـرن..." (پەرویـن عوسـمان:٢٠٠٩: ١٣٠)، زۆرجـار وەرگێـڕ ناتوانێـت وشـە دژواتاکـان وەکـو واتـای خۆیـان وەرگێڕێـت بـۆ زمـانی مەبەسـت، چـونکە شـێوازی بەکارهێنانیـان لە دەوروبەری زمـانی سـەرچاوە دەگۆڕێـت ، بـۆ نمـوونە لە ڕسـتەیەکی وەك : ( إن الجَـوَ لـیسَ بـارداً بـل معتـدل) ، لە وەرگێڕانـی وشـەی (معتـدل)دا " هەنـدێجار ناتوانرێـت لە زمـانی کوردیـدا بە (فێنـك) بەرامبەر بکرێـت، چـونکە زیـاتر واتـاکەی ئاڕاسـتەی بـۆ (سـەرما) دەچێـت نەوەکـو لە ناوەندی (ساردو گەرم)دا ڕابوەستێت" (پەروین عوسمان:٢٠٠٩: ١٣٢).

لە زمانی عەرەبیدا وشە هەیە، دوو واتای دژواتایی هەڵدەگرێت بۆ نموونە کرداری (بعت) دوو واتای هەیە ، یەکەم بە واتای (فرۆشتن)، دووەم بە واتای (کڕین) دێت، کەواتە بە هۆی (یەك کردارەوە)، دژواتایەك دروستبووە، هەروەها وشەی (المسارب) بە واتای (شاراوە) دێت و بۆ واتای (شتی دیاری)ش دێت ، ئەم جۆرە دیاردەیە لە زمانی عەرەبیدا بە تایبەتی لە زمانی شیعر و نووسیندا باوە.

## ٤-٥/٢) بنەماکانی وەرگێرانی زاراوە بۆسەر زمانی کوردی :

زۆرجار وەرگێر ڕووبەڕووی گرفتی وەرگێرانی زاراوە دەبێتەوە و ناتوانێت زاراوەیەکی هاوواتا بۆ زاراوە بیانییەکە بدۆزێتەوە، بە تایبەتی " وەرگێرانی هونەریی زانستیی و تەکنۆلۆجی ، ناتەواو ماونەتەوە و نەگەیشتوونەتە ئاستی پەسەند لەڕووی هونەری و زمانییەوە ، ئەویش تەرخانکردنێکی نامەبەستی بیرۆکەی نەگونجاوی و نەشیاوی زمانی نەتەوەییە بۆ گوزارشتی زانستە نوێیەکان و هونەرە پیشەسازی و تەکنۆلۆجییەکان." (جەمال عەبدول:٢٠٠٨: ١٤٧). هۆکاری سەرەکی بۆ ڕاوێژنەکردنی وەرگێرەکان بە زاراوەسازەکان دەگەڕێتەوە و پسپۆڕەکان و ئاگایان لە یەکتر نییە، لەبەرئەوە پێویستە وەرگێرە و زاراوەسازەکان و نووسەران لە بڕیارەکانیاندا یەکگرتووبن، لەسەر بناغەی تێگەیشتن لە چەمکی زاراوە و قوڵبوونەوە لە واتای زاراوە بیانییەکان کارەکانیان ئەنجامبدەن.

هەروەها بۆئەوەی وەرگێرانی زاراوە بەشێوەیەکی زانستیانە ئەنجامبدرێت، پێویستە ڕەچاوی چەند خاڵێك بکرێت :

١- بوژاندنەوەی زاراوەی دێرین :

" ئەگەر لە فەرهەنگی زمانەکەماندا زاراوەیەك هەبوبێ ، لەگەڵ ئەو زاراوەیەدا گونجا کە پێویستیمان پێیەتی ، وە توانیمان بەکاریبهێنین ، ئەوا پێویست ناکات هەوڵی دانانی زاراوەیەکی تازەی کوردی بدەین وەك: زاراوەی (السرطان)ی عەرەبی، دەتوانین وشەی (شێرپەنجە)ی دێرینمان ببوژێنینەوە، لە بری ئەو زاراوە عەرەبییە بەکاربهێنین" (ساکار ئەنوەر حەمید:٢٠٠٩: ٤٧).

٢- خۆ دورخستنەوە لە وەرگێرانی وشە بە وشە :

وەکو چۆن وەرگێرەکان هەوڵدەدەن دووربکەونەوە لە وەرگێرانی دەق بە ڕێبازی وشە بە وشە، چونکە دەبێتە هۆی شێواندنی واتای دەقی سەرچاوە، هەروەها زۆر گرنگە بۆ وەرگێرانی زاراوەکانیش لەو ڕێبازە دوورکەونەوە. بۆئەوەی وەرگێر بتوانێت زاراوەیەکی

گونجاو لە زمانی مەبەست، بۆ زاراوەیەك لە زمانی سەرچاوە بدۆزێتەوە، پێویستە تەماشای واتای بنەڕەتی زاراوەکان بکات.

٣- وردبونەوە لە واتای زاراوە وەرگێڕاوەکە :

وردبونەوە لە واتا و مەبەستی زاراوە وەرگێڕاوەکان، زۆر گرنگە، پێویستە بزانین بۆ کام بابەت بەکاردێت و بۆ کامیان بەکارنایات. بۆ نموونە وشەی (خۆپیشاندان)، بەرانبەر وشەی (مقاهرە)ی عەرەبی بەکارهێنراوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە وەرگێڕەکان بە باشی وردنەبونەتەوە لە واتای وشە عەرەبییەکەدا و وای بۆ ڕۆشتوون، کە هاوواتاکەی لە زمانی کوردیدا (خۆپیشاندان)ە، بەڵام لە ڕاستیدا وشەی (مقاهرە) بە واتای (پشتگیریکردن) دێت، نەك (خۆپیشاندان).

٤- خۆنەبەستنەوە بە دیاردەی زاراوە هاوواتاکان :

پێویستە وەرگێڕەکان یاخود زاراوەسازەکان، خۆیان بە دۆزینەوەی واتای زاراوە هاوواتاکان نەبەستنەوە، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا وشەی (أنتماء، أنضمام، أنتساب) یەك واتایان هەیە، پێویست ناکات هەوڵبدرێت بۆ هەریەك لەو وشانە زاراوەیەکی جیاواز دابنرێت، و هەر سێ وشەکەش بە واتای (چوونەناو) دێن.

٥- وەرگێڕانی زاراوە بە گوێرەی پێویست :

هەروەکو وتراوە (پێویستیی دایکی داهێنانە)، بۆیە کاتێك کۆمەڵگا پێویستی بە زاراوەیەك هەبێت، ئەوا هەوڵدەدات زاراوەیەکی گونجاو بۆ واتا و چەمکی ئەو زاراوەیە لە ڕێگەی یەکێك لە ڕێبازەکانی دانان و سازکردنی زاراوەوە دابهێنێت، بەڵام ئەگەر پێوستیان پێ نەبوو، پێویست ناکات بە زۆرەملێ زاراوەیەك لە زمانە بیانییەکانەوە بهێنرێتە ناو زمانەکە و هەوڵی وەرگێڕانی بۆ بدرێت.

" ئەم ڕاستییە کە لە زانستی زاراوەسازیدا بەڕوونی چەسپێنراوە، لە زمانی کوردیدا زۆرجار فەرامۆشکراوە و پەیڕەوی نەکراوە نموونەش بۆ ئەم ڕاستییە ئەوەیە : لە

ڕێزمانی عەرەبیدا زاراوەی (أسم الفعل) بۆ چەشنە ووشەیەکی وەکو (هیهات) و (أُف) (صه) کە هەر لە زمانی عەرەبیدا بەرچاودەکەون سازکراوە. وەرگێڕی کورد سەرەڕای ئەوەی کە دەزانێت ئەم چەشنە ووشەیە لە زمانەکەیدا نەهاتووە و نایەت دەست وبرد و دەستکردانە وەریگێڕاوە بە زاراوەی (ناوی کار)." (کامیل حەسەن بەسیر:١٩٧٩: ٩٥-٩٦).

## ٥-٥/٢) وەرگێڕانی زاراوەی بیانیی :

وەرگێڕانی زاراوەی بیانیی کارێکی ئاسان نییە، زۆرجار گرفت پەیدادەبێت لەبەردەم کاری وەرگێڕاندا بە تایبەت ئەو زاراوانەی، کە لە بوارە زانستییەکاندا بەکاردەهێنرێن. کێشەی وەرگێڕانی زاراوەی زانستی کێشەیەکی تازە نییە و بەردەوامی هەیە، بەهۆی پێشکەوتن و سەرهەڵدانی چەمکی نوێ، لەبەرانبەر مامەڵەکردنێکی هەرەمەکی و بێسەروبەری بە زمانەوە و وەرگێڕانی هەندێك لە زاراوەکان بەبێ ئەوەی پەیڕەوی دەستوور و یاسای زمانی کوردی بکرێت، وێڕای کەم شارەزایی هەندێ لە وەرگێڕەکان و چەند گرفتێکی تر.

وەرگێڕانی زاراوەی بیانیی لەهەر بابەتێکی زانستی و مرۆڤایەتی، گەلێك ئەستەمترە لە وەرگێڕانی تێکڕای بابەت و دەقێك، " چونکە دەشێ بابەت هەرچی یێك بێ بدرێتەوە بەهۆش و پێزانین و سەقافەت و لەوانەوە داڕشتنێکی سەرجەمی بۆ ڕێك بخرێ بەو زمانەی کە وەرگێڕانەکەی پێ دەکرێ" (مەسعود مەحەمەد:١٩٨٨: ٣)، هەروەها وەرگێڕ دەتوانێت، بەپێی پێویست ڕێگا کورت و درێژبکاتەوە، تا بگاتە مەبەست و واتای دەقە وەرگێڕاوەکە، بەڵام " تاکە وشە بە تێکڕایی و وشەی زاراوە بە تایبەتی دەرفەتی دڵخوازی تێدا یەك جار بەرتەنگە و خواییشت گۆڕی تێدا لە زەحمەت زەحمەتترە تا ئەگەر بمانەوێ لە ڕێی وێك چوواندنەوە نموونە بهێنینەوە دەتوانیین بڵێین پێکانی مەبەست لە وەرگێڕاندا وەك پێکانی دیوارێکە، کەچی پێکانی مەبەست لە ڕۆنان، یاخود وەرگێڕانی وشەی ئاسایی دا وەك پێکانی بەردێکە لەو دیوارەدا، ئەمجا پێکانی نیشانە لە دانانی زاراوەدا وەك پێکانی پنتێکە بەو بەردەوە." (هەمان سەرچاوە :٣)، لەبەرئەوە کاتێك زاراوە بۆ زمانی مەبەست وەردەگێڕێت، پێویستە وەرگێڕەکە شارەزایی تەواوی هەبێت لە هەردوو زمانەکەدا -

زمانی سەرچاوە و زمانی مەبەست - ، هەروەها لەو زانستەی کە زاراوەکەی تیایدا سەریلێهەڵداوە ، سەرباری ئەوەش پێویستە وەرگێر بەپێی دەستوور و یاسای زمانی مەبەست وشە و زاراوە دارێژێت .

بۆ وەرگێرانی زاراوەی لێکدراوی بیانیی ڕێبازی (کاڵکە – calque) لە ڕۆنانی زاراوەی نوێدا پەیڕەودەکرێت، ئەم ڕێبازەش لەڕێی وەرگێرانی مۆرفیمەکانی زاراوە بیانییەکانەوە بۆ مۆرفیمە خۆماڵییەکان دەکرێت، بۆ نموونە زاراوەیەکی بیانیی لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە لە چەند بەش پێکهاتبێت و چۆن دروستبووبێت و چەمك و واتای چی بێت، لە وەرگرتن و وەرگێراندا بۆسەر زمانی کوردی پێکهاتن و دروستبوونی مۆرفۆلۆژیی، ئەو زاراوە بیانییە چۆن بوو، لە زمانی کوردیشدا هەر بەو جۆرە بەرهەمدێت. هەروەها لە ڕووی لێکسیکۆلۆژیشەوە، واتای چی بەخشیوە، هەر بەو شێوەیە، دەبێت لە زمانی کوردیشدا ئەو واتایە ببەخشێت (کامیل حەسەن بەسیر:١٩٧٩: ٩٧)، بەڵام بە مەرجی ئەوەی ڕەچاوی دەستوور و یاسای زمانی کوردی بکرێت لە ڕۆنانی زاراوەکاندا، کەواتە قاڵبێکی کوردانەی بە بەردا بکرێت. بۆ نموونە:

Phonetics : علم الاصوات : زانستی دەنگ، دەنگسازی

Carnivorous: آکل اللحوم : گۆشتخۆر

Abnormal: غیر اعتیادي : نا ئاسایی

Violinist: عازف الکمان: کەمانچەژەن

Bactericide: مبید البکتریا: بەکتریاکوژ (بۆ بینینی نموونەی زیاتر، بڕوانە: کەمال جەلال غەریب:٢٠١٢: ٦٧ – ٧٣) .

کەواتە ئەو زاراوەیەی، کە لەیەك مۆرفیم پێکهاتبێتک ڕاستەوخۆ وشەیەکی لە فەرهەنگی زمانی مەبەستدا، بۆ دەدۆزرێتەوە، کە هەڵگری هەمان واتا و چەمك بێت، بەڵام ئەو زاراوەیەی ، کە لە دوو مۆرفیم یان زیاتر پێکهاتبێت، سەیری کاڵکەی زاراوە بیانییەکە دەکرێت، بەڕەچاوکردنی دەستوور و یاسای زمانی دووەم زاراوەکە

وەردەگێڕێت، بە هەمان ئەو پرۆسانەی وشە دروستکردن، لەڕێی لەیەکدان و هەڵگواستنەوە .

لە هەندێ حاڵەتی وەرگێرانی زاراوە، دەشێت مۆرفیمێك لە مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی زاراوە ناسادە بیانییەکە، بە هەمان واتا وەرنەگێڕێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ لەبارنەبوون و نەگونجاویی واتای زاراوە وەرگێڕاوەکە. بۆ نموونە "بۆ Telephonvision (ئامێرێکی لە دوورەوە دەدوێت و وێنە دەدات) دروستبکەین، ئەوا /دوور – دوو/ > /دووردوو – بین/ یان /دوور – گۆ/ > /دوورگۆ – بین/ ئەگەری دروستکردنەکانییەتی." (محەمەدی مەحوی:٢٠١٠: ١٥٥)، ئەم نموونەیە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت ، کە لە هەندێ حاڵەتدا، دەشێت تایبەتمەندی داڕێژەری زمانی کوردی بۆ وەرگێڕانی هەندێ زاراوەی نوێ لەبارنەبێت وەك زاراوەی (Telephonvision). کەواتە وەرگێڕ یان زاراوەساز لەکاتی وەرگێڕانی هەر زاراوەیەکی نوێدا، ئەگەر هەستی بەوەکردبێت ئەو وەرگێڕانەی لەگەڵ تایبەتمەندی زمانەکەیدا نەشیاوە و ناگونجێت، دەتوانێت بەشێوازێك مۆرفیمەکانی بگۆڕێت، هەم بگونجێت لەگەڵ تایبەتمەندی زمانەکەی و هەم واتاکەی لە دەستنەدا، "د.محەمەدی مەحوی" لەم بارەیەوە ئاماژەی بە زمانی ئەڵمانی داوە، کە چۆن لە ئینگلیزی یان لە یۆنانییەوە زاراوەی وەرگرتووە و لە ڕێگەی (کاڵکە)وە زاراوەیەك بۆ زمانەکەی خۆی دروستکردووە و هەڵگری هەمان واتا بووە، بۆ نموونە وشەی (telephone) لە دوو مۆرفیم پێکهاتووە، کە لە یۆنانییەوە وەرگێڕاوە (tele) بە واتای (دوور) و (phone) بە واتای (دەنگ)، لە زمانی ئەڵمانیدا " لە ڕێی پرۆسەی وەرگێڕانی بیانییەوە وشەکەیان بۆ تەلەفوون ئێستا fernsprecher (دوورقسەکەر)ە ، کە تێیدا مۆرفێمە خۆماڵییە ئەڵمانییەکانی fern (دوور) و sprecher (قسەکەر) لەبری یۆنانی یان ئینگلیزییەکانی tele و phone هەن." (محەمەدی مەحوی:٢٠١٠: ١٥٢).

لەو نموونەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە وشەی (telephone) بە واتای (دوور دەنگ: دەنگی دوور) دێت، بەڵام لە ئەڵمانیەکە بە واتای (دوور قسەکەر) هاتووە، کەواتە وەرگێڕانی ئەو وشەیە، وەکو واتا یۆنانییەکەی نییە، بەڵکو گۆڕانکاری تێداکراوە، بە

جۆرێك لەگەڵ تایبەتمەندی زمانی ئەڵمانی بگونجێ و مۆرفێمی (phone)ی گۆڕیوە بۆ مۆرفێمی (sprecher).

له زمانی کوردیدا سوود لەو پرۆسەیە بۆ دروستکردنی زاراوەی نوێ بینراوە، بۆ نموونە زاراوەی (الاسم المشترك – common noun) بەرانبەر ئەم زاراوەیە زاراوەی (ناوی دوولایەن) سازکراوە، ئەگەر وشەی (ناوی هاوبەش) دابنرێت بۆ ئەو زاراوەیە، لەوانەیە واتایەکی تەواو، وەك واتا بنەڕەتیەکەی خۆی نەبەخشێت، بەڵام وشەی (دوو لایەن) زیاتر لەبارە و پربەپێستی خۆیەتی. هەروەها زاراوەی (راسم الذبذبات) زاراوەی (لەرەنووس)ی بۆ سازکراوە، بەرانبەر وشەی (راسم) وشەی (نووس) دانراوە، هەرچەند (راسم) (نووس) نییە، بەڵکو (وێنەکێشە)، بەڵام وادیارە دانەری ئەم زاراوەیە (لەرەنووس) بەگونجاوتر دەزانێت. (زاراوەی "ناوی دوو لایەن" و "لەرەنووس" لەم سەرچاوەیە وەرگیراون: ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠٠٤)

" فـره ســەرچاوەیی لە وەرگێڕانــدا کــاریگەری باشــی کــردۆتە ســەر وەرگێڕانــی زاراوەو ڕۆڵــی هەبــووە لە دەوڵەمەنــدکردنی فەرهەنگــی تــایبەتی زاراوەکانــدا، بە تــایبەتی لەو زمانــانەی ســەرچاوەی زانســتن بــۆ لێڵــی و تــاریکیی ڕۆشــنکەرەوەن." (عوســمان کەریــم:٢٠١٤: ٨٣)، زمــانە پێشــکەوتووەکانیش وەکــو (ئینگلیــزی، فەرەنسی، ڕووسی، عەرەبی) و چەندین زمانی تر.

زۆر گرنگە وەرگێڕ لە بنج و بنەوانی وشە و زاراوە زانستییەکان پێش ئەوەی وەریانبگێڕێت بکۆڵێتەوە و ئەوەندە شارەزایی لەم زانستەیدا هەبێت، بە ڕادەیەك بتوانێت، هەندێك جار ڕێبازی (گۆڕین)، یان (ناواخنکردن)، یاخود (لابردن) لە وشە و زاراوە وەرگێڕاوەکاندا بەپێی پێویست بەکاربهێنێت.

# بەشی سێیەم

## وەرگرتنی زاراوەی بیانیی لە زمانی کوردیدا

### ١/٣) وەرگرتنی زاراوە لە زماندا:

لە هەموو زمانێکدا بە ڕادەی جیاواز زاراوە و وشەی بیانیی هەیە، لەسەر ڕووی ئەم زەوییە، هیچ زمانێک نادۆزیتەوە، کاریگەری زمانی بێگانەی لەسەرنەبێت و کەڵکی لێوەرنەگرتبێت. وەرگرتنی زاراوە بیانیی، پێویستییەکی سروشتییە، و بەربەستێک نییە بە ڕوویدا بوەستێت و پێشی پێبگرێت، چونکە پەیوەستە بە ژیانی کۆمەڵەکانەوە و قسەپێکەرانییەوە. لەم ڕۆژگارەدا ناتوانرێت ڕێگە لە هیچ قسەکەرێک بگیردێت، لە وتنی زراوەکانی وەک (کۆمپیوتەر، ئەنتەرنێت، مۆبایل، تەکنیک، پرۆسە، سیستەم، لۆژیک، مۆدێل، پراکتیزە، فانتازیا، پۆست، تەکنەلۆژیا، ... هتد). ئەم زاراوانە، زۆربەیان لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان هاتوونەتە ناو زمانەوە. کەواتە زمان هاوشانی ژیانە، ژیانیش کاتێک پێشدەکەوێت، کە چەمک و واتای نوێ بهێنێتە ناو زمانەوە. ئەو کۆمەڵگەیەی، کە فۆرم و زاراوەی بەرانبەر بەو چەمکە نوێیانە نەبێت، ناچاردەبێت، کە لە زمانەکانی ترەوە، وەریانبگرێت.

وەرگرتن، واتە قەرزکردن و خواستنی زاراوە (فۆرم و واتا) لە زمانێکی بێگانەوە و بەکارهێنانی لە زمانێکی دیاریکراودا بۆ ماوەیەکی کاتیی، تا ئەو کاتەی فۆڕمێکی لەلایەن شارەزایانەوە بۆ سازدەکرێت، یان بۆ هەمیشە بەکاردەهێنرێت و تێکەڵی فەرهەنگی زمانەکە دەبێت، بەجۆرێک هەست بە بێگانەییشی نەکرێت، بەمەش فەرهەنگی وشەکانی زمان دەوڵەمەند دەبێت.

کاریگەری زمانەکان لەسەر یەکتر و وەرگرتن و بەخشینی زاراوە، تەنها بوارەکانی زانست ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە، وەرگرتنیش لە زمانێکی دیاریکراودا، بەپێی قۆناغ و سەردەمی ئەو زمانە - بەپێی بواری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوری ئەو زمانە- دەگۆڕێت، هەروەها پێشکەوتنەکانی و چۆنییەتی

پەیوەندی لەگەڵ زمانە دراوسێ و جیهانییەکان، چەندێتی ڕادەی ئەو پەیوەندییە دەگۆڕێت. (ابراهیم انیس:٢٠٠٣: ٩٦).

هاوکات هەوڵدەدرێت ئەو زاراوانەی، کە لە زمانە بیانییەکانەوە وەردەگیرێن، چ لەڕووی گۆکردنیان، چ لەڕووی نوسینیان، لەگەڵ یاسا دەنگییەکانی زمانی وەرگر بگونجێنرێن، بۆئەوەی بە ئاسانی گفتوگۆکردنیان پێبکرێت و بڵاوببنەوە و شێوەی ئاسایی وەربگرن. بە دەگمەن وشە و زاراوەی وەرگیراو بەبێ دەستکاری دەمێنێتەوە، تەنها ئەو کەسانە نەبن، کە شارەزاییەکی تەواویان لە چۆنییەتی گۆکردنی وشە وەرگیراوەکە هەیە. (سەرچاوەی پێشوو:٩٩).

## ٢/٣) ئاوڕدانەوەیەک بۆ مێژووی وشە و زاراوەی بیانیی لە زمانی کوردیدا:

زمان هۆیەکە بۆ لەیەک گەیشتن، بۆ خزمەتکردنی خەڵک و سودگەیاندن بە یەکتری بەکاردەهێنرێت. " زمان ئاوێنەی بێگەردی کۆمەڵە، ڕەنگدانەوەی هەست و نەست و بیرو هزرو داهێنانی سەدەها ساڵی خەڵکییە، هۆیەکە لە هۆیەکانی ئاڵوگۆڕکردن و گواستنەوەی شارستانی و کەڵچەرو ڕۆشنبیری نێوان میللەتانە، لە ڕێگایەوە ڕۆڵەکانی گەل لە یەکتری دەگەن و لە ڕێی ئەویشەوە هەرچی زانست و زانیاری هەیە ... دەگاتە دەستمان و لە ئێمەشەوە دەگاتە خەڵکانی تر..." (سەباح موسا عەلی:٢٠١٤: ١٠٦)، هەر لەبەرئەوەش و بۆ هەر مەبەستێک بێت، سودگەیاندن بێت یان هەر شتێکی تر، هەموو زمانێکی نەتەوەیی نییە، کەڵکی لە زمانە جیاوازەکانی تری گەلانی جیهان وەرنەگرتبێت، ئەوەش بەپێی ڕێژەی تێکەڵاوبوون و دوورونزیکی و کاریگەریی زمانەکانە لەسەر یەکتر.

زمانی کوردیش بەدەرنییە لەم دیاردەیە و " هەر لەو ڕۆژەوە، کورد لە ناوچەکەدا پەیدابووە، لەگەڵ چەندین گەل و نەتەوەی وەک: (فارس، ئاشوریی، کلدانیی، ئەرمەنیی، یۆنانیی، عەرەب، مەغۆل، تورک، تورکمان، ئازەر، بلوژ) تێکەڵبووە. لەبەرئەوە، هێندێ وشەی ئەو زمانە تێکەڵ بە یەکدی بوون. هەروەک چۆن، هێندێ ووشەی ئەو زمانە، لە زمانی کوردیدا، جێگەی خۆیان کردۆتەوە، بەهەمان شێوەش، هێندێ ووشەی ڕەسەنی

کوردیش، لە فەرهەنگی نەتەوەیی ئەو زمانەدا جێگیربووە." (حوسێن محەمەد عەزیز:٢٠٠٥: ٤٥١).

بێ گومان ئەوەی بەسەر نەتەوەی کورددا هاتووە و ئەو نەهامەتییەی، کە ڕووبەڕووی بووەتەوە، وای لێکردووە بە درێژایی مێژوو، چەندین جار ڕووبەڕووی مەترسی گەورە ببێتەوە، هەڕەشە لە مانەوەی زمانی کوردی کراوە و لەسەر دەمێکدا دەرفەت بە ڕۆڵەکانی نەدراوە، کە گفتوگۆی پێبکەن. سەدان وشەی بیانیی لە زمانەکەدا بەدیدەکرێت، سەرەڕای هەمووئەو هەوڵانەی، کە لەلایەن نوسەران و زمانەوانان و خەڵکی دڵسۆزەوە، بۆپاراستن و پاراوکردنی زمانەکە لە وشەی بیانیی دراوە.

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبدرێت، زمانی کوردیی ئەم سەردەمە بە تایبەت، لە پاش ڕاپەڕینی (١٩٩١)ەوە، بەراورد بە زمانی کوردیی لە پێش ڕاپەڕین، جیاوازی زۆری هەیە، " ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نوسینەکانی سەرەتا و دیوانی شاعیرانی کورد، تەنانەت تاکو نیو سەدە بەر لە ئێستا، دەبینین پتر لە نیوەی وشەکانی عەرەبین و لە بۆتەی ڕێزمانی کوردیدا تاوێنراونەتەوە." (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ:٢٠١٥: ٢٤٣)، لە سەرەتای ساڵانی بیست تا سییەکانیش، نووسینەکان زیاتر بە کوردییەکی تێکەڵاوی (فارسی، عەرەبی، تورکی) بووە. بۆ نموونە سەبارەت بە زمان و دەستەواژەکانی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) (سەباح مووسا عەلی) دەڵێت: " .. لە ژمارەیەکی ڕۆژنامەکە زۆر وشەی عەرەبی دێتە بەرچاومان: ترقی بکات، موشار ئیلەیها، ئەربابی حەمبەت تەمەنا دەکەن، ای ناس ئەحوالی زابتان کورد، حەربا عمومی، قەلاتەتێکی عەزیم و مەعلوم بوو لە ڕووی بەعزی بی مەغزان کە بە وەعدە و بە بارە ئەحباب بێ" (٢٠١٤: ١٢٩) لە درێژەی باسەکەشیدا ئاماژە بۆ ئەو وشانەشیدا داوە، کە بە ڕەگەز فارسی و تورکین بۆ نموونە: (ڕەهبەری (فارسییە بە واتای شکۆمەندی، فرزندان (فارسییە بە واتای منداڵان)، سەیلی خرۆشان (فارسییە بە واتای فرمێسک) ...)، ئەوەی بێگومان و هەموو سەرچاوەیەکی مێژوویی گەواهی بۆدەدات نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی ئەو سەردەمە خەمخۆری زمانی کوردی بوون و کەمتەرخەم نەبوون لە پاکتاوکردنی زمانەکە و بەپێی توانای خۆیان هەوڵێکی باشیان بۆ دابوو، تا ڕۆژ لە پاش ڕۆژ زمانی کوردییان بەرەو پاراوتر و پاکتر لە وشەی بیانیی هەنگاو داناوە. لەم رۆژگارەدا، ئەگەر باسی پاکوخاوێنی زمانی کوردی

بکەین، زمانی کوردی لە هەردوو زمانی فارسی و تورکی دەوڵەمەندتر و خاوێنتر و پاراوترە، "وشەی بیانیی کەمتری تێدایە. هەرچەندە کورد، خاوەنی دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆی نییە، لەژێر باری ژێردەسی و چەوساندنەوەی نەتەوەییدا دەناڵێنێ، سەرەڕای ئەو هەموو چەرمەسەرییەی کورد لە مێژوودا دیویەتی، کەچی، هێشتا دەتوانیین، بە کوردییەکی پوخت بنووسین، بێ ئەوەی ووشەیەکی بیانیی بەکاربێنیین. بەڵام، کارێکی هێندە ئاسان نییە، فارسێ، یا تورکێ، تەنانەت نامەیەکیش بە فارسیی، یا بە تورکییەکی پەتیی بنووسێ، بێ ئەوەی پەنا بۆ بەر زمانێکی دیکە نەبا." ( حوسێن محەمەد عەزیز:٢٠٠٥: ٤٦٠).

دەربارەی دەوڵەمەندی و هەژاری زمانیش بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، (د.جەمال نەبەز) دەڵێ: " دەوڵەمەندیی زمان، لەوەدایە، کە بۆ هەموو واتایەک ووشەیەکت ببێ، نەک بۆ واتایەکی وەک چیا، (شاخ و کێو) و چەن ووشەیەکی دیشت ببێ، بەڵام، بۆ هەزاران واتای فیزیک و تەکنیک ووشەیەکت لێ بچێتە قات ..." (١٩٧٨: ١١١)، لەڕاستیدا زمانی کوردی لە وشەی هاوواتا کەمیی نییە، بگرە هەندێ نووسەریش بە دیاردەیەکی ئەرێنی دەزانن و پێیان وایە فەرهەنگی زمانیشی پێ دەوڵەمەندەبێت، (شیروان حوسێن خۆشناو) دەڵێت: " هەر زمانێک یەکەی سینۆنیمی زۆر بێت، نیشانەی ئەوەیە فەرهەنگی ئەم زمانە دەوڵەمەندە" (٢٠١١: ٧٥)، سەرەڕای ئەوەی، کە وشەی هاوواتایی (سینۆنیم)، تا ڕادەیەک لە زمانی کوردیدا زۆرە، بەڵام گرفتی زۆریشی لە زاراوە زانستییەکاندا هەیە، کە بە ئاسانی زاراوەیان لە زمانەکەدا بۆ نادۆزرێتەوە. ئەم گرفتەش هەروەک پێشتر باس کرا، لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا بەدیدەکرێت، هەژاریی و دەوڵەمەندیی زمانیش، تا ئەندازەیەکی زۆر پێوەندیی بەوەوە نییە، ئەو زمانە تا چەند پێویستی بە وشەی بیانیی هەیە، یان تا چەند لە وشەی زانستییدا هەژارە، " چونکە لەلایەکەوە پێشکەوتووترین زمانی جیهان، لە وشەی بیانیی بەدەر نییە. لە لایەکی دیکەشەوە، هەموو زمانێ، لە ووشەی زانستانەدا تا ئەندازەیەک کۆڵەوارە، ناچاردەبێ، ئەو ووشانە، لەو زمانە ڕەسەنانەوە وەرگرێ، کە دایانهێناون." (حوسێن محەمەد عەزیز:٢٠٠٥: ٤٦١).

وەرگرتنی وشە و زاراوە لە زمانەکانی ترەوە، خەوشێک نییە بە زمانەوە دیاربێت و نیشانەی لاوازی زمان نییە. هەر وەک پرۆفیسۆر (کوردۆییڤ) دەڵێت: " وەنەبێ، دەوڵەمەندیی زمانی کوردیی، بە هۆی وشەی بێگانەوە بێ، بەڵکوو بەهۆی دروستبونی

ناوخۆی خۆیەتی." (حوسێن محەمەد عەزیز:٢٠٠٥: ٤٦١)، ئەگەر دەوڵەمەندیی زمانیش بەپێی ئەو پێوانەیە بێت، ئەوا زمانی کوردی لە ڕووی هەڵکەوتی ناوخۆوە، بە زمانێکی دەوڵەمەند دادەنرێت، چونکە خاوەنی ڕێزمان و وشەی تایبەتی خۆیەتی، ئەگەرچی چەندین وشەی بیانییش تێکەڵی زمانەکە ببێت.

## ٣-٢-١) هۆکارەکانی وەرگرتن و هاتنەناوەوەی زاراوەی بیانیی لە زمانەکەدا:

زمانی مرۆڤ، وەک هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە گەشە و گۆڕاندایە، ئەو گەشە و گۆڕانەش لە هەموو زمانە زیندووەکاندا ڕوودەدات، هەر زمانێ گەشە و گۆڕانی تیدا ڕوونەدا، ئەوا ئەو زمانە مردووە. زمانی کوردیش وەک یەکێک لە زمانە زیندووەکان، لە گەشە و گۆڕانی بەردەوامدایە. هەندێ جار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەبوونی فۆرم و وشە بەرانبەر بە چەمکە نوێیەکان بە ناچاری ئەو زاراوانە بە (فۆرم و واتا)کانیانەوە لە زمانێکی بێگانەوە وەردەگیرێت. وەرگرتنی زاراوەش یان لەلایەن تاکەکەسێکەوە دەکرێت، دواتر کۆمەڵ و کەسانی تریش بەکاریدەهێنن و دەبنە موڵکی هەموو کۆمەڵ، یان دەزگا زانستییەکان پێی هەڵدەستن، وەکو کۆڕی زمانەوانی و زانیاری و ڕاگەیاندنەکان و سەرجەم بوارەکانی دیکەی زانیاریش، کە لە ئێستادا زیاتر ئەو جۆرە دەزگایانە بەم کارە هەڵدەستن. (ابراهیم انیس:٢٠٠٣: ٩٨).

کاتێک باس لە هاتنەناوەوەی و بەکارهێنانی زاراوەی بیانیی دەکرێت و چۆنییەتی بەکارهێنان و پەسەندکردنی دەخرێتەڕوو، پێویستە ئاماژە بەو هۆکارانە بکرێت، کە دەبنە هۆی هاتنەناوەوەی و بەکارهێنانی زاراوەی بیانیی و ئەو ڕێگە و ڕێچکانە بخرێنەڕوو، کە دەرگا بۆ ئەو زاراوە بیانییانە واڵادەکەن و دەبنە ڕێگە خۆشکەرێک بۆ بەکارهێنانی لەنێو چوارچێوەی زماندا، بێگومان ئەو هۆکارانە بە دوو شێوە بەدیدەکرێن، ئەوانیش:

**١- وەرگرتن بە ئارەزوو**

**٢- وەرگرتنی سەپێنراو.**

**٢/٣-١-آ) وەرگرتنی بە ئارەزوو:**

بوونی ئەو ئارەزووەی کە لە مرۆڤدا هەیە، بە لاسایی کردنەوە ناودەبرێت، هەروەکو چۆن منداڵ لاسایی دایک و باوک و کەسە گەورەکانی دەوروبەری خۆی دەکاتەوە، بە هەمان شێوە گەورەکان حەز بە وەرگرتن و لاساییکردنەوەی هەندێ لە وشە و زاراوەی زمانەکانی تر دەکەن، بەڵام لاساییکردنەوەی منداڵ بۆ کەسانی دەوروبەری و وەرگرتنی وشە و زاراوەکانیان، لاساییکردنەوەیەکی هەمەکییە (کلی)، کەچی لاساییکردنەوەی گەورە، لاساییکردنەوەیەکی بەشییە، تەنها هەندێ ڕەگەزی تایبەتی دەگرێتەوە (سەرچاوەی پێشوو:٩٧). ئەم جۆرە وەرگرتنەش زیاتر بەهۆی گۆڕانی وشە و زاراوە و کاریگەربوون و سەرسامبوون بە زمانی لێخواستراوەوە سەرهەڵدەدات و بەبێ هۆکاری پێویست بەرانبەر بە هەمان واتا دێتە ناو زمانەوە و وشە لە زمانی وەرگر و شان بە شانی وشە و زاراوە خۆماڵییەکە دەڕوات.

ئەم وەرگرتنە، کە بەبێ هیچ پاساوێک لە زماندا بەکاردەهێنرێت، زیاتر بەهۆی مەیلی خۆدەرخستن و دەرکەوتن، وشە و زاراوەی بیانیی دێتە ناو زمانی خۆماڵییەوە، هەروەها کاریگەربوونی نەتەوەیەک بە نەتەوەیەکی تر و حەزکردن بە لاساییکردنەوەی زۆربەی دیاردە و بوارە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو نەتەوەیە، کە زمانیش دیاردەیەکە لەو دیاردە دیارانەی لە ناو کۆمەڵگادا هەیە، هەروەها ئەو کەسانەی، کە لەپاڵ زمانی زگماکییان، شارەزاییان لە زمانی تریشدا هەیە، زمانەکەی خۆیان بە موڵکی خۆیان دادەنێین و پێیان وایە مافی خۆیانە، ئەگەر ئەو زمانە بە وشەی زمانەکانی تر دەوڵەمەند بکەن.

**٢/٣-١-ب)وەرگرتنی سەپێنراو:**

کاتێک باس لە هۆکارەکانی وەرگرتنی سەپێنراو دەکرێت، ئەوەنەبێ تەنها زاراوەی زانستی و ڕۆشنبیری بگرێتەوە، هەندێ هۆکار هەن دەبنە هۆی سەرەکی بۆ پەڕینەوەی وشەی ئاسایی و بازرگانی و کۆمەڵایەتی و هۆکاری تریش لەبەر پێداویستییەکی گرنگ، کە پەیوەندیان هەیە بەو زاراوانەی، کە تایبەتن بە کاروباری دامەزراوەکان و بوارەکانی زانست و تەکنەلۆژیاوە و دەبنە هۆی وەرگرتنی زاراوەی بیانیی.

هەروەها " ئەم دیاردەیەش لە ئەنجامی ململانێی زمانەکانەوە ڕوودەدات. واتە زمانێکی زاڵ و بەرز وشە و زاراوەی خۆی بسەپێنێت بەسەر زمانێکی نزم و بەزیو." (ساکار ئەنوەر حەمید:٢٠٠٩: ٨١).

ڕێگە و هۆکاریش زۆرە بۆ وەرگرتنی وشە و زاراوەی بیانیی و بەکارهێنانیان، گرنگترینیان:

**یەکەم: داگیرکردن:-**

داگیرکردنی وڵاتێک لە لایەن وڵاتیکی ترەوە، هۆکارێکی کاریگەرە بۆ وەرگرتنی وشە و زاراوەی بیانیی. ئەم هۆکارەش وا دەکات، کە هەردوو زمانەکە (زمانی نەتەوەی داگیرکەر و زمانی نەتەوەی داگیرکراو)، وشە و زاراوە لە یەکتر وەرگرن، یان تەنها زمانێکیان خۆی دەسەپێنێت و زمانەکەی تر وشەی لێوەردەگرێت.

زمانی کوردییش: " بە درێژایی مێژووی کۆڵۆنیبوونی کوردستان و بە تایبەتی لە سەدەی بیستەمدا، لە کێشمەکێش و زۆرانبازی نێوان کورد و داگیرکەرانیدا بەکارهێنراوە و کاریگەری ئەو زۆرانبازییانەشی پێوە دەرکەوتووە. قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە لایەن هەموو داگیرکەرانی کوردستانەوە و سەپاندنی زمانی خۆیان بەسەر کوردیدا، لە سنوردارکردنی زمانی کوردی" (ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا:٢٠١٣: ٢٨٣)، ئەمەش وای کرد، کە وشە و زاراوەی بیانیی زۆر، بێتە ناو زمانی کوردییەوە وهەندێکیان وا گونجێنراون، کە هەست بە بێگانەبوونیشیان ناکرێت.

**دووەم: داهێنان و دۆزینەوەکان:-**

زمان لەگەڵ گۆڕانی خێرای زانیارییدا و لەگەڵ داهێنان و دۆزینەوە تازەکاندا ناچار دەبێت ئەو ناو و چەمکە نوێیانە بەسەریدا بسەپێنرێت، تەنانەت شارەزاکانیش توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڵکشانانەیان نییە، کە ناو بۆ هەموو ئەو داهێنان و دۆزینەوانە دارێژن، بە تایبەت ناوی ئەو جۆرە ئامێرانەی کە یەک کاریان هەیە و هەمیشە لە نوێبوونەوەدان. بۆ نموونە (کۆمپیوتەر) ، (لابتۆپ) ، (تەلەفۆن) ، (مۆبایل) ، (ئەتاری) و

(ئێکبۆکس) ... هتد. ئەو ناوە بیانییانەی، کە بەهۆی داهێنان و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە زۆربەیان هەروەکو خۆیان ماونەتەوە، ئەگەرچی هەندێکیان ناوی کوردییان بۆ دانراوە، وەکو وشەی (بەفرگر)، بەڵام هەر وشەی (موجەمیدە) و (سەلاجە) خۆی سەپاندووە، هەروەها وشەی (دووچەرخە)، یان (ئەسپەئاسنیین) بەرامبەر بە (پاسکیل).

کەواتە ئەگەر هەر وشەیەک یان زاراوەیەکی بیانیی لەناو زمانێکدا بڵاوبێتەوە، ئیتر هەر بەو ناوە دەڕوات و گۆڕینی کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە ماوەیەکی زۆر هەیە، بتوانرێت ئەو ناوانە لەلای ئاخێوەر بچەسپێت (مراد حميد عبدالله:٢٠١٢: ٢٢)، هەندێ زاراوەی بیانییش هەیە، ئەستەمە بە وشەیەکی کوردی بگۆڕێت، چونکە ئەوانە بە ناوی داهێنراوەکانیانەوە ناونراون، یان واتای تەواوی چەمکە بیانییەکە ناپێکێت، هەربۆیە هەمیشە لە ئاست ئەم داهێنان و دۆزینەوانەدا زمانەکان گیرۆدە دەبن، یان دەتوانیین بڵێین، دیلی ئەو خۆسەپاندنە دەبن، کە تەکنەلۆژیا خاوەنداری دەکات. هەربۆیە بۆمان دەردەکەوێت، کە لە سەردەمی ئێستادا زمانی ئینگلیزی کاریگەریی گەورەی لەسەر زمانی کوردی دروستکردووە، بە جۆرێک زاراوە و وشەی ئینگلیزی لە ئاخاوتن و نووسینی کوردیدا جێی خۆی کردۆتەوە، ئەگەرچی پێشتریش زمانی عەرەبی لەو وشە و زاراوانەدا خۆی سەپاندبوو، بەڵام لەسەردەمی ئێستادا، نەوەی نوێ زیاتر پەنا بۆ ئەو وشە و زاراوە ئینگلیزیانە دەبات، وەک جێگرەوەیەک بۆ ئەو وشە و زاراوە عەرەبییانەی ناو زمانی کوردی، بۆ نموونە (ئیستینساخ، کۆپی، لەبەرگرتنەوە).

- (ئیستینساخ) زاراوەیەکی عەرەبییە، مێژوویەکی کۆنیشی هەیە لە ناو ئاخاوتن و نووسینی کوردیدا.

- کۆپی (copy) زاراوەیەکی ئینگلیزییە، لەگەڵ سەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا، وەک جێگرەوەی زاراوەیەکی (ئیستینساخ)ی عەرەبی خۆی سەپاندووە.

- (لەبەرگرتنەوە) زاراوەیەکی کوردییە، ئەگەرچی هاوواتای زاراوەیەکی (ئیستینساخ و copy)یە، بەڵام نەیتوانیوە زمانی کوردی لە بەکارهێنانی ئەو دوو زاراوە بیانییە دەربازبکات، هەربۆیە بەکارهێنەران هێندەی پەنایان بۆ زاراوەکانی دەرەوەی زمانی

کوردی بردووە، زاراوە کوردییەکە حاڵەتی نامۆیی وەرگرتووە، وێڕای ئەوەی (لەبەرگرتنەوە) پڕاوپڕ هاوواتای زاراوە بیانییەکەیە.

لایەنێکی تری هۆکاری وەرگرتنی وشە و زاراوە بیانییەکان، پەیوەندیی بە نەبوونی داهێنان و دۆزینەوە زانستییەکانەوە هەیە، بۆیە دەوترێت هەر نەتەوەیەک لە کاروانی زانست و پێشکەوتندا شانبەشانی سەردەم نەڕوات، زمانی ئەو نەتەوەیە ناچار دەبێت بە هاوردەکردنی هەموو ئەو چەمکانەی، کە خاوەندارییی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی داهێنەرو زاناکانی، هەروەکو چۆن لە کوردستاندا زانیاریی لە بارەی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی و زانستی فڕۆکەوانی و دروستکردنی ئۆتۆمبێل و کۆمپیوتەر و ... هتد نییە، ئیتر چۆن زمانەکە بتوانێت، زاراوە بۆ بەشەکانی ئەو ئامێرانە دابڕێژێت، بە جۆرێک لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بەکاربهێنرێت.

**سێیەم: دراوسێتی :-**

هەڵکەوتەی زمانی کوردی لە نێوان هەرسێ نەتەوەی (عەرەبی، فارسی، تورکی)دا بۆتە هۆی وەرگرتن و هاتنەناوەوەی زاراوە لە زمانی ئەو نەتەوانەوە، زمانی کوردی وەک دراوسێیەکی ئەو سێ زمانە، کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو سێ زمانە، جا بەهۆی هۆکاری (ڕامیاری، ئایینی، کۆمەڵایەتی...هتد)، یان هەر هۆکارێکی تر بێت، هەریەک لەو زمانانەش ڕادە و کاریگەریان لەسەر زمانی کوردی جیاوازە. کەواتە لەیەک نزیکی شوێنی جوگرافی نێوان دوو زمان وا دەکات، کە کۆمەڵێک وشە و زاراوە بێتە ناو زمانە دراوسێکانەوە و ئاڵوگۆڕ ببێت، ئەمەش لە ڕێگای هاتوچۆوە لەنێوان قسەپێکەری زماناندا دروستدەبێت.

**چوارەم: کۆچکردن:-**

کۆچکردنیش ڕۆڵێکی گەورە لە وەرگرتن و هاتنەناوەوەی وشە و زاراوەی زمانێکی تر دەگێڕێت، کاتێک ئەو کەسانەی دەچن بۆ وڵاتە بیانییەکان، زۆرێک لە زاراوەی ئەو وڵاتانە وەردەگرن و لە زمانەکەی خۆیاندا بەکاریدەهێنن، "زمانی کوردی بەهۆی ئەو ژمارە کۆچبەرەی کە لە وڵاتە جیاجیاکان هەیە، لەم ساڵانەی دوایدا ژمارەیەکی زۆری زاراوەی ئەو زمانانەی بە تایبەت زمانی ئینگلیزی هاتۆتە ناو" (ڕۆژان نوری عبدالله:٢٠١٣:

٢٢٦)، هەروەها ئەو منالانەی، کە لە وڵاتە بیانییەکان لەدایکدەبن یان گەورەدەبن کاتێک، کە قسەدەکەن لە ڕستەیەکدا هەندێ وشەی زمانە بیانییەکە بەکاردەهێنن، چونکە زمانی خوێندن و نووسین و قسەکردنیان هەر بەو زمانەیە، کەوا ناچاریان دەکات وشە و زاراوە بیانییەکە بەکاربهێنن. نموونەی ئەم دیاردەیە لە زمانی کوریدا، لە زمانی کۆچبەرانی کورددا دەردەکەوێت، ئەوانەی بۆ وڵاتەکانی ئەوروپا کۆچدەکەن و بۆ ماوەیەکی زۆر لەوێ دەمێننەوە، پاشان لە گەڕاندنەوەیاندا بۆ کوردستان، ژمارەیەکی زۆری زاراوەی ئەو زمانانە دەهێننە ناو زمانەکەوە، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەشدا بەکاریدەهێنن. ئەمە جگەلەوەی یاسا دەنگییەکانی زمانی دووهەمیش بەسەر زمانی یەکەمدا زاڵدەبێت، بەمەش یاسا دەنگییەکانی زمانی دووهەم لە زمانی یەکەم چالاکتر دەبێت، بۆ نموونە ئەو منداڵە کوردانەی، کە لە وڵاتی هۆڵەندان، دەنگی (ح) بۆ (خ) دەگۆڕن، ئەوانەی لە ئەڵمانیادان ناتوانن دەنگی (غ، ق، ە) دەربڕن (شاخەوان جەلال، ئاڤێستا کەمال:٢٠١٣: ١٤).

**پێنجەم: خوێندن بە زمانی بیانیی:-**

خوێندن بە زمانی بیانیی لە قوتابخانە بیانییەکاندا، بە تایبەت قوتابخانە ئینگلیزییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر زمانی دایک (کوردی) دروستکردووە، کە زۆرجار خوێندکار پەنا بۆ بەشێکی زۆری وشە و زاراوە ئینگلیزییەکان لە ئاخاوتندادەبات، ئەو خوێندکارانەی، لە قوتابخانە ئینگلیزییەکان دەخوێنن، سەرەتا کاریگەری وشەکانی (Hllo,ok,no,yes)یان لەسەر دەبێت، بە بەردەوامی لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیاندا دەدرەوشێتەوە، دواتریش کاریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەریان پەلدەکێشێت بۆ وشە و زاراوەکانی تایبەت بە ژیانی ڕۆژانە. بۆ نموونە: " لە جیاتی وشەی (دایە، قەڵەم، منداڵ، ڕەش، ...هتد) وشەی (مام، پێنسڵ، بەیبی، بلاک، ...) بەکاردێنن." (ساکار ئەنوەر حەمید:٢٠٠٩: ٦٥)، ئەوەش وا دەکات، کە فەرهەنگی وشەی ئەو خوێندکارانە، بە وشە و زاراوەی ئینگلیزی زیاتر گەشەبکات، نەک لە ڕووی چاکیی و پێشکەوتوویی ئەو وشە و زاراوانە، بەڵکو لەڕووی ژمارەیانەوە، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی لە

ئاستی وشەوە دەردەچێت بۆ ڕستە، واتە زۆر بەکارهێنانی ڕستەی ئینگلیزی و تێکەڵکردنی لەگەڵ زمانی کوردیدا.

**شەشەم: ئایین:-**

ئایین ڕۆڵێکی گەورە لە هاتنەناوەوەی وشە و زاراوەی بیانیی بۆ ناو هەندێک زمانی ئەو نەتەوانەی، کە زمانی ئایینی و زمانی نەتەوەییان جیاوازە دەگێڕێت، "زمانی نەتەوەییان هەیە، بەڵام زمانی ئایینییان لە نەتەوەیەکی دیکەوە وەرگرتووە، زمانی ئەم نەتەوەیە خۆی لەبەردەم کاریگەری زمانە ئاینییەکەدا دەبینێتەوە و وشە و زاراوەی ئایینی تێکەڵ بە زمانی نەتەوەیی دەبێت، وەک کارتێکردنی زمانی عەرەبی، لە زمانەکانی ( تورکی، فارسی، کوردی، ... هتد) " (ڕۆژان نوری عبدالله:٢٠١٣: ٢١١)، لەبەرئەوە پەیوەندی نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبی، جگە لەلایەنی دراوسێتی، لایەنێکی تر دەیانبەستێت بەیەکەوە، ئەویش (ئایین)ە، بۆیە سەدان وشە و زاراوەی ئایینی عەرەبی کەوتووتە ناو زمانی کوردییەوە، وەک: (ئایەت، سورەت، فەتوا، لەیلەتولقەدر، موعجیزە، کفن، ...)، کە هەموویان بۆ مەبەستێک و بۆنەیەکی تایبەتی بە ئایینی ئیسلام بەکاردەهێنرێن.

شایانی ئاماژەکردنە، ئایینی ئیسلام " هەندێ ئەرکی تازەی تێدابوو، کە لە دینەکەی پێشوویاندا نەبوو، بۆیە دەبوو زاراوەیان بۆ دابنێت، یاخود زاراوەکان لە زمانی عەرەبییەوە وەکو خۆیان وەربگرن." (ڕۆژان نوری عبدالله:٢٠١٣: ٢١٢)، وەک (حەج، عەمرە، زەکات، سونەت، فەرز، ... هتد)، کە لە زمانی کوردیدا وەکو خۆیان وەرگیراون، تا ئێستاش هیچ وشەیەکی کوردییان بۆ دانەنراوە و نەتوانراوە بۆسەر زمانی کوردی وەریگێڕێت، بە تایبەت ئەو وشە و زاراوە و دەستەواژانەی، کە بە خوداپەرستیەوە تایبەتن وەک: (یائەڵڵا، سوبحانەڵڵا، لائیلاهەئیلەڵڵا، ئەلحەمدولیلا، ئەشهەدولیلا، ئەستەغفیروڵڵا، ... هتد).

" هۆکارێکی دیکە بۆ هاتنەناوەوەی زاراوەی عەرەبی ئاینی بۆ ناو فەرهەنگی زمانی کوردی ئەوەیە کە خوێندن و نووسین لە کۆندا بە زمانی کوردی نەبووە، وەک ئەمڕۆ لە کوردستان، بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە خوێندن بەڕێوەنەچووە، بەڵکو سەرچاوەی فێربوونی

خوێندن و نووسین بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری لە کوردستان تەنیا حوجرەو مزگەوتەکان بووە، سەرچاوەی ئەمانەش تەنیا قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) بووە، بۆیە ئەمڕۆ بە سەدان وشەی لە بنجدا عەرەبی کە پەیوەندییان بە دینی ئسلامەوە هەیە لە زمانی کوریدا دەبینرێ" (ڕێژنە مەعروف حوسێن:٢٠١٠: ٣٨). ئەوەی جێی ئاماژەیە، کە کاریگەری ئایینی ئیسلام تەنها بە وەرگرتنی وشە و زاراوە نەوەستاوە لەبەر دەربڕینی خۆشەویستی و پابەندبوونی تاکی کورد بەرامبەر بە ئایینی ئیسلامەوە گەلی کورد هەوڵیانداوە ئەو ناوانەی لە ئایینی ئیسلامدا بڵاوبوون (کە زیاتر عەرەبی بوون) منداڵەکانیان پێ ناوبنێن و هەندێ لەو دایک و باوکانە هەست بەوە دەکەن، کە ئەو ناوانە وەکو سەمبولی ئایینی دەبێت بە بەرزو پیرۆز ڕابگرن. " لە ڕابردوو هەتا ئێستاش دەبینین زۆری ناوی کورد لە دەوری ئاینی ئیسلام و کەسایەتی و ناودارانی ئیسلام و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئایین دەسورێتەوە. ناوی پێغەمبەر (محەمەد) یەکێکە لە ناوە هەرە بڵاو و باوەکانی کورد هەروەها بەهۆی خۆشەویستی پێغەمبەر (محەمەد) ئەم ناوە خراوەتە پاڵ ناوی تر وەک (حەمەئەمین، حەمەباقی، حەمەصاڵح، حەمەجەزا، ... هتد) " (سەرچاوەی پێشوو:٢٠١٠: ٣٩)، زۆرجاریش ئەو ناوە عەرەبییانە بەهۆی جیاوازیی لایەنی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبیدا و جیاوازی دەربڕینی هەندێ فۆنیمی زمانی عەرەبی لە لایەن تاکی کوردەوە، " سەرنج دەدرێ زۆر لەو ناوە عەرەبییانەی کە کورد وەریانی گرتوون ئەنجا چ ناوی نێر بێت یان ناوی تایبەتی مێ بێت، کورد زۆر زیرەکانە ئەو ناوە عەرەبییانەی وەرگرتووە و بەرگێکی کوردی لەبەرکردووە." (سەباح موسا:٢٠١٠: ١٣٠)، وەک (محەمەد، تەها، ڕەمەزان، ڕەزا، حەیدەر، نازم، عەتا، تاهیر، ... هتد). ئایین لە هەموو سەردەمێکدا هاوشانی ژیانی مرۆڤ بووە و کاریگەریی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی هەبووە، لەبەرئەوەی ئایینی ئیسلام و قورئانی پیرۆز بە عەرەبی بووە، بۆیە زۆربەی ئەو وشە و زاراوە و دەستەواژانەی، کە بۆ دوعا و پاڕانەوە و سوێندخواردنی ئایینی و هەندێ دەربڕین، کە لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێن عەرەبین، وەک:

- نزاکردن: یا ڕەبی سەرکەتوو بیت، خوایە مەرازی حاصڵ کەی، ئاخیرت خێر بێت،

خوایە تاعەت و عیبادەتەکانمان لیّ وەرگری، خوایە ئەولادەکانمان سالْیح بکەی، خوایە بەرەکەت بخەیتە ناو مالْ و منالْمان.

- سویندخواردنی ئایینی: بە قورئان، بە ئیمانم، بە مەلائیکەت، بە حەج، بە کەعبە، بە رۆژی جومعە، بەوەلْلا، ...هتد .

- خیرکردن: خوا رزقتان زۆرکات، خوا بە زیادی کات، خوا لیتان قەبولْ بکات، خوا خیرتان بنوسیّ، هەر بە ساحیب مالْ بن، خوا جەزای خیرتان بداتەوە.

- پرسە: خوا عەفوی بکات ئینشائەلْلا، لە ئەهلی ئیماندار‌بیت، ئیننا لیللا وە ئینا ئیلەیهی راجعون، موقەدەری خوایە ناگەریتەوە، خوا سەبوریتان بدات.

- میوانداری و میوان بەریکردن: سەلاموعەلەیکوم، خوا حافیزتان بیت، خیرو بەرەکەتتان هینا. ... هتد.

" ئایین بە گشتی (ئایینی ئیسلام بە تایبەتی) کاریگەری هەبووە لەسەر بیرکردنەوەی تاکەکان و ئەم کاریگەرییەش زۆرجار لە ئاخاوتنی تاکەکانەوە هەستی پیدەکریّ و رەنگی داوەتەوە، لەژیر کاریگەری قورئاندا، زانایانی کورد هەولْیانداوە ئەلفابییەکی کوردی لەسەر ئەلفابیّی عەرەبی دابریژن، چونکە بەپیّی بۆچوونی چەند زانایەک، کورد پاش موسولْمان بوونی ئەم هەولْەی داوە." (تەلار صباح عمر:٢٠١٧: ٦٧٢).

**حەوتەم: شارستانییەت و رۆشنبیری:-**

شارستانییەت و رۆشنبیری، وەکو لایەنیکی گرنگی کۆمەلْ، کاریگەریی زۆری بەسەر زمانەوە هەیە، پەیوەندیی نیوان نەتەوەکانیش دەبیتە هۆکاریکی تری پەیدابوون و وەرگرتنی وشە و زاراوەی نویّ لەو زمان و نەتەوانەدا، کە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە. " پەیوەندی رۆشنبیری دوو نەتەوەی جیاواز هۆیەکە بۆ تیکەلاْوی زمان، چونکە هەریەکە شت لەوەی تر وەردەگریت بە تایبەت لە زمانی نووسیندا ... " (نەریمان عەبدولْلا خۆشناو:٢٠١٦: ١٦٧)، هەر ولاْتیکیش شارستانییەتیکی دیرین و گرنگی هەبووبیت، ئەوا بیگومان زمانەکەشی پاریزراو بووە، هەروەک چۆن شارستانییەتی ولاْتەکانی (یۆنان، رۆمان) کاریگەری بەرچاوی لە پیشکەوتنی زانست و کۆزانیاریدا هەبووە. لە

سەردەمێکدا هەرچی زانست و زانیاریی هەبوو، لای ئەوانەوە سەریهەڵدەدا و لەسەر دەستی فەیلەسووفەکانی ئەوانەوە سەرچاوەی دەگرت، ئەوەتا (سوقرات ، ئەفلاتوون و ئەرستۆ)، لە ڕێگەی ئەو شارستانییەتەدا توانیویانە گەشە بە زمان و کلتور و کۆمەڵی خۆیان بدەن، تا ئەمڕۆش زمانەکان وشە و زاراوەی زۆر لەم دوو زمانەوە وەردەگرن.

پەیوەندیی شارستانی و ڕۆشنبیری نێوان زمانەکان، دەبێتە هۆی وەرگرتنی وشە و زاراوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، چونکە کەرەستە و ئامرازی هەر جۆرە پەیوەندییەک زمانە، ئەو پەیوەندییانەش ڕەنگدانەوەیان لە زماندا دەبێت. بۆ نموونە نەتەوەی کورد لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ عەرەب، لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا هەبووە " بارودۆخی خراپی سیاسی کوردستان کە واقعی ئەوکاتە وایکردووە ڕۆشنبیری کوردی کاریگەری عەرەبی بەسەرەوە زاڵ بێت." (ساکار ئەنوەر حەمید:٢٠٠٩: ٦٦) و دەیان زاراوەی عەرەبی ڕەگیان داکوتیوە و لەگەڵ زاراوەی کوردیدا یەکیان گرتووە. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بەهۆی پێشکەوتنی ڕۆشنبیری و بەهێزبوونی پەیوەندیی ڕۆشنبیری و شارستانیی نێوان کورد و وڵاتانی ڕۆژئاوا، چەندین وشە و زاراوەی بیانیی سەر بە زمانی ئەو نەتەوانە بە تایبەت زمانی ئینگلیزی، هاتنە ناو زمانی کوردییەوە، بۆ نموونە (میکانیزم، ناسیۆنال، لۆژیک، فۆرم، ئیستاتیک، فیدرالیزم، پراکتیزە، ماتەریالیزم، ئایدیال، ... هتد).

**هەشتەم: بازرگانی و بزوتنەوەی ئابوری:-**

جموجۆڵی بازرگانی و بزووتنەوەی ئابووری، ڕۆڵێکی گرنگ لە بڵاوبوونەوە و وەرگرتن و بەخشینی وشە و زاراوە لە بواری بازرگانی و ئابووری لەنێوان زمانەکاندا دەگێڕن، " پێشکەوتنی باری ئابووری وڵات و ئاڵوگۆڕکردنی کەرەستە و پێداویستییەکان لە نێوانیاندا، هۆکارێکی ترە بۆ هاتنەناوەوەی زاراوە بۆ ناو زمانی خۆماڵی. هەندێجاریش ئەم وشانە خۆماڵی دەکرێن، بۆئەوەی بەشەکانی کۆمەڵ لەناوخۆیاندا لە یەکتر بگەن و یارمەتی یەکتر بدەن بۆ پەرەپێدانی گەشەی ئابووری." (سەرچاوەی پێشوو:٦٦)، بۆ نموونە

لە ڕێگەی هاتووچۆی بازرگانی و ئابوورییەوە چەندین وشە و زاراوەی نوێ چ بە (وەرگرتن)، یان (داڕشتن) هاتوونەتە ناو زمانی کوردی و فەرهەنگەکەیان دەوڵەمەند کردووە، وەک: (گومرگ، حەواڵە، تکت، پاسپۆرت، کۆمپانیا، سوپەرمارکێت، سپۆنسەر، بزنس، بانکی مەرکەزی، ... هتد) هەروەها ناوی هەندێک میوە و کەولوپەلی بیانی.

پێویستییەکانی مرۆڤ لە زیادبوون و هەڵکشاندایە و زۆر شتی تازە لە شێوازی ژیانی تازەدا هاتووەتەکایەوە، کە ئەمەش لە زماندا ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها "بەهۆی گۆڕانی ئابوریەوە پیشە و ئیشوکار دابەش دەبێت و پسپۆریی و شارەزایی پەیدادەبێت هەندێ وشە کوردەواریە بازرگانی شتومەک جلوبەرگ کوتاڵفرۆش هەندێ وشە وەرگیراون کە بەزۆری لە زمانی عەرەبییەوە وەک جوملە و موفرەد، سەیدەلییە، سەیدەلانی، اسواق، ساڵۆن، تاجر،... " (تەلار صباح عمر:٢٠١٧: ٦٧٦).

**نۆیەم: هۆکاری ڕامیاری:-**

زمان پەیوەندیی بە سەرجەم لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەوە هەیە، لایەنی ڕامیاریش یەکێکە لەو لایەنانە، کە ئەم لایەنەش بێبەش نەبووە لە هێنانەناوەوەی وشە و زاراوەی بیانیی، ڕێگای (وەرگرتن) ڕۆڵێکی دیاری لە هاتنەکایەی وشە و زاراوەی سەر بەژیانی شۆڕش و ڕامیاری و دیبلۆماسیدا هەبووە، لەبەرئەوەی کورد هەمیشە لە بارودۆخێکی سیاسی ناجێگیردا بووە، بە درێژایی مێژوو پێویستیی بە وشە و زاراوەی نوێ هەبووە، " هەریەکە لەو شۆڕش و بزوتنەوانەی کە لە کوردستان هەبوون کاریگەریان لەسەر دەرکەوتنی چەندین وشە و زاراوە و دەربرینی تایبەتی هەبووە، زمانەکەیان دەوڵەمەندکردووە، ئەگەر ئاوڕێک لەو شۆڕشانە بدەینەوە کە لە سەردەمی ڕابردوودا بونیان هەبووە دەبینین لە ئاکامی دروستبوونی ئەم شۆڕشانە بە دەیان وشە و زاراوە کە پەیوەندییان بە شۆڕش و سیاسەتەوە هەیە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی و زمانی کوردیان دەوڵەمەندکردووە." (تەلار صباح عمر:٢٠١٧: ٦٧٤)، وەکو (فاشیزم، دکتاتۆر، شەهید، عەسکەری، عەمیل، دیموکراتی، خاین، تەرحیل، وەفد، ئیعدام، ئۆتۆنۆمی، موستەشار، ... هتد)، بەڵام بە هاتنەکایەی دەسەڵاتێکی کوردی لە باشوری کوردستان، بەکارهێنانی ئەو وشانە وردەوردە بەرەو کزی و لاوازی چوو، کۆمەڵێک وشە و زاراوەی نوێ

سەریهەڵدا، کە لەگەڵ بارودۆخی سیاسی نوێی باشوری کوردستان و پەیوەندییە ڕامیارییکانی هاتەکایەوە، کەواتە بزوتنەوەی ڕامیاریش وشە و زاراوە و دەربڕینەکانی گۆڕانیان بەسەردا دێت، لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تری ژیان و لە کۆمەڵگایەکیش بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازییان هەیە. لەبەرئەوەی لەم سەردەمەدا زمانی ڕامیاری لە باشوری کوردستان پەرەی سەندووە و شێوەی بەکارهێنانی بەرفراوانبووە، بۆیە وشە و زاراوەی بێگانە زیاتر وەرگیراوە، تەنانەت جۆری وشەکانیش بەڕادەیەک گۆڕاوە ، ئەگەر لە پێشوودا ئەو وشە بیانیانە لە فەرهەنگی نەتەوەکەماندا، بەهۆی شۆرش و خەباتی ئازادی خوازانەی گەلی کوردەوە هاتبنە نێو زمانەکەوە، ئەوا لەسەردەمی نوێدا دەسەڵاتی کوردی و پەیوەندییە دبلۆماسییەکان، لایەنی ئەو وشە و زاراوە بیانییانەن، کە ئەمڕۆ لە نێو کایەی ڕامیاری و دەوڵەتەداری و وەزارەت و فەرمانگە حکومییەکانی باشوری کوردستان ڕەنگدەداتەوە. دەتوانرێت بگوترێت، بەراورد بە پێشوو، لەسەردەمی نوێدا زمانی ئینگلیزی کاریگەری زیاتری دروستکردووە، تاوەکو زمانی عەرەبی. ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە هەلومەرجی ئێستا زیاتر ڕێڕەوێکی وەرگرتووە بە ئاڕاستەی هاوردەی زاراوە و دەستەواژەی ئینگلیزی و دوورکەوتنەوە لە زمانی عەرەبی، ئەمەش بەشێکە لە کاریگەری ئەو ستەم و زوڵمەی لە سایەی ڕژێمێکی عەرەبیدا، ڕووبەڕووی کورد بووەتەوە.

**دەیەم: ڕاگەیاندن:-**

" ڕاگەیاندن، بە هەموو جۆرەکانییەوە، دەسەڵاتێکی زۆری بەسەر ژیانی مرۆڤەوە هەیە، لە پێش هەمووشیانەوە بەسەر زمانەوە، چونکە دەچێتە ناو هەموو ماڵێکەوە و بە ئاسانی کار لە هزر و فەرهەنگی زمانی وەرگر دەکات." (چۆلی ئەسعەد:٢٠١٣: ٧٤)، ئەم هۆکارە لەم سەردەمەی ئێستادا هۆکارێکی سەرەکییە بۆ هێنانەناوەوەی وشە و زاراوەی بیانیی. ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێت، ڕاگەیاندن لە دوو لایەندا کاریگەری لەسەر زمان هەیە، لایەنێک بە ئاڕاستەی پێشخستن و خزمەتکردنی زمان، بە شێوەیەک توانیویەتی نیمچە زمانێکی کوردی ستاندارد لە کوردستانی باشوردا بێنێتە کایەوە، هەروەها " لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە زمانێکی نوێ دروستبووە، جیاواز لە زمانی ئەدەب و زانست بە نەرمی و سادەیی و ڕوونییەکەی گوزارشت لە ژیانی ڕۆژانە دەکات، هەروەها شێوزای

نووسین بۆ ڕاگەیاندن گەشەی بە ژیانەوەی زمان داوە ڕاگەیاندنەکانیش زمانیان گەیاندۆتە قۆناغێکی نوێ لە ڕوونی و پاراوی لە گوزارشتدا، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە بەهۆی ڕاگەیاندنەوە گەشەدەکات و لەگەڵ سەردەمەکەی خۆیدا خۆی دەگونجێنێت، وەڵامدەرەوەی خواستەکانی سەردەمەو بەهۆی ڕاگەیاندنەوە دەربڕین و گوزارشت و زاراوەی نوێ بڵاودەبێتەوە، یان سازکراون لە بوارە جیاجیاکانی زانست و هونەر و سیاسەت و کۆمەڵایەتی بە تایبەتیش لە ڕێی وەرگێران و وەرگرتنی هەواڵ و بابەتەکانی زمانە بیانییەکانەوە، وەک وشەکانی (دیموکراسی، ستایل، کۆمێنت، فرێند، ڕیکلام، سوپرایز، ... هتد)، بەمەش ئاسۆی زمان فراوانتر بووە." (تەلار صباح عمر:٢٠١٧: ٦٧٣)، بەڵام ئەمەش بەستراوە بە ڕێژەی پەیوەستبوونی کەناڵەکان و ڕۆژنامەکان بە یاسا و ڕێساکانی زمانی کوردییەوە.

لایەنی دووەمی کاریگەرییەکەش، ڕاگەیاندن سەرچاوەیەکە بۆ هێنانەناوەوەی وشە و زاراوە بیانییەکان بۆ چەمکە نوێیەکان، کە بەرانبەریان لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا نییە، ئەم خاڵەش وەک پێویستییەکی سەردەم دادەنرێت بۆ بەردەوامبوون و پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی و پێویستییانەی، کە لە ئەنجامی گەشەسەندنی شارستانییەت و پێشکەوتندا دێتەکایەوە، بەڵام بە مەرجێک پەیڕەوی مەرجەکانی وەرگرتنی وشە و زاراوە بکرێت و دەرگا واڵانەکرێت بۆ هاتنەناوەوەیان بەبێ ئەوەی زمان پێویستی پێیان هەبێت، هەندێ لە شارەزایانی زمانی کوردی، نیگەرانی خۆیان لەسەر بەشێک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەربڕیوە، کە پێیان وایە نەبوونی پسپۆریی زمانەوانی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، کێشەیەکی گەورەی دروستکردووە و تێکەڵاوێکی فرەچەشنەشی بە زمانی کوردی بەخشیوە، هەر بۆیە پێیان وایە زمانی ڕاگەیاندنی کوردی، نابێتە پێوەرێک بۆ زمانێکی زانستی و ستاندارد، لە هەمان کاتیشدا هەندێک لە ڕاگەیاندنەکان پارێزگارییان لە شێواز و بۆتەی زمانی کوردی نەکردووە ، بگرە بوونەتە هۆکاری تێکدانی زمانیش، بەهۆی زیادڕەوی لە بەکارهێنانی زاراوە و دەستەواژەی بیانی بۆنێو ڕستەی کوردی، لە کاتێکدا پێویست بوو، دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامرازێک بن بۆ ڕۆشنبیرکردنی نەتەوە بە زمانەکەی لە دەربڕینی ئاخاوتنێک، کە بنەما و ڕێساکانی زمانی کوردی تێدا پارێزراو بێت، کە ئەمەش ئەرکێکی گەورەیە لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پێویستە بەردەوام بە وشیارییەوە

مامەڵە لەگەڵ زمانی نووسین و ئاخاوتن بکەن، چونکە ڕاگەیاندن دەروازەیەکی گرنگە بۆ پارێزگاریکردن لە زمانی نەتەوە، کەواتە هەستنەکردن بەو ئەرکە زیانێکی گەورە بە زمانەکە دەگەیەنێت و لایەنە ئەرێنییەکانی ڕاگەیاندن کەڵکی لێ وەرناگیرێت و بەردەوام ڕووبەڕووی گازندە و ڕەخنەی شارەزایانی زمان دەبنەوە، بۆ نموونە هەندێ لە بێژەر و پێشکەشکار و نووسەرانی هەواڵ نەک هەر شارەزاییان لە ڕێساکانی زماندا نییە، بەڵکو بەهۆی نەبوونی شارەزایی، کەمتەرخەمیش دەبن و دەکەونە ئەو هەڵەیەی، کە دەقاودەق وشە و زاراوەی بیانیی بۆ نێو زمانی کوردی بگوازرێتەوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە، بەکارهێنانی وشە و زاراوەی بیانیی لە لایەن هەندێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بووەتە نەریتێک و درکیش بەوە ناکەن بەردەوامبوونیان لەسەر ئەو نەریتە زیانێکی گەورە بە زمانەکە دەگەیەنن، لە لایەکی ترەوە بەشێک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هێندەی سەرنجیان لەسەر ستایلێکی تایبەت بەخۆیانە، ئەوەندە سەرنجیان لەسەر ستانداردبوونی زمان نییە، هەربۆیە دەبینرێت لە هێنانەناوەوەی وشە بیانییەکاندا، کەناڵەکان پێشبرکێ دەکەن، یاخود هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان بۆ یەک واتا، وشە و زاراوەی جیاواز بەکاربهێنن، کە ئەمە بۆ خۆی دەبێتە هۆکاری شێواندنی زمان، بۆ نموونە:

- ڕیفراندۆم، ڕیفراندم، ڕاپرسی، گشت پرسی

- مەلەف، دۆسیە

- کاندید، پاڵێوراو، بەربژێر، مورەشەح

کەواتە دەتوانرێت بوترێت، ڕاگەیاندنی کوردی بە دوو ئاڕاستە کار لەسەر زمان دەکات:

١- بە ئاڕاستەی پێشخستن و دەوڵەمەندکردنی زمان، پارێزگاری لە تایبەتمەندیی و ڕێساکانی و بەردەوامبوونی لەگەڵ وەرچەرخانی ژیاندا.

٢- بە ئاڕاستەی کردنەوەی دەرگای هاوردەکردنی وشە و زاراوە و دەستەواژەی بیانیی و نامۆ، بە جۆرێک، کە دەبێتە ڕێگاخۆشکەر بۆ تێکدان و شێواندنی زمان و لەقکردنی شوێنی هەندێ وشەی بنجی و جێگرتنەوەی بە وشەی بیانیی.

**یازدەهەم: بزووتنەوەی وەرگێران:-**

خۆگونجاندن لەگەڵ خواستەکانی سەردەم و کاروانی زانست و تەکنۆلۆژیا پێویستی بە زمان هەیە، زمانیش پێویستی بە وەرگێران هەیە، بۆیە (وەرگێران) سوودێکی گەورەی بە زانستەکان بەخشیوە. دەتوانیین سود و گرنگی (وەرگێران) لە چەند خالێکدا کۆبکەینەوە:

١- وەرگێران ڕێگەیەکە بۆ دەوڵەمەندکردن و پێشخستن و هاوچەرخبوونی زمان.

٢- وەرگێران ڕەگەزێکی سەرەکییە بۆ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و توێژینەوەی زانستیی.

٣- وەرگێران ئامرازێکە، بۆئەوەی گەلەکان لە ڕێگەیەوە شانبەشانی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری و فیکریی جیهان بڕۆن.

٤- وەرگێران ڕێگەیەکی سەرەکییە، بۆ ئاشنابوون بە زانست و تەکنەلۆژیا و گواستنەوەیان بۆناو گەلان.

٥- وەرگێران پردێکی پەیوەندییە لە نێوان گەلانی باڵادەست و پێشکەوتوو و گەلانی دواکەوتوودا.

٦- وەرگێران زەمینەیەک بۆ توێژەر و شارەزایان سازدەکات، تاوەکو لە توێژینەوە و داهێنان و دۆزینەوەکانیاندا پشتی پێ ببەستن. (مصطفی العبدالله الکفری:٢٠١٣).

وەرگێران بە گرنگترین هۆکار بۆ هاتنەناوەوەی وشە و زاراوەی بیانیی دەژمێردرێت و دەروازەیەکی ترە بۆ وەرگرتنیان، لەبەرئەوەی وەرگێڕ لەکاتی پرۆسەی وەرگێڕاندا ئەگەر هاوواتایەکی بەرانبەر بە واتایەکی بیانیی بۆ نەدۆزرێتەوە، ناچاردەبێت وشە بیانییەکە بەکاربهێنێت. زمانی زانستی زمانێکە لە نوێبوونەوەدایە، ساڵانە لە زۆربەی بوارەکاندا چەندین زاراوەی زانستی نوێی تێدا بەرهەمدێت، وەکو لە بوارەکانی: پزیشکی و تەکنیکی و گەردوونی و فیزیکی و کیمیایی و ... هتد، سەرەڕای ئەوەش خوێندن لە هەندێ لە پسپۆرییە زانستییەکانی کوردستاندا، بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی دەخوێنرێت، کە ئەمەش وای کردووە، شارەزایانی ئەو بوارانە ئەگەر هەوڵی وەرگێرانی

بابەتەکانیشیان بدەن، هەندێک جار تووشی گرفتی وەرگێڕانی زاراوەکان دەبن، بۆیە ئەو زاراوە بیانییانە وەکو خۆیان بەکاردەهێنن، دواتریش کاری جێگرتنەوەیان بە زاراوەی کوردی، هێندە قورستر دەبێت، چونکە هەر وشەیەک یاخود زاراوەیەک، کە لەلایەن کۆمەڵگایەکەوە بەکارهات، ئەستەمە بە ئاسانی و بە ماوەیەکی کورت بگۆڕێت یان جێگرەوەکەی بەکاربهێنێت.

زۆرجاریش لە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆشدا وەرگێڕ ناچاردەبێت، وشە و زاراوەی بیانیی بەکاربهێنێت لەو ئانوساتەی، کە خەریکی وەرگێڕانی ڕاستەوخۆیە.

## ٢-٢/٣) کاریگەریی هەندێک لە زمانەکان لەسەر زمانی کوردی

ئەو زمانانەی کاریگەریان کردووەتە سەر زمانی کوردی، لە زمانێک زیاترن. زمانی (عەرەبی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی)، هەریەکێک لەو زمانانە لە ڕێگەی هۆکارێک یان زیاتر کاریگەریان کردۆتە سەر زمانەکە، زمانی کوردی پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبووە لەگەڵ ئەو زمانانە، هەر لە کۆنەوە ژمارەیەمی زۆر وشەی لێ وەرگرتوون و پەیوەندییەکی زۆر پتەوی لەگەڵیان هەبووە بە تایبەت ئەو زمانانەی، کە وڵاتەکەیان حوکمی کوردستانیان کردووە، " زمانی عەرەبی کاریگەری زیاتر بووە بەهۆی ئەوەی کە عەرەبی زمانی ئایینە بۆ هەموو ئەو زمانانە ئەرمەنی و ئاشووریش کاریگەری خۆیان هەبووە لەسەر زمانی کوردی بە تایبەتی لەسەر دیالێکتی کرمانجی سەروو." (ساکار ئەنوەر حەمید:٢٠٠٩: ٦٢).

ئەگەر لە شیعرەکانی شاعیرانی وەک (نالی، مەحوی، حەمدی، ...) بڕوانیین، دەبینیین، کە چەند وشەی کوردی تێدایە، بە ئەندازەی ئەوە وشەی بێگانە لە دەقەکاندا بەرچاودەکەوێت، یان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەرەتای سەدەی ڕابردوو، بەڕوونی ئەو کاریگەرییە هەستی پێدەکرێت، هۆکارەکەشی بۆ زاڵبوونی ئەو زمانانە بەسەر زمانی کوردییەدا لەو سەردەمەدا دەگەڕێتەوە. ئەو کاریگەرییەش بە چەند خاڵێکەوە بەندە:

" ١- ڕادەی لێکەوتەیی (تماس) و دور و نزیکی لەگەڵ زمانەکانی تر و پانتایی سنوری دراوسێیەتییان.

٢- ڕێژەی هاموشۆ و تێکەڵبوونیان و ڕادەی ئەرێیی و نەرێیی پەیوەندیی نێوانیان و جۆری هەست و کاردانەوەی دەرونیان بەرامبەر یەکتر.

٣- کات و ماوەی خایاندنی ئەو تێکەڵبوون و پەیوەندییەی نێوانیان.

٤- ڕێژەی پێشکەوتن و دواکەوتنی هەردوو کۆمەڵگاکە لە هەمو لایەنەکانی شارستانیەوە، (کلتوری، ئاینی، رۆشنبیری، ئابوری، زانستی، تەکنەلۆجی، ڕامیاری، سەربازی، بازرگانی، ... هتد).

٥- رێژەی دور و نزیکی هەردوو زمانەکە لە ڕووی ڕەچەڵەکی خزمایەتیەوە.

٦- ڕادەی کەم و زۆری رێژەی ئاخێوەران (قسەپێکەران)ی هەر زمانێک. " (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ:٢٠١٥: ٢٢٩).

وەرگرتنی وشەی بێگانە و کاریگەریان لەسەر زمان دوو دیوی هەیە، دیوی (ئەرێنی) و دیوی (نەرێنی)، دیوی یەکەم (ئەرێنی)یان باشی، پەیوەستە بە پابەندبوون بە هەندێک مەرجی تایبەت لە بەکارهێنانی وشەی بیانییدا، بەوجۆرەی کاریگەری باشی لەسەر زمانی کوردی هەبێت و دەوڵەمەندی بکات، ئەگەر بەوجۆرەش نەبێت دەبێتەهۆی سست و لاوازی زمان و زاڵبوونی زمانی بیانیی بەسەر ڕەسەنایەتی زمانی کوردی و کارییگەرییەکی نەرێنی لە شوێنی خۆی بەجێدەهێڵێت.

**یەکەم: کاریگەریی ئەرێنی:**

جوانی زمان لەوەدایە، کە بتوانێت شانبەشانی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵ بڕوات، بە وشە و زاراوەی نوێ دەوڵەمەندبێت و لە شوێنێکدا بەجێنەمێنێت، دەستەوسان بێت و وەکو پەیکەرێکی لێبێت، بەڵکو پێویستە توانای دەربڕینی هەبێت بۆ سەرجەم وشە و زاراوەکان، کە کۆمەڵ پێویستیی پێیەتی، بۆئەوەی بۆشایی نێوان ژیان و زمان گەورەتر نەبێت و زمان لە پرۆسەی مانەوەی دوانەکەوێت، گرنگە

فۆڕمی نوێ بۆ واتا و چەمکی نوێ دابین بکات ئەویش لە ڕێگەی لەدایکبوون و گەشەسەندن و وەرگرتنی وشە و زاراوە (مراد حمید عبدالله:٢٠١٢: ٢٣).

ئەرکی سەرەکیی زمان پەیوەندیکردن و لەیەکترگەیشتنە. کەرەستەی هەرە گرنگی ئەم دامەزراوەیەش وشە و زاراوەیە، بۆیە کاتێک وشە و زاراوەی نەبوو، تاکو بتوانێت بە ڕێکی ئەرکەکەی جێبەجێ بکات، ئەو کاتە پرۆسەکەش بە ناتەواوی دەمێنێتەوە، بۆیە ئەو کاتە زمان ناچاردەبێت، لە زمانەکانی ترەوە وشە و زاراوە قەرزبکات، ئەم دیاردەیەش ئاشکرا لە زمانی کوردیدا دیارە و زۆر وشەی لە زمانەکانی ترەوە وەرگرتووە، کە لە بەرانبەریاندا وشەی کوردی نەبووە، یان واتای تەواوی لە ناونانی چەمکەکاندا نەبەخشیوە، زمانی کوردی لەو بارانەدا پەنای بردۆتە بەر وشەی زمانی بیانیی و بەکاریهێناوە، ئەم ڕێگەیەشە، کەوا دەکات زمانەکە دەوڵەمەند دەبێت، ئەگەرهات و پەیڕەوی هەندێک مەرجی تایبەتی بکرێت و بە هەڕەمەکی وەرنەگیرێت و زیان بە زمانەکە نەگەیێنێت.

**دووەم: کاریگەریی نەرێنی:**

هەندێک جار وەرگرتنی زاراوەی بیانیی، کاریگەریەکی نەرێنی لەسەر زمانەکە هەیە، هەرچەندە زاراوە وەرگرتن دیاردەیەکی هەمیشەیی زمانە، تا زمانیش مابێت، ئەم دیاردەیەش هەر بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە بە شێوەیەک بەسەر زمانەکەدا نەشکێتەوە، وای لێبکات ڕواڵەتەکانی زمانێکی پەتی لە دەست بدات.

بۆ نموونە زمانی فارسی بەهۆی ئایینی ئیسلام و دەقە پیرۆزەکانی قورئان، وشەگەلێکی زۆری لە زمانی عەرەبییەوە وەرگرتووە، ئەو وشانە لە زمانەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە، بەشێوەیەک کاتێک ڕستەیەکی فارسی دەبینین، وادەزانیین کە ڕستەکە عەرەبییە، چونکە دەقاودەق رستەی عەرەبی بە هەمان واتای خۆیەوە بە قاڵبێکی فارسی لە ئاخاوتن و نووسیندا بەکاردەهێنن، بۆ نموونە ڕستەی "کیف فوق العاده وبی نظیر"، کە لەسەر جۆرە جیسێک نووسراوە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ عەرەبییەکەی، کە بە واتای ( خۆشییەکی بێ ڕادە و بێ وێنە) دێت.

ئەو ڕستەیەی سەرەوە ئەگەر کەسێک بیخوێنێتەوە، یەکسەر بە عەرەبی لە قەڵەمی دەدات، بەڵام ئەو ڕستەیە فارسییە و وشەکانی وشەی عەرەبین، کە فارسی لە عەرەبییەوە وەریگرتووە. کاریگەری نەرێیی وشەی بێگانە لە زماندا ئەو کاتە دەردەکەوێت، کە پابەندی ئەو مەرجانە نەبێت، کە وەکو پێوەرێک دانراون بۆ وەرگرتنی وشە و زاراوەی بێگانە. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا، زۆر وشەی کوردیمان هەن، وەکو: (هۆز، دەریا، پەیوەندی، ڕەشنوس، نامە، ... هتد)، بەڵام لە بەرانبەریان ئەم وشە بیانییانە بەکاردەهێنرێن: (عەشیرەت، بەحر، کۆنتاکت، مسوەدە، مەسج، ...هتد)، کە هیچ پێویست ناکات، تاوەکو وشە و زاراوەی کوردی هەبێت وشە بیانییەکان بەکاربهێنرێن. ئەم وشانە و چەندین وشەی بیانیی تریش، ئەگەربێت و بۆ هەمان واتا و مەبەست بەکارنەهێنرێن و بۆ واتایەکی تر بەکاربهێنرێن و پابەندی ڕێنووس و دەربرینی زمانی کوردی نەبن، ئەوکاتە بێگومان زیان بە زمانەکەمان دەگەیەنێت و زمانی کوردی بەرە و تێکدان یان هەڵوەشاندنەوە دەبات.

## آ) وەرگرتنی وشەی عەرەبی:

" بەهۆی ئیسلام بوونی کورد لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب، هەروەها بەهۆی دراوسێیەتی و تێکەڵاوی کورد لەگەڵ عەرەبدا، دەبینین گەلێ وشەی عەرەبی کەوتۆتە ناو زمانی کوردی. کوردیش زۆربەی ئەو وشانەی کە وەریگرتووە، زیاتر لە زمانی عەرەبییەوە بووە وەک زمانانی تر چونکە نەتەوەی کورد کاریگەربووە بە ئایینی ئیسلام، هەروەها زمانی کوردی ماوەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری زمانی عەرەبی دا بووە و بە حوکمی ئایینی ئیسلام و دەسەڵاتی عەرەب بەسەر هاووڵاتیانی کوردەوە، ئەمە جگە لە نزیکی کلتور و باری سیاسی و ئابوری و رۆشنبیری و ... هتد. لەگەڵ ئەوەش بەشێک لە کلتوری عەرەبی کەوتۆتە نێو زمانی کوردییەوە، بە تایبەتیش زۆربەی ئەو وشانەی کە پەیوەندییان بە ئایینی ئیسلامەوە هەبوو، وەک تەفسیر، حەج، وەهم، تەقلید، مەزهەب، ... هتد" (ساکار ئەنوەر حەمید:٢٠٠٩: ٧٢).

کاریگەریی زمانی عەرەبی لەسەر زۆربەی ئەو ناوچانە هەیە، کە پەیڕەوی ئایینی ئیسلام دەکەن وەکو: فارسی، تورکی، ئەفغانی، ... هتد، هەندێکیشیان وشەکانیان بە

دەستکارییەوە وەرگرتووە، هەندێکی تریش بەبێ دەستکاری. ئەوەی لە زمانی کوردیدا هەیە، زۆربەیان بە دەستکارییەوە وەرگیراون، بەشێوازێک، کە لەگەڵ سروشتی زمانەکەدا بگونجێت، بەرگێکی کوردی وەهای بە بەردا کراوە و لە ناو زمانەکەدا توێنراوەتەوە، مەگەر لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی تەواودا هەستی پێبکرێت، وەکو وشەی (متمانە) لە (مطمئن) ، (تام) لە (طعم) ، (مەشخەڵ) لە (مشعل) و (سات) لە (ساعة)وە وەرگیراوە. (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٥: ٤٤)، هەر لەژێر کاریگەری زمانی قورئاندا ئەلفبێی کوردی لەسەر ئەلفبێی عەرەبی دارێژراوە، " ئەو ئەلفبێیە کوردییە لەناو بازنەی مەعریفی حوجرە دروست بووە، بەڵام سروشتی زمانی کوردی وای دەخواست کە کورد گۆڕانکارییەکی زۆر لەو ئەلفبێیە بکات و مۆرکێکی نەتەوەیی وەربگرێ! فارسەکان، هەرچەندە وەک کورد لە شارستانییەت و زمانی خۆیان دانەبڕابوون، بەڵام وەک کورد نەیانتوانی تەواو لە هەژموونی زمانی قورئان دەربازبین و زمانێ تەواو بە سیما و ئەدگاری خۆیان بەو ئەلفبێ نوێ یە بینا بکەن! کورد توانی لە سەرە و بۆرە و تەنوین و سکون عەرەبی بە سیستەمی فۆنیم ڕزگار ببێ و ببێتە خاوەن ئەلفبێیەکی کوردی سەربەخۆ" (سەلام ناوخۆش بەکر:٢٠١٢: ٨٤).

ئاشکرایە، بە بەراورد لەگەڵ سالانی سەدەی پێشووتردا جیاوازییەکی زۆر لە زمانی کوردی دەبینرێت و شالاوێکی بەرچاوی لە پاکسازیی دەستپێکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا " ڕاستە وشەی عەرەبی لەناو زمانی کوردی پاکتاوکرا بەڵام بە دەیان وشەی بیانی لە زمانەکانی تر، بە تایبەتی ئینگلیزی هاتنە ناو زمانی کوردی کە وشە عەرەبییەکە زۆر ئاسانتر بوو بۆ تێگەیشتن" (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ:٢٠١٥: ٢٤٤)، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو کاردانەوە دەروونییە توندەی کورد هەیبوو، دژی دەسەڵات و ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عەرەب، لە عێراقدا وای کرد، کە پاکتاوکردنی زمانی کوردی لە وشە و زاراوەی عەرەبی بێ بەرنامە بێ و وشەی دەسکردی ناقۆڵای دابرێژرێت، کە بەخوێنەر هەرس نەدەکرا، هەر بە نامۆیی مایەوە. هەندێکی تریش لە وشەکان ماوەیەکی زۆرتری دەوێت بۆ هەرسکردن و زاڵبوونیان بەسەر ئەو وشە عەرەبییانەی، کە دەمێکە جێ پێی خۆیان لە ئاخاوتندا کردۆتەوە.

## ب) وەرگرتنی وشەی فارسی:

لە ســـەردەمێکدا زمـــانی فارســـی زمـــانی ئەدەبیـــاتی نـــاوچەکە بـــووە، لەگەڵ ئەوەشــدا زمــانێکی بــاڵاو هــونەری بــووە، بــۆیە هەنــدێک وشــەی فارســی تێکەڵــی زمــانی کــوردی بــووە و ئەو وشــانە بە تــایبەت لە شــیعرە کلاســیکییەکاندا دەبینرێــت، ئینجــا لە ئاخــاوتنی ڕۆژانەشــدا بەکارهــاتووە. هەروەهــا بە حــوکمی ئەوەی، کە " کــورد ســەر بە بنەمــاڵەی هینــدوئەوروپییەکانە و لە خێزانــی ئارییەکــانە کە زمــانە ئارییەکــانی وەک: (فارســی، بلــوجی، ئەســیتی، پەشــتۆ، کــوردی، ... دەگــرێتەوە" (مـــحەمەد مەعـــروف فەتـــاح:١٩٩٠: ١٥٠)، بـــۆیە لەڕووی فـــۆڕم و دەنـــگەوە لەیەکچـــوونێکی زۆر هەن لە نێـــوان ئەم دوو زمـــانە، نمـــوونەش بـــۆ ئەو وشـــانە، وەک: (وەرزش، سروشـــت، نمـــایش، نیگـــا، نەورەس...) ، هەروەهـــا " گەلـــێ جــاریش وێکچــوون دەبینــرێ، کە ڕاســت نــی یە بەوە دابنــرێ، گــوایە زمانێــک لە زمـــانێکی دی یەوە وەرگرتبـــێ، بەڵکـــو ڕاســـتی ئەوەیە، سروشـــتی پێوەنـــدیی بەردەوامـــی نێـــو زمانـــانی خێزانێـــک ئەمەی ســـازکردووە. گروپـــی زمانـــانی هــاوڕەگەز، بەو کــۆمەڵە زمــانە دەوتــرێ، کە لە نێوانیانــدا وێکچــوونی سروشــتی لە پێکهــاتنی دەنــگ و واتــای ڕەگــی وشــە و گیــرەک (ئــافێکس)دا دەردەکەوێ " (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ٢١).

## پ) وەرگرتنی وشەی تورکی:

زمانی تورکی بەشی خۆی کاریگەریی لەسەر زمانی کوردی ، بەو پێیەی زمانی کارگێڕیی و بەڕێوەبردنی دەوڵەتداری بووە. لەکاتی داگیرکردنی دەوڵەتی عوسمانی و دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکەدا، زمانی تورکی بەسەر زمانی کوردی و زمانی ئەو ناوچانەی، کە داگیریان کردبوو زاڵ ببوو، بەهۆی ئەو کاریگەرییەش چەندین وشەی تورکی هاتە ناو زمانەکەمان، هەندێکیان تا ئێستا بەکاردێن، هەندێکی تریشیان وشە و زاراوەی کوردی جێگەیان گرتووە، نموونەش بۆ ئەو وشە تورکیانەی، کە لە زمانەکەماندا

هەیە، وەک: (باجی، قاڵی، قوتی، بارود، بورغو، قەرەداغ، قوشتەپە، قەرەهەنجیر، ئاڵتون کۆپری، قاپی، خاتوون، دۆنەم، ... هتد).

### ت) وەرگرتنی وشەی ئینگلیزی:

زمانی ئینگلیزی وەک زمانی پێشکەوتن و زانیاری، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر زمانی کوردی هەیە، بە تایبەت ئەو وشە و زاراوانەی، کە تایبەتن بە بوارە جیاوازەکانی زانست، یان ناوی ئامێرەکان، بەو پێیەش وشە و زاراوەی ئینگلیزی بە زەقی لەناو چوارچێوەی زمانی کوردیدا دەبینرێت، ئەمەش هەندێک جار وەکو پێویستییەک بە ناچاری بەکارهاتووە، هەندێک جاریش بە مەبەستەوە بۆ خۆدەرخستن، هەروەها ئەو کەسانەی، کە زمانی دووەمیان ئینگلیزییە بە نامەبەست لە میانەی ئاخاوتنیاندا وشەی ئینگلیزی بەکاردەهێنن.

### ٣/٣) وەرگرتن بەپێی ئاستەکانی زمان

زانایانی زمان چەند ئاستێکیان بۆ زمان دیاری کردووە، " دۆزینەوەی ئاستەکانی زمان لە دەستکەوتە هەرە گرنگەکانی مەیدانی زمانەوانییە. هەر ئاستەی سروشت و پەیڕەو و ڕێگە و تەکنیکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ شیکردنەوە." (وریا عومەر ئەمین:٢٠٠٤: ٢٣٣)، هەریەک لەو ئاستانەش، کۆمەڵێک یاسای تایبەتی خۆی هەیە. ئاستەکانی زمان بریتییە لە:

١- ئاستی دەنگسازیی

٢- ئاستی وشەسازیی

٣- ئاستی ڕستەسازیی

٤- ئاستی واتاسازیی

ئەم ئاستانە پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە و تێکچڕژان و تێبینی ئەوەش دەکرێت، کە " هەر پلەیەکی خوارتر بریتییە لە وزەی پلەی داهاتووی سەروتر، بەپێچەوانەشەوە هەر پلەیەکی سەروتر بە لایەنی کەمەوە لە یەکێکی خوارتر پێکهاتووە" ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٨٦: ٥٦). بۆ نموونە، ڕستە دەشێت بە لایەنی کەمەوە لە وشەیەک پێکهاتبێ وەک (چووم، ڕامکرد، هات) وشە دەشێت لە یەک مۆرفیم پێکهاتبێ: (ڕێ، جێ، دڵ...)، مۆرفیم دەلوێ لەیەک فۆنیم سازبوویێت وەک (- ە) لە وشەکانی (ڕاستە، سەوزە، ...)دا. ئاستی واتایی لە هەموو ئاستەکانی تردا خۆی دەنوێنێت، تەنها ئاستی دەنگسازی نەبێ، چونکە ئەم ئاستە بێ واتایە لە زماندا، بەڵام کەرەسەکانی ئاستی وشەسازی و ئاستی (ڕستەسازی) بەبێ واتا کارناکەن. هەر ئاستێک لەو ئاستانەدا کەرەستەی خۆی هەیە و لە کەرەستەی خۆی دەکۆڵێتەوە، کەواتە هەر ئاستێک ئەرک و ڕۆڵی دیاریکراوی هەیە و هەموویان بە گشتی لە کەرەستەکانی زمان دەکۆڵنەوە. زمان لە کۆمەڵێ هێما پێک دێت، ئەو هێمایانە بەپێی یاسا و سیستەم بەڕێوە دەچن، ئاستەکانی زمانیش لە پێکهاتەی ئەو هێمایانە دەکۆڵێتەوە، هەر یەک لەو ئاستانەدا یاسای خۆی هەیە، کە لەگەڵ کەرەستەکانی خۆیدا بەکاری دەهێنێت. ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا باسی بکەین، دیاردەی (وەرگرتن)ە، کە لە هەموو ئاستەکاندا دیاردەی بێگانەیی لەناو کەرەستەکانیاندا بەدی دەکرێت، ڕادەی کەم و زۆرییان یان توند و تیژی دیاردەکە، لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر دەگۆڕێت.

## (١-٣/٣) وەرگرتن لە ئاستی دەنگسازییدا

دەنگ کەرەستەی خاوی زمانە " هەموو زمانێک بە چەند دەنگێک دەردەبڕێت، دەنگ بناغەی سەرەکی زمانە، قسەکردن خۆی بریتیە لە دەربڕینی دەنگ." (ڕەفیق شوانی:٢٠٠٨: ٩٦) و بە لێکدانیان قسەکردن پێکدێت. وەرگرتن لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا بە ڕێژەیەکی کەم هەستی پێدەکرێت، بە ئاسانی و خێرایی ڕوونادات و کاتێکی زۆری دەوێت بۆئەوەی دەنگێک، یاخود چەند دەنگێکی بیانی بێتە ناو زمانێکەوە و جێگیر ببێت.

ئەو دەنگە بیانیانەی، کە دێنە ناو زمانی دووەم، بۆیان هەیە ببنە فۆنێمی سەربەخۆ و لەناو فۆنێمەکانی ئەو زمانەدا جێی خۆیان بکەنەوە، ئەمەش پێویستی بە کاتێکی زۆرە، تاوەکو جێگیر دەبن و دەبن بە فۆنێمێکی سەربەخۆ لە زمانی دووەمدا.

پەیدابوونی دەنگی بیانی لە زمانێکدا، بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەوانە لە ڕێگەی وەرگرتنی وشە یان زاراوەی بیانییەوە، کە هەڵگری دەنگێکی نامۆن و لەگەڵ وەرگرتنی وشە و زاراوەکەدا، دەنگەکەش لەگەڵیا دەپەڕێتەوە و وەردەگیرێت. یاخود بە هۆی کاریگەریی زمانێک لەسەر زمانێکی تر، بۆیە " پەیا بوونی دەنگی تازە لە زمانا لە ئەنجامی کارتێکردنی زمانێکی تر دیاردەیەکی سروشتییە و هیچ زمانێک نیە و نەبووە بەسەریا نەهاتبێ و هەرگیز ناتوانێ خۆی لێ بپارێزێ." (وریا عومەر ئەمین:٢٠٠٤: ١٥).

دراوسێیەتییمان لەگەڵ نەتەوەی عەرەب و بەهۆی چەند هۆکارێکی تریش وایانکردووە وشە و زاراوەی عەرەبی بێنە ناو زمانی کوردییەوە و چەند دەنگێکی زمانی عەرەبیشیان لەگەڵ خۆیان هێناوە، ئەمەش دیاردەیەکی سروشتییە و لە هەموو زمانەکاندا ڕوودەدات، بۆ نموونە " لە ئینگلیزی کۆندا دەنگی (ژ) نەبووە، بەڵام لە ئەنجامی کارتێکردنی زمانی فەرەنسی گەلێ وشەی وەک azure و measure و rough ... هتد، کە دەنگی (ژ)یان تیایە کەوتنە ناو زمانی ئینگلیزی و بوون بە بەشێکی بنجی فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی. بەم جۆرە دەنگی (ژ) کەوتە ناو سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانی ئینگلیزی. دەنگی (ڤ)ش هەمان شت " (سەرچاوەی پێشوو:١٥).

هەر بەهۆی ئەو دراوسێیەتییەوە، کاریگەریی جیاوازی لەسەر زارەکانی زمانی کوردی کردووە، " بۆ نموونە ئەگەر لەنێوان شارەکانی هەرێمی کوردستاندا، بە تایبەت هەولێر و سلێمانی، کە یەکەمیان سنووری بە موسڵەوەیە، لە موسڵیشدا خەڵکی عەرەبی موسڵی دەنگی (ق) وەک خۆی گۆدەکەن، ئەمە لە کاتێکدا کە ناوچەکانی تری عێراق ئەو دەنگە بە (گ) گۆدەکەن، جا ئەمە وای کردووە کە ناوی هێندێک ئامێر یان کەلوپەل، کە ئەگەر لە ڕێگەی بازرگانی و تێکەڵیی ئەو دوو شارەوە هاتبنە ناوەوە ئەوا بۆ هەولێر وەک ناوهێنانی ئەو

عەرەبـــانەی کە لە موســـڵدان، لە هەولێـــردا گـــۆدەکرێن، بەڵام لە ســـلێمانی وانیـــیە، یـــاخود وەک بەغـــداد گـــۆدەکرێن. بـــۆ نمـــوونە ئەو ئۆتـــۆمبیلەی کە لە گواســـتنەوەی کەرەســـتەی بیناســـازیدا بەکاردێـــت، لە هەولێـــر بە (قەلـــلابە) ناودەبرێـــت، کەچـــی لە سلێمانیدا (گەڵڵابە) دەوترێت." (هۆگر محمود فرج:٢٠١٢: ١١٤).

هەروەها ئەو دەنگە نامۆیانەی، کە لە زمانی عەرەبییەوە دێنە ناو زمانی کوردی، وەک ئەوەی کە لە زمانە ڕەسەنەکەدا هەن، نایەنە ناو زمانەکەوە، بەڵکو ئەو دەنگانە بۆ نزیکترین دەنگ دەگۆڕێن، کە لە خۆیان بچێت لە زمانەکەدا. ئەو دەنگانەی، کە هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە دەبنە ئەلەفۆنێک بۆ ئەو دەنگانەی، کە لەخۆیان دەچێت، بۆ نموونە " دەنگی (س) لە وشەی (سەر و باس)دا جیان لە دەنگی (س) کە لە وشەی (ساڵ و سەد)دا دەرئەکەوێ. لەم وشانەی دواییدا دەنگەکە وەک بڵێی شێوەی (ص)ی وەرگرتبێ سەرەڕای ئەم جیاوازییە هەردووکیان سەر بە یەک فۆنیمن و یەک نرخیان لە سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانی کوردیدا هەیە" (وریا عومەر ئەمین:٢٠٠٤: ٣٦١)، کەواتە دەنگی /س/ دەبێتە ئەلەفۆنێک بۆ دەنگی /ص/، هەروەک لە وشە وەرگیراوەکان دەبینرێت، کاتێک وشەیەک دەنگی /ص/ی تێدابێت، شێوەکەی دەگۆڕێت بۆ /س/ وەک (خەلاص) و (خەڵاس)، (صەبر) و (سەبر) و چەندین نموونەی تریش.

هەروەها دەنگی /ط/ کە لە ڕێگەی وشەی عەرەبییەوە خۆی کردووە بە ناو زمانی کوردیدا، لە شێوەی دەنگی /ت/ دەردەکەوێت، بەڵام لە ئەنجامی گردبوونەوەی دەنگی /ت/ لەگەڵ دەنگی /ڕ/ و /ڵ/دا پەیدادەبێت، وەک (تەڕ، تەڕاو، تاڵ، تاڵاو، ...) (محەمەد مەعروف فتاح:٢٠١١: ١٣٤).

هۆکاری ململانێ لەنێوان زمانەکاندا، " کار لەدەنگەکانی زمان دەکات و ماسولکەکانی دەنگ و قوڕگ و دەنگەژێکان، ڕادێن لەسەر دەربڕینی دەنگە نوێکان و فێری گۆکردنیان دەبن، تاوای لێدێ وەکو زمانە زاڵەکە درکی پێدەکەن، بەم جۆرە هاتنەناوەوەی دەنگەکانی زمانە زاڵەکە بۆناو زمانە بەزیوەکە ڕوودەدات، وەک هاتنی (ح، ع، ...)ی عەرەبی بۆناو زمانی کوردی بە بەڵگەی ئەوەی ئەم دەنگانە لە زمانە هیندۆئەورووپییەکاندا نین، کوردیش

یەکێکە لەو زمانانە و سەرەتا ئەو دەنگانەی نەبووە بەڵام بە کاریگەری زمانی عەرەبی ئەو دەنگانە هاتوونەتە ناو زمانەکەیەوە." (عبدالله حسین رسول:٢٠٠٢: ٥).

## ٢-٣/٣) وەرگرتن لە ئاستی وشەسازییدا

وەرگرتن لەم ئاستەدا خۆی لە وەرگرتنی فۆرمدا دەنوێنێت، تەنها وشە و زاراوە سادەکان ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو جۆرەکانی وشە دەگرێتەوە: (سادە، هەڵگوێزراو، لێکدراو)، تەنانەت ئەو کەرەستانەش دەگرێتەوە، کە لە ڕۆنانی وشەدا ڕۆڵیان هەیە و وەکو مۆرفیمی وشەداڕێژ و وشەگۆڕ خۆیان دەنوێنن، وەک وەرگرتنی (پێشگر، پاشگر، نیشانە، ... هتد).

کەواتە، وەرگرتن لە ئاستی وشەسازیدا چەند شێوەیەکی هەیە، لێرەدا ئەو شێوانە جیادەکرێینەوە، کە بە کەرەستەکانی ئەم ئاستەی زمانەوە پەیوەستن، ئەوانیش:-

أ- لە شێوەی مۆرفیمدا:

١- مۆرفیمی سەربەخۆ

خەت ، شک ، حەق، ڕا، خێر، حاڵ ، ...

٢- مۆرفیمی وشەداڕێژەر

وەک پاشگری: (چی، خانە، لغ، ...)

- چی: پینەچی، ماستاوچی،...
- خانە: چێشتخانە، نەخۆشخانە، دارتاشخانە، ...
- لغ: گەردنلغ، فیشەکلغ، ...

٣- مۆرفیمی وشەگۆڕ

وەک مۆرفیمی (ەها، ات، وات).

- ەها: جۆرەها، ساڵەها، چەندەها...

- ات: باخات، ماڵات...
- ئاغاوات، سەوزەوات...

ب- لە شێوەی وشەدا:

١- وشەی سادە

(حەج، عومرە، ئیمام، زەکات، مۆڵەت، قەرز، شایەت، ویژدان، تام، زوڵم، کورسی، مێز، ڕەحلە، ... ).

٢- وشەی هەڵگوێزراو

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبدرێت، ئەوەیە کە ئەم جۆرە وشەیە مەرج نییە هەموو کەرتەکانی بێگانە بێت، هەندێک جار یەک کەرتی بێگانەیە و ئەوی تری کوردییە.

أ) بەهۆی پێشگرەوە

پێشگری کوردی + وشەی بێگانە

(بەغیرەت، بەهیمەت، بەتام، نەفام، بێ شک، بێ مانا، بێ عەقڵ، بێئیتیک ،...).

ب) بەهۆی پاشگرەوە

- وشەی بێگانە + پاشگری بێگانە

پەنچەرچی، جامچی، ئاڵتونچی، مەسڵەحچی، کەبابچی، کونسوڵخانە، کەبابخانە، سیلاحلغ، سۆفییزم ،... )

- وشەی کوردی + پاشگری بێگانە

(نەخۆشخانە، بەندیخانە، دەرمانخانە، ... )

- وشەی بێگانە + پاشگری کوردی

(سواڵکەر، دوکاندار، موڵکدار، پلاندار، فایەلدار، خزمەتکار ، خەمناک، ڕەزیلی، ڕۆمانی ، بیرۆکراتی، عەسکەریی، فیدراڵیی، ڤایرۆساوی، ...)

- وشەی بێگانە + مۆرفیمی کۆی بێگانە

(مەعلومات، موناجات، ئیشارات، کارەباییات، ئەدەوات، ئەوەلییات، مۆبیلیات... ).

٣- وشەی لێکدراو

- وشەی کوردی + وشەی بێگانە

( ڕووبەخاڵ، کەم و زیاد، شەرم و حەیا، دەست قەڵب، ... ).

- وشەی بێگانە + وشەی کوردی

( خەتکێشان، زیادبوون، سەبرگرتن، ڕەسمگرتن، ڕازیکردن، سواڵکردن، خزمەتکردن، ڕادەربڕین، حەقخواردن، کۆنێکتکردن، سێرچکردن، کۆپیکردن، دیلیتکردن، پلاندانان ... ).

- وشەی بێگانە + وشەی بێگانە

(قەتڵوعـــام، قەســـروجەمع، داتاشـــۆ، مـــایکرۆفۆن، قەرەتەپە، قەرەداغ، بۆیمبـــاخ، قەرەباڵغ، ... ).

هەندێ لەو وشە بێگانانەی، کە لە زمانی کوردیدا هەن، بە تەواوەتی ڕەنگوبۆی بێگانەییان لە دەست داوە، چونکە شێوەیان زۆر گۆڕاوە، ئەگەر بە وردی لێیان نەکۆڵرێتەوە هەست بە بێگانەییان ناکرێت، وەک: (قوتابخانە، هەوڵ، تازە، خەڵک، ئاسار، متمانە، سات، ... ).

## ٣-٣/٣) وەرگرتن لە ئاستی ڕستەسازییدا

(ڕستەسازی) ئاستێکە لە ئاستەکانی زمان، لە چۆنییەتی ڕیزبوونی کەرەستەکان و پێکهێنانی فرێز و ڕستە دەکۆڵێتەوە. ڕستە لە هەموو زمانەکانی جیهاندا، سێ کەرەستەی سەرەکیی هەیە: (بکەر S، بەرکارO، کردارV). زمانی کوردی لەو زمانانەیە، کە ڕیزبوونی کەرەستە بنجییەکانی بەپێی ئەم یاسایەیە، (S.O.V). هەروەها دەتوانرێت لە ڕێگەی هاتنەناوەوەی کەرەستەی تر، ڕستەکان فراوانبکرێن.

وەرگرتن لەم ئاستەدا، " کەمتر لە دیاردە زمانییەکانی تر دەکەوێتە ژێر کاری زمانی ترەوە و کەرەسەی ڕێزمانی خواستن کەمتر باوە تەنانەت ئەم دیاردانەش ناوبەناو لە ئەنجامی تێکەڵاوی زۆردا لە زمانێکەوە دەکەونە زمانێکی تر." (محەمەد مەعروف فتاح:٢٠١١: ١٤٠)، هەروەها وەرگرتنەکە بەشێوەی وەرگرتنی بۆتەی زمانێکی بیانی خۆی دەنوێنێت، هەندێک جاریش بۆتەکان بەپێی یاسا سینتاکسییەکانی زمانی کوردییە، بەڵام کەرەستەکەی بیانییە – وشەکانی ناو فرێز و ڕستەکان بیانیین.

هۆکاری دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە لە زۆربەی زمانەکانی جیهان دەگەڕێتەوە بۆ "پێشکەوتنی خێرای زانست و تێکەڵاوبوونی کلتوورەکان و لە ڕێگەی وەرگرتنی هەواڵ و زانست لە سەرچاوە بیانییەکان"ە (چۆلی ئەسعەد:٢٠١٣: ٢٨١).

لێرەدا ئەو جۆرە ڕستانە دیاری دەکەین، کە ئێستا لە زمانی کوردیدا هەیە، هەندێکیان بۆتەکانیان بیانیین و وشەکانیان کوردین، هەندێکی تریان وشەکانیان بیانیین و بۆتەکانیان کوردین.

١- ئەو ڕستانەی کە بۆتە ڕێزمانییەکانیان بیانییە و وشەکانی کوردین، وەک:

" .... ئەم زانایانە هەستاون بە چاندنی ئامێرێک لەناو جەستەی مشکەکاندا ... " (چۆلی ئەسعەد:٢٠١٣: ٢٨٣).

- هەستا بە شاییەک
- هەستا بە ئەنجامدانی کارەکە

ئەگەر سەرنجی ئەو ڕستە و فرێزانە بدەین، ئاشکرا دیارە، کە بۆتەکانیان بۆتەیەکی ڕێزمانی عەرەبین، کە ڕاست تر وایە بوترێ:

- زاناکان ئامێریان لە جەستەی مشکەکان داناوە.
- کارەکەی کرد.
- کارەکەی ئەنجامدا.

لەم بارەیەوە د.عزالدین مستەفا دەڵێت: " زۆر لە نوسەرانی لاومان کوردی نوسینەکەیان لە قاڵبێکی عەرەبیدا دائەڕێژن، هەندێ ئیستیلاح ئەهێننە زمانەکەمانەوە، کە بەکارهێنانیان

له پێڕەوی پێوەندی نێوان زمانەکەمان و کارکردنەکەیان دەچێتە دەرەوە." (٢٠٠٥: ١٨٠)، کاریگەریی زمانە بیانییەکان لەسەر زمانی کوردی بە تایبەت زمانی عەرەبی، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ وەرگرتنی بۆتە بیانییەکەی، هەروەها هۆکارێکی تریش هەیە ئەویش وەرگێڕانی (وشە بە وشە)یە. بۆیە پێویستە زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە فرێز و ڕستانە بکرێت، لەکاتی وەرگێڕانیان بۆ زمانی کوردی، بەپێی یاسا سینتاکسییەکان و بۆتەی رێزمانی زمانی کوردی، کەرەستەکان ڕێکبخرێن.

بۆتەیەکی تر لە بۆتە عەرەبییەکان ئەوەیە، کە چاوگ و کردار دروستبکرێت، وەک:

- " با دانشتنێک بکەین." (سەرچاوەی پێشوو:٢٠٠٥: ١٨٥).

- کۆبوونەوەیەکمان کرد.

- دانیشتنێکیان کرد.

ڕاستەتر وایە بوترێت:

- با دانیشین.
- کۆبووینەوە.
- دانشتن.

ئەوەی گرنگە بوترێت، هەروەکو پێشتریش لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکە ئاماژەی پێدراوە(بڕوانە [٣/١-٤-٢]ی ئەم تویژینەوەیە)، کە وەرگرتن لەم ئاستەدا کارێکی باش نییە، زیان بە زمانەکەمان دەگەیەنێت و بۆتەی ڕێزمانیی زمانی کوردی دەشێوێنێت، بۆیە زۆر گرنگە لە کاتی وەرگێڕانی هەر ڕستەیەک یاخود هەر فرێزێکدا لە بۆتە ڕێزمانییە بیانییەکان دووربکەوێنەوە و پابەندبین بە بۆتەی ڕێزمانی زمانی کوردی.

٢- ئەو جۆرە ڕستە و فرێزانەی، کە بۆتەکانیان بەپێی یاسا سینتاکسییەکانی زمانی کوردین و وشەکانیان بیانین، وەک:

- <u>قازی مەحکەمەی تەمییز</u> بڕیاریدا، تاوانبارەکە سێ ساڵ زیندان بکرێت.
- <u>کۆنگرەی مەکتەبی سیاسی حیزبی</u> یەکێتی نیشتیمانی کوردستان تەواوبوو.
- <u>دایرەی کارەبا بڕیار</u>ێکی <u>تاز</u>ەی دەرکرد.

- ئەمپێری کارەبا زیادیکردووە.
- لیژنەی نەزاهە سەردانی زانکۆکانی کرد.
- سەیارەکە لە گەراجەکەدا پارککراوە .

ئەگەر سەرنجی ئەو ڕستە و فرێزانەی سەرەوە بدرێت، دەبینرێت کە، هەموو وشەکانیان بیانیین، بەڵام ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر پەسەند نییە، چونکە زمانەکە بەرە و ئاڵۆزی دەبات، هەرچەندە وەرگرتنی وشە و زاراوەی بیانی و هەبوونیان لە زمانەکەماندا زیانی نییە، بەڵام نەک بەو شێوەیەی کە لەو نموونانەدا هەیە، باشتر وایە تاوەکو بکرێت، کەمترین وشە و زاراوەی بیانی بەکاربهێنرێت.

٣- ئەو فرێزو ڕستانەی، کە بۆتە ڕێزمانییەکانی بیانییە و وشەکانیشی هەر بیانییە، ئەم جۆرە زیاتر لە ڕیکلام و ناونیشانی هەندێ شوێن و بازاڕدا دەبینرێت، وەک:

- سەنتەری ئەپڵ بۆ ئێکسسواراتی مۆبایل بە سیعری جوملە.
- کۆمپانیای بەیزا بۆ مۆبیلیات.
- کۆمپانیای جەزیرەت نوح.

نموونەی تریش لەم جۆرە ڕستانە لە زمانی کوردیدا دەبینرێت، بەڵام ڕێژەکەی کەمە، واباشترە لە زمانەکە نەمێنێت، لەبەرئەوەی چ وشەکان، چ بۆتەکان هی زمانی کوردی نیین و بیانیین.

## ٣/٣-٤) وەرگرتن لە ئاستی واتاسازییدا

سنووری ئاستی واتاسازیی کراوەیە، ئەم ئاستە لە واتای کەرەستەکانی ناو زمان دەکۆڵێتەوە. (واتا) فراوانە و ناتوانرێت ڕێگە لە گەشەکردن و فراوانبوونی بگیرێت، زۆربەی کات (واتا) لە زمانێکەوە بۆ ناو زمانێکی تر دەگوازرێتەوە، خواستنی (واتا) لە دوو شێوەی جیاوازدا دەبینرێت:

١- " هەندێ جار واتا بۆ فۆرمێک دەخوازرێ کە خۆی لە زمانەکەدا هەیە بە واتای ئەوەی فۆرمەکە خۆماڵییە" (محەمەد مەعروف فتاح:١٩٩٠: ١٣٤)، بەڵام واتایەکی نوێ

دەدرێتە پاڵی، بۆ نموونە وشەی (پێ) لە سەرەتادا واتای (قاچ)ی گەیاندووە، بەڵام دواتر واتایەکی تری دراوەتە پاڵ، کە لە زانستی بیرکاریدا، بۆ واتای (یەکەیەکی پێوانە) بەکارهاتووە، هەروەها وشەی (گرێ) ئەم وشەیە بۆ واتای (گرێی دار) بەکارهاتووە، کەچی ئێستا لە زانستی بیرکاریدا، بۆ واتای (یەکەیەکی پێوانە) بەکاردێت، کەواتە بەهۆی کاریگەری زمانەکانی ترەوە هەندێ واتا دەخوازرێت و دەدرێتەپاڵ هەندێ فۆرمی وشە، کە لە بنەڕەتدا ئەو فۆرمانە واتایەکی تریان هەیە، بۆیە ئەم جۆرە وەرگرتنە دەبێتە هۆی دروستبوونی (هۆمۆفۆن) لە زماندا.

٢- خواستنی واتا لە ئەنجامی وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی وشە و زاراوەی بیانی، کە بەرانبەریان لە زمانەکەدا بەدیدەکرێت، بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەک لەبەردەم دروستبوونیان هەبێت، وەک:

على الاقل = بەلایەنی کەمەوە

مختصر = کورتە / پوختە

الشعور بالنقص = هەست بە کەمێتی

على ضوء = لەبەر ڕۆشنایی

قبل كل شيء = بەر لە هەموو شتێک

مكتب = نووسینگە (محەمەد مەعروف فتاح:١٩٩٠: ١٣٤).

لێرەدا دەتوانین بڵێین، کە خواستنی واتا هۆکارێکە بۆ " داتاشینی وشە و زاراوەی نوێ، لە کەرەسەی زمانی خۆی یان ڕۆنانی پێویست بە کەرەسەی کۆنی خۆی دادەڕێژێت وەک: بڵندگۆ بەرامبەر بە loud speaker . مانگرتن بەرامبەر بە striker یان وێنەگر بەرامبەر بە photographer ... هتد" (یوسف شەریف سەعید:٢٠١٢: ٧٢).

هەروەها ئەوەی پێویستە بوترێت ئەو واتا و چەمکانەی، کە لە زمانێکی بیانییەوە وەردەگیرێن، زمان نییە نەتوانێت چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، ئەگەر لە ئاستی وشەسازیدا دەست نەکەوێت لە ئاستی ڕستەسازیدا چارەسەر دەکرێت " واتە ئەوەی بەرامبەری بە وشە نەبێت بە دەستەواژە یان بە ڕستە لێکی دەداتەوە " (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٧٢)،

ئەگەر لە حاڵەتێکیشدا هەر دەست نەکەوت دەتوانرێت بۆ ماوەیەکی کاتیی فۆرمە بیانییەکە بەکاربهێنرێت، تاوەکو ئەو کاتەی فۆرمێکی بۆ دادەڕێژرێت.

## ٤/٣) مەرجەکانی وەرگرتنی زاراوەی بیانیی

زمان چەندە وشە و زاراوەی زۆربێت و لەگەڵ دەرکەوتن و پێکهێنانی وشە و زاراوەی نوێ- بەرانبەرچەمکە نوێیەکان - بتوانێت وشە و زاراوەی پەتی زمانەکەی خۆی بۆ بەکاربهێنێت، چ وشەی کۆنی زمانەکەی خۆی بێت و تازەیکاتەوە، چ بە دروستکردنی وشەی ناسادە بێـت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ئەستەمە زمانێک هەبێت وشەی لە زمانێکی ترەوە وەرنەگرتبێت و پێویستیی بە زمانی بێگانە نە بووبێت، کەم و زۆر ئەم حاڵەتە لە هەموو زمانەکاندا بەدیدەکرێت، بەڵام ئەمەش دەکەوێتەسەر ڕادەی کاریگەریی زمانەکان لەسەر یەکتری، ئەمەش خەوش نییە و بە نەنگی و لاوازیی زمان دانانرێت، چونکە زمان وەک دیاردەیەکی زیندوو، بەهۆی هۆکارەکانی گواستنەوە و پەیوەندیکردن و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و نزیکبوونەوەی زمانەکان لە یەکتر، زمانەکان کار لە یەکتردەکەن و تێکەڵ بەیەکتردەبن، هەندێک جار وشە و زاراوەکان بە ویستی خۆمان وەریان دەگرین، هەندێک جاریش خۆیان دەسەپێنن و دزە بۆناو زمانەکەمان دەکەن.

کاتێک، کە دەڵێین ڕێبازی (وەرگرتن) لە هەموو زمانێکی پێشکەوتودا کارێکی ڕەوایە و زۆربەی زاناکان لەسەری کۆکن، نابێت ببێتە هۆی ئەوەی هەرچی وشەیەکمان بەرگوێکەوت و بەرچاوکەوت، ڕاستەوخۆ وەریبگرین و بەکاریبهێنیین، لەبەرئەوەی ئەمەش هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیە. پێویستە ئەو هەلومەرجانە ڕەچاوبکرێن و تا بکرێت وشە و زاراوەی زمانەکەی خۆمان بەکاربهێنیین، ئەمەش لە ڕێگەی ئەوەی بۆ فەرهەنگی زمان و وشە و زاراوەی زارەکانی تری زمانی کوردی بگەڕێینەوە، ئەگەر وەک پێویست نەبوو، ئینجا بەپێی چەند مەرجێک دەتوانیین وشە و زاراوە وەربگرین و بەکاریانبهێنین. لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆر وشە و زاراوەمان بەکارهێناوە بەبێ ئەوەی پێویستمان پێی بێت و لە بەرانبەریاندا وشەی پەتی و ڕەسەن هەیە، بۆ نموونە: " بۆرجواز، میتۆد، ڕیفراندۆم، باکگراوند، خەلفیە، ناسیۆنالیزم، قەتڵوعام، جینۆساید،

پرۆتۆکۆڵ، لەزەت، خەریتە، مەسج، ڕیفۆرم، قانون، ئەسڵ، ... هتد)، کە لە زمانی کوردیدا ئەم وشە کوردییە ڕەسەنانەمان هەیە بەرانبەر هەریەک لەو وشانەدا:

( سەرمایەدار، ڕێباز، ڕاپرسی، پاشخان، نەتەوەپەرستی، کۆمەڵکوژی، ڕێکەوتننامەی کاتی، چێژ، نەخشە، نامە، چاکسازی، یاسا، ڕەسەن، ... هتد).

زۆرجار وەرگرتنی وشە و زاراوە، لە لایەن پەتی خوازانەوە بەرهەڵستی دەکرێت، هەندێ هۆکاریش ئەم بەرهەڵستی کردنە توندوتیژ دەکات، لەو هۆکارانە:

١- هەستی نەتەوایەتی و پارێزگاریکردن لە زمان، کە ئەم هەستە زیاتر پەتی خوازەکان وەک مەترسییەک لەسەر لەناوچوونی زمان و بەزاندنی سنوورەکانی بڵاوی دەکەنەوە.

٢- هەستی شکۆمەندیی، ئەم هەستەش لەبەرانبەر داگیرکەرانی کورد دژی ئەو زمانانەی خۆیان سەپاندووە، وەک زمانی (عەرەبی، فارسی، تورکی) دروست دەبێت.

٣- جیاوازی دوو زمان لە ڕووی ڕێزمان و فۆنۆلۆژیەوە و هەست کردن بە نامۆیی وشە و زاراوە وەرگیراوەکان. (محەمەد مەعروف فتاح:٢٠١١: ١٣٦)

٤- بیروبۆچوونی جیاواز لە بارەی وەرگرتنی وشە و زاراوە لە زمانی دراوسێکانەوە. هەندێک لە زمانەکان بەرهەڵستی لە وەرگرتنی وشە و زاراوە دەکەن بەرانبەر بە یەکێک لە زمانە دراوسێکان، بۆ نموونە " لەبەرئەوەی زمانی فارسی و زمانی کوردی سەر بە یەک خێزانە زمانی، داگیرکەری ئێران و هەندێ لە نووسەرانی فارسی هەوڵی ئەوە دەدەن کە بە زۆر ئەوە بسەپێنن کە زمانی کوردی دیالێکتێکی زمانی فارسییە، واباشترە کە ئەگەر پێویستمان بە وشە وەرگرتن هەبوو، لە زمانی عەرەبییەوە وەری بگرین نەک فارسی لەبەرئەوەی زمانی عەرەبی زمانێکی (سامیی)ە و لەڕووی ڕێزمان و دەربڕین و وشەدارشتنەوە لە زمانی کوردییەوە دوورە، مەترسی ئەوەی لێ ناکرێ، کە نزیکبوونەوە ڕووبدات، یا بە دیالێکتێکی زمانی عەرەبی دابنرێت" (ڕۆژان نوری عبدالله:٢٠١٣: ٢٦٧)، بۆچوونی تریش هەن، کە لەگەڵ ئەوەن، وشە و زاراوە لە زمانی فارسییەوە وەرگیرێت باشترە تاوەکو زمانی عەرەبی، لەبەرئەوەی هەردوو زمانەکە سەر بە یەک خێزانی زمانە ئەویش هیندوئەوروپییە و لە زمانەکەی خۆمان زۆر دوورناکەوینەوە و بۆتەی زمانەکەیش

ناشێوێنێت، بەڵام زمانی عەرەبی زمانێکی سامییە و بۆتەی ئەو زمانە زۆر لە زمانی کوردییەوە دوورە.

سەرهەڵدانی وشە و زاراوەی هاوواتای بیانیی بەرانبەر بە وشە و زاراوەی ڕەسەنی کوردی، لە کاتی بەکارهێنان و وەرگرتن و خواستنی هەر زاراوەیەکدا، پێویستە ڕەچاوی ئەم چەند مەرجە سەرەکییە بکرێت و لە چوارچێوەی زماندا بەکاربهێنرێت، تاوەکو زیان بە زمانەکە نەگەیەنێت:

١- لە کاتی وەرگرتنی زاراوە لە زمانە بیانییەکانەوە، پابەندبوون پێویستە بە پێویستییەکانی کۆمەڵ و زانست و بوارەکانی تری کۆزانیاریی، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و خێرایی نەبێت، لەوکاتەدا وەرگیرێت زاراوەی خۆماڵی بۆ چەمکێکی دیاریکراو نەبێت و بە ناچاری پەنابرێتەبەر زمانێکی تر.

٢- وەرگرتنی زاراوە کارێکی ئاسان نییە، ناکرێت بە ئارەزوومەندانە بۆ پەسەندکردنی بەکارهێنانی زاراوەیەکی بیانیی پەنا بۆ تاکە کەسێک ببرێت، بەڵکو بەرپرسیاریەتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی دامەزراوە و نێوەندە ئەکادیمییە جۆراوجۆرەکان.

٣- پێویستە زاراوە لە زمانی ڕەسەنەوە وەربگیرێت، بە واتای ئەوەی لەو زمانەوە وەربگیرێت، کە چەمک و بابەتەکەی تێدا داهێنراوە و تایبەتە بە خۆی، نەک لە زمانێکی ترەوە بۆی بچین، کە کاریگەریی زمانێکی تری لەسەر بێت، چونکە هەر زمانە و خاوەن دەنگ و پێڕەوی فۆنۆلۆژیی تایبەتی خۆیەتی و ئەو زمانەی، کە وەری دەگرێت ئەویش بەپێی سروشتی زمانەکەی خۆی دەستکاریکردووە، بۆ نموونە ناوی هەندێ لە وڵاتەکان وەک (پرتوگال، چین، ژاپۆن، چیچان، ...) ئەم ناوانەی لە زمانە ڕەسەنەکەی خۆیدا بەو دەنگانەی سەرەوە گۆدەکرێت، بەڵام کاتێک عەرەب کاتێک بەکاریان دەهێنێت، لەبەرئەوەی هەندێک لەو پیت و دەنگانە لە زمانی عەرەبیدا نییە، دەنگە نزیکەکانی بۆ بەکارهێناوە و لەگەڵ زمانی عەرەبیدا گونجاندویەتی، هەموویانی کردووە بە (برتغال، صین، یابان، شیشان ... )، کوردیش لە عەرەبییەوە وەری گرتووە، کە خۆی پێویستە لە زمانی سەرچاوەکەوە وەربگیرێت، نەک لە زمانی دووەمەوە، هەمان شت بۆ وشە و زاراوە عەرەبییەکان، ئەگەر دەنگمان هەبوو بەرانبەر بە دەنگە عەرەبییەکان پێویستە

هەروەکو خۆی وەرگیرێت، نەک لە زمانێکی ترەوە بۆ نموونە ناوی هەندێ لە وڵاتە عەرەبیەکان وەک (مصر، أردن، جزائر، مغرب، سوریا، ...) لە ئینگلیزی ( ... Syria ، Egypt ، Jordan ، Algeria ، Moroco) بەکاردەهێنن، لە زمانی کوردیدا پێویستە لە زمانی سەرچاوە وەریانبگرین و بە ڕێنووسی کوردی بیانووسین (میسر، ئەردەن – ئوردن، جەزائیر، مەغریب، سوریا، ...).

هەروەها ئەم خاڵە هەموو ئەو زاراوانە دەگرێتەوە، کە لەناو کۆمەڵێکدا بۆ بیروباوەڕێکی تایبەتی یان داهێنراوێکی سەربەخۆ سازکرابوو، ئەوا دەکرێ زمانی کوردی وەکو خۆی وەریبگرێت، تەنیا ئەو دەنگانە نەبێت، کە لە زمانەکەدا نییە و بیگۆرێت بۆ دەنگێک ، کە لە تایبەتمەندییەک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو دەنگەوە نزیکبێت.

٤- " هەموو زمانێک دەستووری زاراوەسازی و زمانەوانی خۆی هەیە، بۆیە کاتێک زاراوەیەک وەردەگرین دەبێ دەنگەکانی بخەینە ژێر کارتێکردنی فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە و بەرگێکی خۆماڵی بە بەریاندا بکەین" (ڕۆژان نوری عبداللە:٢٠١٣: ١٣٩).

٥- پێویستە زاراوەی وەرگیراو بە ڕێنووسی زمانی کوردی بنووسرێت.

٦- بەکارهێنانی زاراوەی وەرگیراو بۆ هەمان واتا و مەبەست، چونکە ئەگەر بۆ هەمان واتا نەبێت، بە هەڵە لەیەکترتێگەیشتن دێتە ئاراوە.

٧- " بۆئەوەی زاراوەی وەرگیراو بچێتە ناو زمانە نوێکەوە، وەک وشەی خۆماڵی هەڵسوکەوت بکات، دەبێ لەگەڵ دەستوری زمانە نوێکەدا بگونجێنرێت، کە زمانە نوێیەکە جیایان دەکاتە." (محەمەد مەعروف فەتاح:١٩٩٠: ١٤٥).

٨- ئەگەر لە زمانی کوردیدا زاراوەیەکی خۆماڵی و بیانیی بۆ یەک واتا و مەبەست شانبەشانی یەک هەبوون، پێویستە کوردییەکە بکەینە زمانی ئەدەبی لە هەر شێوەزارێک بێت، گرنگ ئەوەیە واتایەکی تەواو بەرانبەر بە زاراوە بیانییەکە ببەخشێت، بۆ نموونە (کتێب : پەرتووک) ، (خەتەر : مەترسیدار) ، (بەنج : سڕکەر)، (حەمام : گەرماو) ... هتد.

## ٥/٣) شێوازەکانی وەرگرتنی زاراوە لە زمانی کوردیدا

لەناو پرۆسەی وەرگرتندا دوو جۆر وەرگرتنی زاراوەی بیانیی هەیە، وەگرتن بەبێ دەستکاری (هاوردە) و وەرگرتنی گونجێنراو (کوردێنراو).

### ٥/٣-١) وەرگرتن بەبێ دەستکاری (هاوردە):

ئەم جۆرە وەرگرتنە، ئەو وشە و زاراوانە دەگرێتەوە، کە بەبێ دەستکاری دەنگەکانی، یان ڕۆنانی وشە و زاراوەکە وەرگیرێت و وەک خۆی بە ڕێنووسی کوردی بنوسرێت، وەک (ئیمێڵ، ئینتەرنێت، کۆمپیوتەر، حەج، زەکات، ... هتد. "ئەو وشانەی، کە ناوی بەرهەمە پیشەسازییەکانن، بۆ نموونە ئەوروپای رۆژئاوا ئەمریکاو وڵاتانی دەوروبەرن، یان ناوی چشت و بابەتی بوارە جۆراو جۆر و جیاوازەکانی ژیان و ڕووداو و دیاردەکانن و وەک خۆیان بەبێ گۆڕانکاری یان بە گۆڕانکاری کەمەکییەوە وەرگیراون و فۆنۆتاکتیکی کوردیی کاریگەریی زۆری لەسەر داڕشتنەوەی فۆرمەکانیان نەبووە بە >> وشەی بیانی << دادەنرێن" (محەمەدی مەحوی:٢٠١٠: ١٤٣)، ئەم جۆرە وەرگرتنە پەیوەندیی بەوەوە نییە، ئەگەر دوو زمانەکە، زمانی سەرچاوە و زمانی وەرگر سەر بە یەک خێزانی زمانیی بن یاخود نا، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە، وشە و زاراوە وەرگیراوەکە لەگەڵ پێڕەوی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردیدا تەبابێت.

### ٥/٣-٢) وەرگرتنی گونجێنراو (کوردێنراو) :

ئەو جۆرە وەرگرتنەیە، کە زاراوەکان لەگەڵ ڕیزبوونی فۆنیمەکانی دەستکاری کراوە و لەگەڵ پێڕەوی فۆنۆلۆژیی زمانی وەرگردا گونجێنراوە، لە زۆربەی زمانەکانی جیهانیش پەیڕەودەکرێت، لە زمانی کۆردیشدا " لە زووەوە سوودی لێ بینراوە، بە شێوەیەک وشە و زاراوە وەرگیراوەکان خراونەتە ژێر رکێفی زمانی و ڕێنووس و فۆنەتیکی کوردییەوە، بەو واتایەی خۆماڵیکراون، ئینجا لە زمانی کوردیدا بەکارهاتوون، بە نموونە : (طیارە)ی عەرەبی بە (تەیارە) و (اثبات) بۆ(ئیسبات) گۆڕاوە، هەروها (بایسکل)ی ئینگلیزی بە (پاسکیل)." (خۆشناو عەزیز، سەلام ڕەحیم:٢٠١٩ :١١١)، واتە

ئاخێوەری زمانی کوردی کاتێك وشەکە وەردەگرێت پێداجوونەوە بەو فۆنیم و بڕگە و مۆرفیمانەدا دەکات، کە بەلایەوە بۆ دەربڕین گرانن و بۆ شێوەیەك دەیگۆڕێت، کە لەگەڵ فۆنیم و بڕگە و مۆرفیمی زمانەکەی وشێوازی ڕیزبوونیاندا بگونجێت .

**٣/٥-٢-١) خۆماڵیکردنی زاراوەی بیانیی :**

جیوازی فۆنۆلۆژی زمانەکان و تایبەتمەندی هەر زمانێک لە ڕووی دەربڕین و گۆکردن و داڕشتن و یاساکانی ڕستەسازییەوە، وا لە مرۆڤ دەکات کاتیک وشەیەکی بیانیی وەردەگرێت و لە زمانەکەی خۆیدا بەکاریدەهێنێت تا بۆی دەکرێت لەگەڵ زمانەکەی خۆی و سازگەی دەربڕینیدا دەیگونجێنێت، گەلێك جار وەرگرتنی وشە وزاراوە "هێندە لەسەر خۆیە، کە پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ هەستپێیدەکرێت و پێیدەزانرێت" (محەمەد مەحوی:٢٠١٠: ١٢٧)، چونکە کەسێتیی لێکسیمی سەربەخۆی کوردی وەرگرتووە و ئاوا لە ناو بۆتەی زمانی کوردی تواوەتەوە، کە بە ئاسانی نازانرێت ئەو وشە و زاراوانە بیانیی بن.

ئەو زاراوەیەی، کە لە زمانەکانی ترەوە وەردەگیرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ زمانی کوردیدا بگونجێنرێت و وەك زاراوەی خۆماڵی هەڵسوکەوت بکات، پێویستە وا بگۆڕێت لەگەڵ ڕێزمانی زمانەکەمان بگونجێت، هەروەها بچێتە ناو یەکێك لەو پۆلە ڕێزمانیانەی، کە زمانەکەمان جیایان دەکاتەوە، بۆ نموونە ئەگەر ئەم پۆلە ڕێزمانیانە (ناو، جێناو، کردار، ئاوەڵناو...) لە دوو زمانەکەدا وەك یەکتر نەبن، ئەوا دەبێت وەرگرتنەکە لەم ئاستانەشدا بگۆڕێت، "بە واتای ئەوەی دەبێ یەکێك لەو پۆلە ڕێزمانیانەی زمانە نوێیەکە بۆ خۆی هەڵبژێرێ، بۆ نموونە، ئەو ناوەی لە عەرەبییەوە دەچێتە زارەکانی سەرووی کوردییەوە دەبێ ڕەگەزی مێ یان نێر هەڵبژێرێ، چونکە ناو لەم زارانەدا دوو ڕەگەزیان هەیە و لە هەندێ لایەنی ڕێزمانییەوە کارێکی جیاوازیان لەگەڵ دەکرێ، بە پێچەوانەشەوە ئەو ناوە عەرەبیانەی کە دێنە زارەکانی ناوەڕاستەوە کێشەی هەڵبژاردنیان لەم ڕووەوە لەگەڵ نییە

چونکە ئەم زارانەدا گرنکی بە جیاوازی ڕەگەزی (نێر و مێ) نادەن" (محمد معروف فتاح:٢٠١١: ١٤٥) .

ئەو زاراوە بیانییانەی، کە لە زمانەکەماندا بەکارهێنراون، وەکو هەر زاراوەیەکی کوردیی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و چوونەتە ژێر ڕکێفی یاسا رێزمانییەکانی زمانی کوردی، بۆ نموونە: (قەڵەمەکە، قەڵەمێك، قەڵەمەکان، قەڵەمدان...). لێرەدا وشەی (قەڵەم) ئامرازی (ناسراوی، نەناسراوی، کۆ، پاشگر ...)ی وەرگرتووە .

هەروەها وشەی (پولپیانان) (پولپیانانی نامەکان تەواوبوو، نامە پولپیانراوەکان بگەیننە ناونیشانەکانیان، پولمنا بە کابرادا و لە کۆڵمکردەوە، وەزیرە پولپیانراوەکە هەڕەشە دەکات...).

وشەی (پولپێدانان) لەڕووی فۆرمەوە لە (وشەیەکی ئینگلیزی + فرێزێکی مۆرفۆسینتاکسی پێشناوی + چاوگێکی کوردی)، واتە لە (پول + پێدا + نان) پێکهاتووە، کە وشەیکی لێکدراوە و لەسەر بنەمای وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردی داڕێژراوەتەوە وەکو وشەی (دەستپیانان)، هەر لەسەر بنەمای وشەی (دەستپیانراو) وشەیەکی تر درووستبووە ئەویش (پولپیانراو)ە، کە لە (وشەیەکی ئینگلیزی + فرێزێکی پێشناوی کوردی + ڕەگ + پاشگری نادیاریی (_ر) + پاشگری (_او) )، واتە لە (پول + پیا + ن + ر + او) پێکهاتووە و بە واتای ئەو نامانەیە، کە لە (فەرمانگەی پۆستەوە) دەردەچن پارچە کاغەزێکیان پێدا چەسپدەکرێت بەو پارچە کاغەزە دەوترێت (پولی نامە) ، سەرەڕای ئەو واتایە ئەم وشەیە لە ئێستادا واتای پراگماتیکی هەڵگرتووە بۆ پەسنکردنی ئەو کەسانە بەکاردەهێنرێت، کە دەست بەڕوویانەوە نراوە و دەرکراون (هیوا مەولود عەبدوڵلا:٢٠١٦: ١٥٢).

کەواتە ئەو ناو و چاوگە بیانییانەی، کە لە زمانەکەماندا هەیە، نەك هەر وەك ناو یان چاوك کەڵکییان لێ وەردەگیرێت، بەڵکو بۆ پێکهێنانی کرداریش بەکاردەهێنرێت، وەکو (زەکاتیدا، زەریبەیدا، قەسەمیدا، ئیدیعایکرد، ئیعلانیکرد، ئیفلاسیکرد، بلۆکیکرد، لایکیکرد، شێریکرد، پرنتیکرد، کۆپیکرد، تایپیکرد، هاکیکرد، کۆمێنتیدا...).

دەتوانین ئەو زاراوەیەی، کە لێکدراوە و وەرگێڕانی بۆ ناکرێت، بەشێکی وەرگێڕین وبەشێکی تری وەکو خۆی وەرگرین، واتە بە شێوەی پێوەنکراو دەکرێت و، دەتوانیین پێی بڵێین (زاراوەی پێوەنکراو) و ئەم جۆرەیان زیاتر لە پسپۆرییە زانستییەکاندا پەیڕەودەکرێت، وەکو زاراوەی (دووەم ئۆکسیدی کاربون) بەشێکی کوردییە و بەشەکی تریان بیانییە.

ئەوەی جێی ئاماژەکردنە، کە وشە و زاراوەی بیانیی زۆرمان هەن، لە ڕێگەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسەوە تێکەڵی وشە و فرێزەکانی زمانەکەمان بووە و دووبارە وشەی نوێمان لێدرووستکردووە، ئەویش بە ڕێگە مۆرفۆلۆژییەکانی وەك : (لێکدان و داڕشتن، داڕشتنەوەی لێکدراوەکان، ئاوێتەکردنی لێکدراوەکان، ئاوێتەکردنی وشەکان)، کورتکردنەوەکان و ڕێگەی سینتاکسی وەك فرێزە بە لێکسیمبووەکان ئەنجامدراون (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە :سەرچاوەی پێشوو: ١٣٠ - ١٦٣) .

خۆماڵیکردنی وشە وزاراوەی بیانیی و گونجاندنی لەگەڵ پێڕەوی فونۆلۆژی زمانی وەرگردا بە ئینگلیزی پێی دەوترێت (ترانس لەتەرەیشن-transliteration) (کامیل حەسەن بەسیر:١٩٧٩: ٥٥)، بۆ نموونە هەندێ فۆنیم لە زمانی عەرەبیدا هەیە وەکو (ث، ذ، ص، ض، ط، ظ)، کە لە زمانی کوردیدا وەکو فۆنیمی بنەڕەتی بوونیان نییە، بۆیە ئەو فۆنیمانە بۆ فۆنیمێکی کوردی دەگۆڕێن، وەکو موزاهەرە (مظاهرة)، سەلاجە (ثلاجة)، سابوون (صابون)، بەحس-باس (بحث)... .

هەندێ زاراوەی بیانیی تریشمان هەن، هەر لەگەڵ پێڕەوی دەربڕینی فۆنۆلۆژی زمانەکەمان ناگونجێت و زۆر قورسە بۆ کەسێکی کورد دەربببرێت، لەبەر ئەوە واپێویستدەکات لەو حاڵەتانەدا، دەنگێك یان زیاتر تێدابچێت و بسوێت یاخود بۆ دەنگێکی تر بگۆڕێت، یان فۆنێمەکان جێگاکانیان بگۆڕن، لە هەندێ باری تریشدا فۆنیمێك، یان زیاتر پەیدا دەبێت، وەکو لە وشەی (سەروەت)، لە زمانی عەرەبیەوە وەرگیراوە، کە دەنگی (ث) گۆڕاوە بۆ (س) و دەنگی (ت) لە کۆتایی وشەکەدا پەیدابووە.

مسجد ← مزگەوت

طقم ← توخم

منبر ← میمبەر

مولود ← مەولوو

لعنه ← نەعلەت

سجده ← سوژدە

شاهد ← شایەت

ساعه ← سەعات

قائم مقام ← قایمەقام

بەم شێوەیە و پێویستە هەر وشە و زاراوەیەكی بیانیی، كە لە چوارچێوەی زمانی كوردیدا بەكاردەهێنرێت، مەرجە لە ڕووی ڕێنووس و پێڕەوی فۆنۆلۆژییەوە بە كوردی بكرێن، كەواتە دەبێت هەر زاراوەیەكی وەرگیراو لە هەموو یاساكانی ئەو زمانەی كە لێی وەرگیراوە دابماڵرێت و بەپێی یاساكانی زمانی كوردی بەكاربهێنرێت.

## ٣/٥-٢-٢) بەكارهێنانی كورتكراوەی زاراوەی بیانیی لە زماندا :

ئابوریكردن بریتییە لە سەرفكردنی كەمترین وزە لە دەربرین و نووسیندا. مرۆڤ هەوڵی كورترین دەربڕین لە كەمترین كاتدا دەدات و ڕێگەی كورت بە چەند هەنگاوێكی ئاسان هەڵدەبژێرێت، "مرۆڤ سەرەتا بە شێوەیەكی بە ئاگایانە پرۆسەی ئابوریكردن ئەنجامدەدات، واتە لە خۆوە هیچ كەرەستەیەك فڕێنادات كە ببنە هۆی تێكدانی واتا، بەڵام دواتر لە ئەنجامی بەردەوامی بەكارهێنان و دوبارە بوونەوەی لە لایەن قسەپێكەرانەوە، بەهۆی ڕێكەوتنی كۆمەڵگاوە لەسەر ئەو لابردنە، ئەبێتە هۆی ئەوەی دواتر بە شێوەیەكی بێ ئاگایانە بەكاربهێنرێت . زمانی نووسینیش بە هەمان شێوەی زمانی ئاخاوتن ئابوریكردن تێدا دەكرێت (دەرون عبدالرحمن و شۆخان عمر:٢٠١٧: ٣٠- ٣١)، بێگومان ڕێژەی زۆری و كەمی ئابوریكردن لە ئاستێكەوە بۆ ئاستێكی تر جیاوازە، هەروەها لە زمانی ئاخاوتن و نووسینیشدا لە یەك جیاوازن.

زۆربەی جار زاراوە ئینگلیزییە کورتکراوەکان چۆن لە زمانە بنەڕەتییەکەیدا بەکارهاتوون، بە هەمان شێوەی بەکاردەهێنرێنەوە و بۆ وشە بنەڕەتییەکەی ناگەڕێینەوە، بۆ نموونە بەکارهێنانی زاراوەی (e-mail) بڵاوترە لە زاراوە بنەڕەتییەکەی، کە (electronic mail)ە،هەمان شت بۆ زاراوەی (CD)، کە کورتکراوەی: (Com Pact Disc)ە.

RAM کورتکراوەی : Random Access Memory

Unicef کورتکراوەی : United Nation International Children Emergency Fund

USA کورتکراوەی: United States of America

حماس کورتکراوەی: حرکە المقاومە الاسلامیە .

هەندێک جاریش، کاتێك وشەیەك، یان زاراوەیەکی بیانیی دێتە ناو زمانەکە وەکو خۆی بەکارناهێنرێت، بەڵکو پارچەیەکی لێ دەردەبرێت. بۆ نموونە زاراوەی (ترافیك - Traffic) زیاتر بەکاردەهێنرێت، تاوەکو (ترافیکلایت -Traffic lights) ، یان لەبواری ڕاگەیاندندا زاراوەی (دۆب - Dub) زیاتر بەکاردەهێنرێت، تاوەکو وشە بنەڕەتییەکەی (دۆبلێر- Dubbler) (تابان محەمەد سەعید:٢٠٠٨: ٨٦)

ئینتەرنێت ← نێت

بی ئێم دەبڵیو ← بی ئێم

بۆ هەندێ لە پسپۆرییە زانستییەکانیش، کە هێما بەکاردەهێنرێت، لە بوارە تایبەتیەکانیاندا، هەمان ئەو هێمایانە بەکاردەهێنین و وەکو هێمای جیهانیی لێهاتووە بە تایبەت لە نووسیندا، وەکو :

ئۆکسجین← $O_2$

دووەم ئۆکسیدی کاربۆن← $CO_2$

ئاو← $H_2O$ .

### ٣-٢-٥/٣) بەکارهێنانی وشە و زاراوەی بیانیی وەکو سینۆنێمیک لە زماندا :

کاریگەریی زمانەکان لەسەر یەکتر، یەکێکە لە گرنگترین ئەو ڕێگایانەی، کە سینۆنیم لەناو زماندا دروستدەکات، "بە تایبەتی لە یەکەی وشە ومۆرفیمی بەنددا، ئەم فاکتەرە زۆر گاریگەرە، چونکە ئەم دانە واتاییانەی خاوەنی ڕۆنانێکی بەهێزی واتایی و گواستنەوەیان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە ئاسانە" (شێروان حوسێن خۆشناو:٢٠١١: ٥٥)، هەرچەندە لە زمانی کوردیدا بۆ هەندێك چەمك و واتا وشەی ڕەسەنی کوردی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وشەیەکی هاواتایی بە فۆرمێکی بیانیی، دێتە ناو زمانەکەو لەبرامبەریدا دەوەستێت. سەرەتا ململانێك لە نێوانیان دروستدەبێت و بۆ ماوەیەکی زۆر دەبن بە سینۆنیمی یەکتر، دواتر لەگەڵ تێپەڕبوونی کات هەریەکەیان سیمای جیاکەرەوەی لاوەکی وەردەگرێت، وەکو:

هەژار– فەقیر

ئاواز – میلۆدی

بەجیهانبوون – عەولەمە – گلۆبالیزم (سەرچاوەی پێشوو:٥٥).

زۆر جاریش ئەو وشانە دەچنە پاڵ یەکتر و شێوەی لێکدراوی بەستراو وەردەگرن، کە پێوەندی نێوانیان سینۆنێمی دەبێت، وەکو:

پێوقەدەمی بەخێربێت

ئێمە حازروئامادەین

جێگەی فەخروشانازییە

فەقیروهەژاریان بیرنەماوە (سەرچاوەی پێشوو:٥٦).

"لێکدانەوە بۆ مۆرفیمە بەندەکانیش هەر بەو شێوەیە دەبێت، بەڵام ئەوەی کە مۆرفیم جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە ساغکردنەوەی ڕەگ و ڕیشەی مۆرفیم قورسترە. مۆرفیمە بەندەکان لەگەڵ وشەدا هاتوون، بەڵام دواتر لەگەڵ ئەو گرووپەی خۆیاندا، بەرامبەری یەکتر وەستاون و بوون بە سینۆنیمی یەکتری" (سەرچاوەی پێشوو:٥٦)، بۆ نموونە پاشگری

(ـ چی)، کە پاشگرێکی بیانییە و ناوی پیشە درووستدەکات، لەگەڵ چەند وشەیەکدا هاتووە و هەر بەو واتایەش لەبەرانبەر چەند مۆرفیمێکی دیکەی ئەو گرووپەدا وەستاوە، وەکو:

توتنچی – توتنەوان

فیتەرچی – فیتەریی

چەخماخچی – چەخماخساز

ئاڵتوونچی – زەڕەنگەر .

### ٣/٥-٢-٤) گوزارشت لە وشەی تابوو بە وشەیەکی بیانیی :

لەزانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا، لێکدانەوەی ئەو کەرەستە و دەبڕینە زمانییانەی واتای نەشیاویان هەیە، یاخود لەڕووی کەلتوری و کۆمەڵایەتییەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕووی وتنیان نییە، پێیان دەوترێت تابۆ "ڕێگەیەکە بەهۆی کۆمەڵەوە نارازیبوونی خۆی بەرامبەر هەندێك جۆری رەفتار دەردەبڕدرێت، کە بڕوا وایە زیان بەئەندامانی کۆمەڵەوە دەگەیەنێت جا بەهۆی ئەوەبێت ، کە بابەتێکی ناسروشتی بێت یان لەبەر ئەوەی ڕەفتارەکە لەگەڵ ڕێسا ئاکارییەکان پێچەوانەبێت" (ئارام عبدالواحید حەمە ڕەشید معروف:٢٠١٣: ٢٤٦)، لەبەرئەوە زۆر جار وشەکان بە شێوە بنەڕەتییەکەی خۆیان بەکارناهێنرێن، چونکە بەپێی دابونەریت و کلتووری هەندێ لە کۆمەڵگاکان ئەوجۆرە دەربڕینانە جوان نیین، یان بێ ئەدەبیی وبێ ڕێزیی پیشاندەدەن، "بەم شێوەیە یوفیمیزم شوێنگرەوەیەکە بۆ ناوهێنان و باسکردنی ئەو شتانەی، تابۆن بە شێوازێکی شیاو لە لایەن کۆمەڵگا و خەڵکەوە. بۆ نموونە لە بری ناوهێنانی ئەو دەربڕاوانەی بۆ نەخۆشییە کوشندەکان، نەخۆشییە دەروونییەکان یاخود ئەو نەخۆشییانەی دەبنە هۆی کەمئەندامی یاخود کردە سێکسییەکان و مردن......هتد لە زماندا زۆربەیان ڕێگەیەکیان بۆ دۆزراوەتەوە" (شاخەوان جەلال فەرەج:٢٠١١: ٦٠).

ئەم فاکتەرە لە زمانی کوردیشدا ڕۆڵی خۆی بەشێوەیەکی بەرچاو گێڕاوە، بۆیە مرۆڤ پەنا دەباتە بەر دەربڕینێکی مەجازی ( میتافۆری) و لەهەندێ حاڵەتیشدا فۆرمە بیانییەکەی وەکو شوێنگرەوەیەک بۆ وشەی تابۆ بەکاردەهێنرێت، چەندیین وشەی بیانیی لە ڕێی ئەم

کۆتەوە بۆ خۆبەدوورگرتن لە بەکارهێنانی وشە ڕاستەوخۆکان بەکارهاتووە ، وەکو : WC - تەوالێت - شۆرت - لیباس – ستیان - غوسڵ - ڕەحم - دابی - فاحیشە - عەورەت - جیماع - کافیر - سەرسەری...هتد .

### ٦/٣) هەندێک زاراوەی بیانیی باو لە زمانی کوردیدا

### بواری یاسا:

تیرۆر(تیرۆریزم) - جینۆساید - ڕیفۆرم - سیستەم - حوکم - مەحکەمە - حاکم - قانون - فاکتەر - محامی - فەسڵ - نەقڵ - ئیعدام – حبس - تەوقیف - لجوو- دۆسیە - کەیس - غەرامە - شاهید – دەستوور – تەمییز- ئیستیئناف – مادده...هتد.

### بواری ڕاگەیاندن:

کامێرامان - مۆنتێر- فۆتۆگراف - ڕاپۆرت - تەلەفزیۆن - سۆشیاڵ - میدیا نیوزڕووم - ستۆدیۆ - دیکۆر - ئەرشیف - سپۆرت - ماڵپەر - سایت - لۆگۆ- مایك - نیکمایك - فلتەر- ڕادیۆ- هیتفۆن - کاسێت - سیدی - ئەلبۆم - مۆنتاژ- ڤیدیۆ - شاشە - ڤۆلیۆم - میکسەر - بلاجکتۆر - ستاند - باگراوند - ڕیکۆرد - ڕیکلام – شریت – پرۆگرام – پرۆڤە – کۆمیدی – دەراما – سیناریۆ... هتد.

### بواری کارگێڕی و ئابووری:

ئیدارە - وەسڵ - فاتوورە - تەکنییك – سند - ڕسوومات - باج - عموولە – نەقدی – کاش – مەسرەف – بانق – میزانییە – مسوەدە – قەرز – تەزکیە – حەواڵە – پراکتیزکردن – محاسیب – لیستە – ئیجازە – بەرید – ئەرشیف – چەک – ئۆفەر – گومرگ – ڤیزە – ئەکتیڤ – ئەلیکترۆنی - دائیرە - مسقاڵ – گرام - کیلۆ- تۆن – دۆنەم - ... هتد.

**بواری ئایین:**

سەلەفی – مەزهەب – دوعا – زەکات – سونەت – حەج – فەرز – کفر – فەتوا – تەڵاق – نیکاح – شەرع – شەریعەت – سوننەت – موبارەک – خێر – قەزا – ئەجل – قەدەر – زیارەت – عیبادەت – ئاخیرەت – عەبد – وەعز – لەعنەت – حیجاب – تەعزیە – شورک – ئایەت – سورەت – خەتیب – سوجدە - قیامەت – زکر – حەڵاڵ – جەزا - فەنابوون – هیدایەت - زاڵم... هتد.

**بواری ڕامیاری:**

سیاسەت – حکومەت – پەرلەمان – ئەنفال – تەرحیل – عەسکەری – مەدەنی - تەکنییک – لیژنە – ئینتەرناسیۆناڵ – دیموگراسی – ڤیتۆ- ئایدیالیزم (واقیع پەرستی) – ڕیفراندۆم – بایکۆت – بۆرجواز– شۆڤینی – نازی – لیبرال – ئەرستووکرات – تەکنوکرات – پارت – سەندیکا – ئیمپراتۆر– دکتاتۆر- مۆدێرن – کاندید – کەمپ – ئۆپۆزسیۆن – مافیا ... هتد.

**بواری پزیشکی:**

شەلەل – جەڵتە – زەغت – شەکرە – دکتۆر – سۆنار – ئیکۆ – ئەشیعە – قەستەرە – تەختیت – سرنجە – موغەزی – عەمەلیات – قەیسەری – انعاش – شەبەکە – بلازما – نەزیف – ئیلتیهاب – لەوزەتەین – رۆماتیزم – تەشەنوج -ڕەبوو– قورحە – گزاز – عیلاج – فتق – کۆلسترۆل – کەبسول – فاکسین – جەڕاح – فایەل – ئەکلیلی – تەجمیلی – عیادە – کلینک – جەلسە - زەرع – لێزەر– سۆفان – فەقەرات... هتد.

**بواری تەکنەلۆجیا:**

ئینتەرنێت – لابتۆپ – ئایپات – کۆمپیوتەر – ئۆنلاین – سەتەلایت – ڕیسیڤەر – ڕیمۆنت کۆنترۆڵ – ماوس – مایکرۆسۆفت – داتا - داتاشۆ – وایتبۆرد – فلاش میمۆری – شاحینە – پاوەربانک – ئەتاری – بلۆتۆس – پرنتەر– سکەنەر – ئیمێڵ – ئابدەیت –

ئۆتۆماتیک – مۆبایل – هارد – پرۆگرام- فەیسبووک – مایکرۆوەیڤ – لێزەر – لینک - گێم - ... هتد.

## بواری بەرگری:

پۆلیس – عەسکەر - زابت – لیوا – فیرقە – نائیب عەریف - عەریف – رئیس عوەرفا - ئۆپراسیۆن – دەبابە – کلاشنکۆف – ئاربیجی – ئەیفۆر – ڕەشاش – ساروخ – بۆمب – قەناس – کاتیۆشا – هاوەن – بارود – ئەتۆمی – نەوەوی – کیمیایی – فسفۆر ...هتد.

## بواری پیشەسازی:

ئۆتۆمبێل – تراکتۆر- تاکسی – پاس – شۆفڵ - گەڵابە – ماتۆر- پاسکیل - بەلەم - قیتار – بانزین – گاز – فیلتەر – شوتە – ویل – کەپ - مەکینە – دەبڵ ئێکسڵ – غەسل – سڵنگ – رافیعە – کورسی – قەنەفە – تەبڵک – مێز – کەوانتەر – خەڵات ...هتد.

# ئەنجام

لەوەی لە دووتوێی ئەم نامەیەدا خرایەڕوو، دەگەینە ئەم ئەنجامانەی، خوارەوە:

١. وشە گوزارشت لە واتا دەکات، بەڵام زاراوە گوزارشت لە چەمک دەکات، بۆیە زاراوە سنوورێکی واتایی دیاریکراوی بۆ پەیدادەبێت، کە لە واتا گشتییەکەی جیایدەکاتەوە، هەروەها فەرهەنگی گشتی و تایبەتیی زانستەکان بەو جۆرە زاراوانەی، کە واتایەکی تازەیان پێ بەخشراوە، دەوڵەمەنددەکات.

٢. زار و وەچەزارەکانی زمانی کوردی گەنجینەیەکی بە سوودن بۆ دۆزینەوەی وشەیەکی گونجاو بۆ زاراوەیەکی دیاریکراو، بەمەش دەبێتە سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ پڕکردنی کەلێن و بۆشاییەکانی زمان .

٣. وەرگێڕان ڕێبازێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ، بە وشە و زاراوەی نوێ، زاراوەسازی و وەرگێڕان دوو زانستی جیاوازن، بەڵام پێویستی هاوبەشیش کۆیان دەکاتەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە یەك زانست بن.

٤. ئەرکی وەرگێڕ لە ڕێبازی وەرگێرانی زاراوەی بیانیی بۆ زمانی کوردیدا ئەوەیە، کە ئاڕاستەکە بەرەو واتای چەمکە بیانییەکە ببات، نەك تەنها ڕووخسار و فۆرمی زاراوە بیانییەکە، هەروەها پێویستە شارەزایی باشی لە ڕێزمان و کەلتووری هەردوو زمانەکەدا هەبێت.

٥. زاراوساز ئەگەر بە بێ ئاگایی و بە هەڵە زاراوەکان بۆ زمانی مەبەست بگوازێتەوە، ئەرکی پسپۆڕان لە داهاتوودا بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو زاراوانە لەلای خەڵکانی ئاساییدا قورستردەبێت.

٦. ڕاگەیاندن کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر زمان هەیە و زۆربەی جار دەبێتە هۆکاری سەرەکی لە بڵاوکردنەوەی ئەو وشە و زاراوانەی، کە پێکهاتەکانیان بەپێی ڕێسا و مەرجەکانی پێکهاتەی وشەسازییەوە درووستنەکراون، ئەمەش بۆ ناشارەزایی هەندێک لە ڕاگەیاندنکاران لە یاساکانی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە.

٧. زۆرجار زاراوەساز، بە هەڵە زاراوەکان وەردەگێڕێت، قاڵبی بیانیی لە ئاستی سینتاکسدا بەکاردەهێنێت، ئەو قاڵبانە دەبنە هۆی ژەهراویبوونی زمان.
٨. وەرگرتن لە ئاستی وشەسازیدا زیان بە زمان ناگەیەنێت، ئەگەر بەپێی پێویستیی و مەرجی تایبەت وەرگیرێت و بەرگێکی خۆماڵی بە بەریدا بکرێت.

# پێشنیاز

١. لە کاتی لێکۆڵینەوە و نووسینی توێژینەوەکەماندا، هەستمان بە کەلێنێکی گەورە لە پەرتووکخانەی کوردی کردووە، ئەویش کەمیی پەرتووک و توێژینەوەیە لە بواری زاراوەسازییدا. ئەم بوارە گرنگەی زمان، کە بە کۆڵکەی زمان دادەنرێت، بە پێی پێویست کاری لەسەر نەکراوە، بۆیە زۆر پێویستە گرنگی بەم بوارە بدرێت و توێژینەوەی زیاتری بۆ بکرێت، ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی شارەزایانی زمان، کە پێویستە هەر یەکێک لەوان بە پێی توانا خزمەتی زمان بکات. هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و خزمەتکردنیی زمان هەر بۆ خۆی پاداشتێکە بۆ ئێمەی کورد، چونکە تاکە شتێک لە ئێستادا کورد هەیبێت وەک ناسنامە "زمان"ە .

٢. ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانیەوە دەسڵاتێکی زۆری بەسەر ژیانی مرۆڤەوە هەیە، دەتوانیین بڵێین ژیانی ئەمرۆ، ڕاگەیاندن بەڕێوەی دەبات، بۆیە زۆر پێویستە خوول بۆ ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکاران بکرێتەوە و بەبەردەوامی سیمینارییان بۆ پێشکەشبکرێت و چاودێری ئەو زاراوانە بکرێت، کە لە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن بەکاردەهێنرێت، بۆ ئەوەی زمانەکە لە وشەی نامۆ بپارێزرێت، کە زۆربەی جار لە ڕێگەی ئەوانەوە دێتەناوەوە.

٣. جەختکردن لە دامەزراندنی دەزگایەکی ئەکادیمی زانستی بۆ ڕێکخستنی هەوڵەکان و کارکردن لەسەر دانان و یەکخستنی زاراوە، هەروەها نوێنەری هەموو شێوەزارەکانی تێدابێت، بۆ ئەوەی کاتێک زاراوە بۆ چەمکێکی نوێ دادەنرێت، سوود لە گەنجینەی زمان و هەموو شێوەزاراکان وەربگیرێت.

٤. هەوڵدان بۆ بەستنی کۆنگرە و سیمیناری ڕێکوپێک، تایبەت بەهۆشیاری زمانیی و بانگکردنی نوێنەرانی سەرجەم دامودەزگاکان، کە کاروباری دەوڵەت بەڕێوەدەبەن، لە پێناوی ئاڵوگۆرکردنی بۆچوونەکان و یەکخستنی زاراوەکان.

# سەرچاوەکان

## بە زمانی کوردی

### ١- کتێب:


١. ئارام عەبدولواحید ڕەشید مەعروف(٢٠١٣) ، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
٢. ئاڤێستا کەمال مەحموود (٢٠١٢) ، پرۆسە سایکولۆژییەکان ، چاپی یەکەم ، سلیمانی .
٣. ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٧٥) ، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
٤. ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٧٩)، مۆرفۆلۆژی- ناو - ، لە بڵاوکراوەکانی کۆری زانیاری، بەغدا.
٥. ئەورەحمانی حاجی مارف(٢٠٠٤) ، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی ، سلێمانی.
٦. ئەورەحمانی حاجی مارف(٢٠١٤) ، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٧. بەکر عومەر، شێرکۆ حەمە ئەمین (٢٠٠٧)، زار و شێوەزار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
٨. بێرنارد کەمری و کۆمەڵێک زمانەوان، و: کامیل محەمەد قەرەداغی(٢٠٠٧)، زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
٩. بێستوون حەسەن ئەحمەد(٢٠١٢) ، کۆمەڵە وشە و پێکەوەهاتنی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
١٠. پەروین عوسمان مستەفا عەللاف(٢٠٠٩) ، واتا و وەرگێران ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر .
١١. پێشڕەو خەڵەف سەعید(٢٠١٧) ، دەرونزانی گشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سلێمانی، سلێمانی.
١٢. تاڵب حوسێن عەلی(٢٠١١) ، واتاسازی چەند بابەتێکی واتای وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٣. جەمال عەبدول ( ٢٠٠٨) ، بەرکوڵێکی زاراوەسازی کوردی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی خانی ، دهۆك .
١٤. جەمال نەبەز (٢٠٠٨) ، وەرگێران هونەرە،چاپی چوارەم، لە بڵاوکراوەکانی کوردستان (دەزگای ڕاگەیاندن).
١٥. چۆلی ئەسعەد(٢٠١٣) ، زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

١٦. حوسێن محەمەد عەزیز (٢٠٠٥) ، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی ، چاپخانەی کارۆ ، سلێمانی.
١٧. دەروون عەبدولڕەحمان ساڵح(٢٠١٢) ، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
١٨. ڕەفیق شوانی ( ٢٠٠١) ، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردی ، هەولێر .
١٩. ڕەفیق شوانی ( ٢٠٠٨) ، زمانی کوردی و شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٢٠. ڕەفیق شوانی(٢٠١١) ، وشەسازی زمانی کوردی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر .
٢١. ڕۆژان نوری عەبدوڵلا ( ٢٠١٣) ، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی .
٢٢. سەباح موسا عەلی(٢٠١٤) ، زمانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە عێراقدا(١٩١٤-١٩٤٥)، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووک ژمارە(٢٣٥) چاپخانەی کارۆ، کەرکووک.
٢٣. سەلام ناوخۆش، نەریمان خۆشناو(٢٠١٠) ، زمانەوانی بەرگەگانی (٤،٥،٦،٧)، چاپی یەکەم، ، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٢٤. سەلام ناوخۆش بەکر(٢٠١٢) ، زمانی ئایینی کورد، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٢٥. شەهاب شێخ تەیب تاهیر(٢٠١٢) ، بنەما و پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی .
٢٦. شێروان حوسێن خۆشناو(٢٠١١) ، تێروانینێکی نوێ بۆ سینۆنێم لە زمانی کوردیدا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
٢٧. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ (٢٠١٥) ، چەند باسێکی وردی زمانەوانی – کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
٢٨. عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٤) ، لیکسیکۆلێجی، چاپخانەی ناوەندی ئاوێر، هەولێر .
٢٩. عزەدین مستەفا ڕەسوڵ(٢٠٠٥) ، بۆ زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٣٠. غازی فاتح وەیس(١٩٨٣) ، وەرگێڕانی ئەدەبی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر .
٣١. فەرهاد شاکەلی، زمانی کوردی لە ئەستانەی سەردمێکی تازەدا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٣٢. کامیل حەسەن بەسیر (١٩٧٩) ، زاراوەی کوردی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، بەڕێوەبەرێتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی .

٣٣. كامیل حەسەن بەسیر (٢٠١٣) ، بەراوردێك لە نێوان زمانی كوردی و زمانی عەربیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر .
٣٤. كەمال جەلال غەریب (١٩٧٤) ، فەرهەنگی زانیاری(عەرەبی– ئینگلیزی– كوردی )، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، بەغدا .
٣٥. كەمال جەلال غەریب (١٩٧٩) ، فەرهەنگی زانیاری(عەرەبی–ئینگلیزی – كوردی )، بەرگی دووەم، چاپی یەكەم، بەغدا .
٣٦. كەمال جەلال غەریب (١٩٨٣) ، فەرهەنگی زانیاری(عەرەبی–ئینگلیزی – كوردی )، بەرگی سێیەم، چاپی یەكەم، بەغدا .
٣٧. كەمال جەلال غەریب (٢٠١٢) ، پرۆژەی زانستیی كوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر .
٣٨. لیژنەی كۆری زانیاری كوردستان (٢٠٠٤) ، زاراوەی یاسایی، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر .
٣٩. لیژنەی كۆری زانیاری كوردستان (٢٠٠٤) ، زاراوەی كارگێری، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر .
٤٠. لیژنەی كۆری زانیاری كوردستان (٢٠٠٥) ، زاراوەی ڕاگەیاندن، چاپی یەكەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٤١. محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٠)، زمانەوانی، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٤٢. محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠) ، لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكان، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر .
٤٣. محەمەدی مەحوی(٢٠٠٩) ، مۆدێل و مۆدێلەكانی ڕێزمان، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٤٤. محەمەدی مەحوی (٢٠١٠) ، مۆرفۆلۆجی و بەیەكداچوونی پێكهاتەكان ، بەرگی یەكەم ، سلێمانی .
٤٥. محەمەدی مەحوی (٢٠١٠) ، وەرگێڕان و میتۆد- فەرهەنگ و پێڕەوی زمان وەك بنەمای وەرگێڕان ، بەرگی یەكەم، چاپخانەی گەنج، بەڕێوەبرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی .
٤٦. مسعود محمد (١٩٨٨) ، زاراوەسازی پێوانە، چاپخانەی سۆمەر، بەغدا.
٤٧. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو(٢٠١٦) ، زمانەوانی كارەكی، چاپخانەی هێڤی، جاپی یەكەم، هەولێر.
٤٨. وریا عومەر ئەمین(٢٠٠٤) ، ئاسۆیەكی تری زمانەوانی، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٤٩. وریا عومەر ئەمین ( ٢٠١١) ، پیتۆكەكانی زمانەوانی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٥٠. یوسف شەریف سەعید(٢٠٠٦) ، واتاسازی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

**٢- گۆڤار:**

٥١. ئازاد ئەمین باخەوان ( ٢٠١٢)، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی، هەولێر.
٥٢. ئەکرەم قەرەداغی (١٩٨٠) ، ڕەخنە ، گۆڤاری کاروان ، ژ٤٥ .
٥٣. ئەنجوومەنی کۆری زانیاری کورد ( ١٩٧٥) ، گۆڤاری کۆری زانیاری کورد ، بەرگی سێیەم ، بەشی یەکەم ، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا.
٥٤. ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٨٦) ، چەند کێشەیەکی زمانناسی، گۆڤاری کۆری زانیاری کورد، ژمارە ١٦، بەغدا.
٥٥. ئیبراهیم ئەمین باڵدار (١٩٨٦) ، زاراوە زمان لە کاروانی زانیاری ئەمرۆدا ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژ١١٢، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی،بەغدا .
٥٦. بەکر عومەر عەلی و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف ( ٢٠١١) ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ ٣١.
٥٧. تەلار سەباح عومەر(٢٠١٧) ، فەرهەنگسازی و ڕۆڵی لە پەرەسەندن و دەوڵەمەندکردنی زماندا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە(١٣).
٥٨. جەمال عەبدول (٢٠٠٨) ، زاراوە و زانستاندنی زمانی کوردی ، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردستان ، ژ ٧، هەولێر .
٥٩. جەمال نەبەز( ١٩٧٨) ، سەرنجێك لە چەند زاراوەیەکی تازە بەکارهاتوو و کۆری زانیاری کورد ، گۆڤاری ئەدەبیات ، ژ٢٢ ، چاپخانەی ( دار الجاحظ )، بەغدا.
٦٠. خۆشناو عەزیز حەمە ئەمین و سەلام ڕەحیم ڕەشید (٢٠١٩) ، فەرهەنگی زمان و پرۆسە فەرهەنگییەکان لە زمانی کۆردیدا، گۆڤاری زان؛ۆی گەرمیان، بەرگی(٩)، ژمارە(١).
٦١. دەرون عبدولڕەحمان ساڵح و شۆخان عومەر شەریف(٢٠١٧) ، ئابوریکردن لە ئاستی دەنگسازیدا (ڕۆمانی حەسار و سەگەکانی باوکم ) بە نمونە، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە(١٢).
٦٢. ڕەحیم قادر سورخی ( ٢٠١٤) ، پلانی زاراوە سازی لە تیۆری پلانی زماندا: ڕوانگەیەکی ڕێبازمەند بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ٢٨، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٦٣. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی و ڕەحیم قادر سورخی(٢٠١٤) ، پرۆسەی بەوشەبوون لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی یەکەم، ژمارە١ .
٦٤. سەباح موسا، ڕۆڵی ژمارە لە پێکهاتەی وشەی کوردیدا(ناو بە وێنە)، بەشی یەکەم، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە(٧)، ٢٠١٠.

٦٥. شاخەوان جەلال فەرەج و ئاڤێستا کەمال مەحموود(٢٠١٣) ، ڕێکخستنەوە و چالاککردنەوی فۆرمە زمانییەکان لە نێوان پرۆسەکانی بەکارهێنانی زمانی یەکەم و دووەم، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤٣).
٦٦. شەهاب شێخ تەیب تاهیر (٢٠١٢)، گیروگرفتی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی ، هەولێر.
٦٧. شەهاب شێخ تەیب تاهیر(٢٠١٣) ، کێشە و گرنگی زاراوەی زانستی لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری ( الاستاذ) ، بەرگی دووەم، ژ٢٠٧ ، زانکۆی بەغدا.
٦٨. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ(٢٠٠٢) . مێژووی زاری گەرمیان، گۆڤارا زانکۆیا دهۆک (مرۆڤایەتی-ئەکادیمی)، بەربەندا(٥) ، هەژمارا(١)، دهۆک.
٦٩. عەزیز ئاکرەیی ( ١٩٧٨) ، کارلێکرنا زمانێت بیانیا ل زمانێ کوردیی ، گۆڤاری کۆری زانیاری کورد ، بەرگی شەشەم ، بەغدا .
٧٠. قەیس کاکل و دانا تەحسین ( ٢٠١٣) ، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی لە ڕوانگەی تیۆری فۆستەرەوە ، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردستان ، ژ ٢٧، هەولێر.
٧١. کامەران ڕەحیمی (٢٠٠٧) ، خەسارناسی وشەسازی لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری زمانەوانی ، ساڵی یەکەم ، ژ٣.
٧٢. محەمەد وەسمان ( ٢٠١٢) ، ڕۆڵی ڕەگی کار لە زاراوە داناندا، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی، هەولێر .
٧٣. هەژار (١٩٧٤) ، کورد و سەربەخۆیی زمان ، گۆڤاری کۆری زانیاری کورد ، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم ، بەغدا .
٧٤. هیوا عەساف و عومەر ئەحمەد عەبدولرەحمان(٢٠١٣)، شیکردنەوەی هەندێک وشە و زاراوەی نوێ لە زمانی ئێستای کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢٤، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٧٥. هۆگر مەحمود فەرەج(٢٠١٢) ، چەردەیەک دەنگ، مۆرفێم، وشەی جوداییساز لە نێوان کرمانجی باکوور- ناوەڕاستدا، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی، هەولێر .
٧٦. یوسف شەریف سەعید(٢٠١٢)، ئاشنابوون بە دیالەکتەکانی زمانی کوردی هەنگاوێکە بۆ لێکگەیشتن و چارەسەرکردنی کێشەکان، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی، هەولێر .

### ٣- نامەی ئەکادیمی:

٧٧. بەناز ڕەفیق تۆفیق (٢٠٠٨) ، ڕێگە بنەڕەتییەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی لە دیالێکتی خواروودا ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی پەروەردەی – ئیبن ڕوشد – زانکۆی بەغدا .

٧٨. تابان محەمەد سەعید (٢٠٠٨) ، گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر ، سکولی زمان – زانکۆی سلێمانی .
٧٩. تالْب حوسێن عەلی(١٩٩٨) ، هەندێ لایەن لە پەیوەندی ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دوکتۆرا، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.
٨٠. جوانە ئەحمەد حسەین (٢٠١٤) ، زاراوە و واتای زاراوە لە وتاردا ( ڕۆژنامەی کوردی کرمانجی خواروو (٢٠٠٠-٢٠١٠ ) ، نامەی دوکتۆرا ، سکولی زمان – زانکۆی سلێمانی.
٨١. حاتم ولیا محەمەد (٢٠٠٠) ، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی زمان- زانکۆی سلێمانی .
٨٢. ساکار ئەنوەر حەمید (٢٠٠٩) ، وشە خواستن لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی زمان – زانکۆی سەلاحەددین .
٨٣. شادمان سالار نەریمان (٢٠٠٨) ، وشەی نوێباو لە زمانی کوردیدا ، نامەی دوکتۆرا ، کۆلێجی پەروەردە – ئیبن ڕوشد – زانکۆی بەغدا.
٨٤. شاخەوان جەلال فەرەج(٢٠١١) ، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور، نامەی دوکتۆرا، کۆلێژی زمان - زانکۆی سلێمانی.
٨٥. شیلان عومەر حوسێن(٢٠٠٩) ، ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان - زانکۆی سلێمانی.
٨٦. عوسمان کەریم(٢٠١٤) ، وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی ، نامەی ماستەر ، سکولی زمان – زانکۆی سلێمانی .
٨٧. محەمەد مەجید سەعید (٢٠١٥) ، فەرهەنگ و پرۆسەی بە لێکسیمبوون، نامەی ماستەر، سکولی زمان – زانکۆی سلێمانی .
٨٨. نەرمین عومەر ئەحمەد(٢٠١٠) ، بە بەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکولی زمان – زانکۆی سلێمانی.
٨٩. هیوا مەولود عەبدوڵڵا (٢٠١٦) ، ئەنالۆژیای کۆد گۆڕینەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکولی زمان – زانکۆی سلێمانی.
٩٠. هێمن سەڵاحەدین ڕەمەزان(٢٠١٥) ، پرۆسە و یاساکانی وشە دروستکردن لە زمانی کوردیدا ( بەشە دیالێکتی سلێمانی) ، نامەی ماستەر، سکولی زمان – زانکۆی سلێمانی.

## بە زمانی عەرەبی:

٩١. أبراهيم أنيس(٢٠٠٣) ، من اسرار اللغة، الطبعة الرابعة، مطبعة محمد عبد الكريم حسان، مصر.

٩٢. احمد بن محمد المعتوق(٢٠٠٠) ، المصطلحات العلمية العربية: مكانتها من الرصيد اللغوي و طرق تنمية محصول الناشئة منها، مجلة جامعة الملك سعود، المجلد ١٢، الاداب ٢، الرياض، المملكة العربية السعودية.
٩٣. احمد فارس الشدياق(١٩٧٩) ، الجاسوس على القاموس، دار صادر، بيروت.
٩٤. ادريس بن الحسن العلمي(٢٠٠٢) ، في الاصطلاح، الطبعة الاولى، مطبعة دار النجاح الجديدة – الدار البيضاء.
٩٥. السيد الشريف الجرجاني(١٩٧١) ، التعريفات، الدار التونسية للنشر، تونس.
٩٦. اعضاء شبكة تعريب العلوم الصحية(٢٠٠٥) ، علم المصطلح لطلبة العلوم الصحية والطبية، المكتب الاقليمي للشرق المتوسط ومعهد الدراسات المصطلحية ، فاس- المملكة المغربية.
٩٧. جواد حسني سماعنة(٢٠٠) ، المعجم العلمي: المختص(المنهج والمصطلح) ، مجلة مجمع اللغة العربية بدمشق، المجلد٧٥، الجزء ٤، سوريا.
٩٨. حاتم صالح الضامن( ١٩٨٩) ، فقه اللغة، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة بغداد.
٩٩. سامي مهدي المظفر(١٩٩٨) ، مواصفات الكتب المترجمة، منشورات مجلة المجمع العراقي، بغداد.
١٠٠.علي القاسمي(١٩٨٥) ، مقدمة في علم المصطلح، دائرة الشؤون الثقافية والنشر، بغداد.
١٠١.علي القاسمي(١٩٨٦) ، النظرية العامة والنظرية الخاصة في علم المصطلح، مجلة اللسان العربي، العدد٢٩، مكتب تنسيق التعريب، الرباط.
١٠٢.علي القاسمي(١٩٨٨) ، علم المصطلح بين علم المنطق و علم اللغة، مجلة اللسان العربي، عدد٣٠، الرباط .
١٠٣.علي القاسمي(٢٠٠٨) ، علم المصطلح اسسه النظرية و تطبيقاته العملية مكتبة لبنان ناشرون، بيروت.
١٠٤.فائق خلف سلمان(٢٠٠٩) ، المصطلحات المركبة تركيبا اضافيا في كتاب العين دراسة دلالية، مجلة سر من رأى، المجلد ٥، العدد ١٤، جامعة السامراء، العراق.
١٠٥.فرحات بلولي(٢٠١٠) ، المصطلح اللساني التداولي قراءة في منهجيات الترجمة، الممارسات اللغوية، العدد ١، جامعة مولود معمري – تيزي وزو، مخبر الممارسات اللغوية في الجزائر .
١٠٦.فؤاد مرعي(٢٠٠٢) ، في اللغة والتفكير، دار المدى للثقافة والنشر .
١٠٧.كبير زهيرة(٢٠١٤) ، اشكالية المصطلح اللساني في ترجمة النصوص اللغوية، رسالة ماجستير، جامعة ابي بكر بلقايد- تلمسان، كلية الاداب و اللغات، قسم اللغات الاجنبية-، شعبة الترجمات.

١٠٨.مراد حميد عبدالله(٢٠١٢) ،تطورات دلالة المفردات المحدثة في النص اللغوي، مجلة الخليج العربي، المجلد ٤٠، العدد ١-٢.
١٠٩.ماريوباي، ترجمة:صلاح العربي(١٩٧٠)، لغات البشر(اصولها، طبيعتها، تطورها)، القاهرة.
١١٠.محمد المنجى الصيادي و آخرون(١٩٨٤) ، التعريب وتنسيقه في الوطن العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، ط٣، بيروت.
١١١.محمد علي الخولي( ١٩٨٢) ، معجم اللغة النظري (انكليزي – عربي )، مكتبة لبنان، بيروت.
١١٢.محمود فهمي حجازي(١٩٩٣) ، الاسس اللغوية لعلم المصطلح، دار الغريب، القاهرة.
١١٣.مراد كامل(١٩٦٨) ، اللهجات العربية الحديثة في اليمن، القاهرة.
١١٤.ممدوح محمد خسارة(٢٠٠٨) ، علم المصطلح و طرائق وضع المصطلحات، دار الفكر، دمشق.
١١٥.مهدي صالح سلطان الشمري(٢٠١٢) ، في المصطلح و لغة العلم، كلية الاداب، جامعة بغداد.
١١٦.هشام خالدي(٢٠١٢) ، صناعة المصطلح الصوتي في اللسان العربي الحديث، دار الكتب العلمية، بيروت.
١١٧.وجيه حمد عبدالرحمن( ١٩٨٢) ، اللغة ووضع المصطلح الجديد، مجلة اللسان العربي، المجلد التاسع عشر، الجزو الاول .

## بەزمانی ئینگلیزی:

118. Alain, R (1979):La Terminologie noms etnotions, que sais-je? Prwsses universitairesde france,paris.
119. Cabre,Mt(1999), Terminology : Theory, Methode, And Applications/ M.teresa C.Sager: translated By Janet Ann Decesaris.
120. Depecker.L(1998), Lere de la terminologie informationnelle , Dans Revue francaise de Linguistique applique, Vol.3,N2,.
121. Gaudin.f,Cool(1993), Sociterminologie:au Sighe sens, Construction d un champ, Meta,vol.38N.2,Monted,.
122. Gouddec,D. (1990), Terminologie Constitutions des donnees-afnor gestion-Paris.
123. Guy, R. & Juan Carlos Sager, eds.(1986), Terminologie et cooperation internation. Qubec: Girsterm.

124. Laurel. J . Brinton & Elizabeth C. Traugott(2005), Lexicalization and language Change Cambridge: Cambridge University Press.
125. Lerat.P coll (1995), Les langues specialisees, Linguistique nouvelle presses univesitaires de france, Paris.
126. Rondeau.G(1981), la terminologie, Girsterm, Universite Laval.
127. Wuster.E(1981), Letude scientifique generale de la terminologie, Girsterm Universite Laval- Quebec.

# ملخص البحث

تتناول هذه الدراسة الموسومة بـ (اقتراض المصطلح واستعماله في الكلام والكتابة) دراسة وصفية تحليلية . قضية اقتراض المصطلح من اللغات الاخرى ، واللغة الكوردية كغيرها من اللغات الحية بحاجة إلى إقتراض المصطلح، وذلك لأن التطور الحاصل في التكنولوجيا والدور التجاري والأقتصادي واختلاطها بغيرها من اللغات ، ومن خلال تبادل المعلومات والمفاهيم مع غيرها من اللغات ، هذه الأسباب وغيرها مجتمعة أدَّت الى صعوبة ايجاد مصطلحات كافية شافية ، اذ لا يوجد تطابق ولا تناسب بين عدد المفاهيم العلمية المتنامية وعدد المصطلحات التي تُعبر عنها، ولهذا تلجأ الى التعبيرعن المفاهيم الجديدة بالوسائل الصرفية والدلالية ، ويُعدُّ الإقتراض اللفظي وسيلة اخرى من الوسائل التي تلجأ اليها اللغة الى أن تجد لها الفاظ مناسبة للمفاهيم الجديدة ونظراً لأهمية هذا الموضوع وأهميته في خدمة اللغة أخترناه موضوع بحثنا هذا .

و تتكون الرسالة من مقدمة وثلاثة فصول ونتائج واقتراحات

الفصل الاول يتكون من ثلاثة مباحث ، المبحث الاول فيه يهتم بتعريف ومفهوم المصطلح وأهميته ، وموقعه في لغة العلم واللغة العامة ومدى اختلافه عن الكلمة التي تستعمل في حياتنا اليومية ،والمبحث الثاني يتحدث عن علم المصطلح والجوانب التي يهتم بها وأبرز المدارس المصطلحية وأهم النظريات العامه لهذا العلم . أما المبحث الثالث فيتعلق بدور المصطلح في إغناء اللغة والقاموس بمفردات جديدة ، إذ إن القاموس حسب هذا النوع يكون على نوعين ، الأول القاموس العام والثاني القاموس الخاص (الخاص بأحد العلوم) ،وتحدثنا فيه عن تأثير كل منهما على الآخر وتبادل دخول المفردات بين النوعين ، و كذلك بيَّنا في هذا المبحث دور اللهجات الكوردية في إغناء القاموس واستعمال كلماتها في التعبير عن بعض المفاهيم الجديدة وكيف أن المصطلح يستطيع أن يوحد المفهوم الواحد بين اللهجات.

وتناول الفصل الثاني من الدراسة تاريخ وبدايات وضع المصطلح في اللغة الكوردية ، ويتكون من خمسة مباحث ، المبحث الاول يدرس مراحل التطور المصطلحي في اللغة

الكوردية ، أما المبحث الثاني فَشُرِح فيه مشكلة تعدد اللهجات والمشترك اللفظي والمشترك المعنوي في النظام المصطلحي ، وخُصص المبحث الثالث لطرق توليد المصطلح ، في حين كان المبحث الرابع فيه تسليط الضوء على الاخطاء الشائعة لصناعة الكلمة ، والمبحث الخامس كان في العلاقة بين الترجمة وعلم المصطلح واختلافهما كعلمين مختلفين واشتراكهما في بعض الأمور .

أما الفصل الثالث والأخير ضمن هذه الدراسة ، فقد خُصِصً لإقتراض المصطلح الاجنبي في اللغة الكوردية ، و يتكون من ستة مباحث ، تطرق المبحث الأول إلى الحديث عن المصطلح الاجنبي وواقعه قديماً وحديثاً في اللغة والأسباب المؤدية للاقتراض من اللغات الأُخرى ، وتناول المبحث الثاني تأثير بعض اللغات على اللغة الكوردية ونتائجها الايجابية والسلبية على اللغة ، في حين تناول المبحث الثالث عملية الاقتراض الحاصلة في هذه اللغة ضمن المستويات الاربعة للغة ( الصوتيه ، الصرفيه ، النحويه ، الدلاليه ) ، ومن الواضح بأن لكل لغة شروط وأحكام للأقتراض اللفظي من واجب المصطلحي اتباعه وكان هذا موضوع المبحث الرابع من الدراسة ، اما المبحث الخامس فَخُصِصَ لعملية الاقتراض ضمن الشروط والاحكام الصوتية والصرفية للغة ، وعرض المبحث السادس والأخير من هذا الفصل عدداً من المصطلحات الأجنبية الشائعة والمقترضة من عدة لغات .

وينتهي البحث بالنتائج والأقتراحات التي توصل اليها الباحث من خلال هذه الدراسة.

# Abstract

This study, entitled (Borrowing Word and its Use in Spoken and Written Language), is a theoretical and applied study. The issue of borrowing term from other languages, and the Kurdish language like any other living languages needs to borrow the term, is needed because with the development of technology, the business, economic role, mixing different language families, and through the exchange of information and concepts with other languages difficulty of finding sufficient terms can be observed, as there is no mismatch between the number of growing scientific concepts and the number of terms that are expressed. Therefore, the expression of new concepts by morphological and semantic means, and verbal borrowing is another means that any language should find the words which are suitable for new concepts; as this will give the importance of this topic and its importance in the service of language.

The thesis consists of an introduction, three chapters, and conclusions and suggestions. The first chapter consists of three sub-sections, the first one deals with the definition, concept of the term and its importance, its location in the language of science and the general language, and how it differs from the word used in our daily lives. The second section talks about the terminologies in science, the aspects that are interested in the most prominent terminology schools, and the most important general theories of this history. The third sub-section relates to the role of the term in enriching the language and the dictionary with new vocabulary. The dictionary according to this type is of two poles, the first is the general dictionary and the second is the specific dictionary (for one of the sciences), in which it talks about the influence of each other on the exchange of vocabulary entry between the two types. In the current paper, it is also shown the role of Kurdish dialects in enriching the dictionary and using its words to express some new concepts and how the term can unite a single concept between dialects.

The second chapter talks about the history and beginnings of the term in the Kurdish language. It consists of five sub-headings. While the fourth sub-heading is to highlight the common mistakes of the word industry; moreover, the fifth sub-heading is in the relationship between translation and terminology and their differences in different aspects and their involvement in some criteria.

The third and final chapter in this study is devoted to borrowing the foreign term in Kurdish language, and it consists of six sub-headings; the first section addresses the speeches in the foreign term, its reality in the old and new language, and the reasons leading to borrow from other languages; additionally, the second section deals with the impact of some languages on Kurdish language and its positive and negative results on the language; while, the third section deals with the borrowing process in this language within the four levels of the language (phonetic, morphological, grammatical, and semantic). It is clear that each language's terms and conditions for verbal borrowing of the terminology can be highlights as this is the subject of the fourth section of the study. Moreover, the fifth section is about borrowing process to dedicate within the conditions and sounds in morphological language and its judgments; in addition, as it displays in the sixth and final section of this chapter, a number of common foreign terminologies borrowed from several languages can be shown.

The research concludes with the results and suggestions which are reached by the researcher through this study.